ڕۆمان

# قرچۆك

ڕۆمان

# قرچۆك

کەمال سەعدی

هەولێر/ ٢٠٢٣

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

**قرچۆك (رۆمان)**

- نووسین: کەمال سەعدی
- نەخشەسازیی ناوەوە: گۆران رواندزی
- بەرگ: هۆگر صدیق
- نرخ: (٤٠٠٠) دینار
- چاپ: (یەکەم) ٢٠٢٣
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- چاپخانە: هێڤی (هەولێر)
- لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٩٨٨)ی ساڵی (٢٠٢٢)ی پێدراوە

زنجیرەی کتێب ( ١١٠٣)

**ماڵپەر:** www.mukiryani.com

**ئیمێل:** info@mukiryani.com

# پارچه زەوییێکم لە شارەوانی وەرگرت

کە ژنم هێنا، ماوەیەك لە گەڕەکی موفتی خانووم بەکرێ گرت، دەردی کرێچیاتی زۆر گرانە، کێشەم لەگەڵ کات بوو، پێش ئەوەی کرێی بم کات نەدەڕۆیشت و لە بەر چاوم درێژ دەبۆوە، کە بوومە کرێچی ماوەی مانگ هێندە کورت دەبۆوە دەتون بەرەکەتی تیا نەماوە، زوو دەهات. مووچەکەم زۆر کەم بوو، دەبوو نیوەی بدەمە کرێی خانوو و نیوەکەی تریشی تا سەری مانگ پێی بەڕێ بکەم. منداڵێکی شیرەخۆرم هەبوو، تەنها خەرجی شیر و پێداویستییەکانی تری بە قەدەر نیوەی خەرجی هەموومان بوو.

ڕۆژانە کە دەچوومە دەوام، هەر بیرم لای خاوەن خانەوەکەمان بوو، لە بیری خۆمدا دەموت (ئەگەر قوژبنێکم هەبا تیایدا بژیم، خەمی سەری مانگم نەدەبوو، مرۆڤ شوێنێکی هەبێت تیایدا بسەکنێت، دەتوانێ بە نان و ئاو بژیت).

خەمی من تەنها ئەوەندە نەبوو، بەڵکو لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان هێندەی تر خەمەکانم زیاد دەبوون. ئەو خانوەی کە بە کرێمان گرتبوو، دیوارەکانی لە بلۆك دروست کرابوون، سەریشی بە جەمەلۆن گیرابوو، کە وەرزی زستان دەهات، لە درزی بلۆکەکان لە هەموو لایەکەوە با بە تەوژم دەهاتە ژوورەوە و هەراسانی دەکردین، ڕۆژەکانی تریش کە باران دەباری، لە کونەکانی جەمەلۆنەکە لە هەموولایەك ئاو بە دلۆپە دەهاتە خوارەوەن ئەگەر قاپ و قاچاغمان لە بەری دانەنابا، ژێر ئاو دەکەوتین. هەر بەوەندەش لێی نەدەگەڕاین، خۆم و هاوسەرەکەم تاکو بەیانی ئێشکگر بووین، نەوەك جامەکان پڕ بن و ئاویان لێ بڕژێت، ناوە ناوە بەتاڵمان دەکردن.

ماوەی ساڵێکمان بەم دەردە سەریە بەڕێ کرد، ڕۆژێك چوومە فەرمانگەکەم، گوێم لە فەرمانبەرەکان بوو دەیانوت شارەوانی زەوی بە سەر فەرمانبەران

دابەش دەکات، ئەوەی خزمەتی زۆر بێت و پێشتر سوودمەند نەبووبێت هەلی وەرگرتنی لەوانی تر زیاتر دەبێت.

هەرچەند من پێشتر لە وەرگرتنی زەوی سوودمەند نەبوو بووم، بەلاّم خزمەتەکەم لە چاو ئەوانی تر زۆر کەم بوو، بۆیە هیچ ئومێدێکم نەبوو بە پێی ئەو مەرجانەی شارەوانی زەوی وەربگرم.

ئەو فەرمانبەرانەی کە خزمەتیان زۆر بوو، لە خۆشیان ئۆقرەیان نەبوو، منیش لە خەفەتان لێوەکانی خۆم دەکرۆشتەوەن لە بیری خۆمدا دەموت (خزمەتی زۆر بۆ ڕۆژێکی وا باشە، ئەگەر منیش وەکو ئەوان خزمەتم هەبایە باکم بە هیچ نەدەبوو، فۆرمم پڕ دەکردەوە و لە دەست کرێچیاتی ڕزگارم دەبوو، پارەم لە بانقی زەوی و زار وەردەگرت و خانوێکی بچکۆلانەم بۆ خۆم دروست دەکرد و خۆم و خانەوادەکەم تیای دەحەساینەوە).

من لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، سەرۆکی بەشەکەمان پێی وتم: خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە، بیر لە چی دەکەیتەوە؟

وتم بیر لە وەرگرتنی پارچە زەوییێك دەکەمەوە، ئەگەر منیش وەکو ئەو فەرمانبەرانە خزمەتم زۆر بایە ئێستا فۆرمی وەرگرتنی زەویم پڕ دەکردەوە.

کە ئەمەم وت، لە شوێنی خۆی هەستا و لێم نزیك بۆوە، دەستی خستە سەر شانم و وتی: خەفەت مەخۆ، ساڵ بە خێرایی دەڕوات، ڕۆژی تۆش دێت، ئەم پرۆسەیە بەردەوامە و ساڵانە شارەوانی زەوی بە سەر فەرمانبەراندا دابەش دەکات، ڕۆژێك دێت تۆش وەکو ئەوانی تر زەوی وەردەگریت.

منیش وتم: تا ئەو ڕۆژە دێت، لە خەفەتی کرێچیاتی و سەرماو سۆڵی ئەو ئەو کەلاوەیەی کە تیایدامە سەرم سپی دەبێت.

وتی: تۆ باسی چی دەکەیت، کەلاوەی چی؟!

وتم: ئەو خانوەی کە بەکرێم گرتووە، هەر بەناو خانووە، لە ڕاستیدا کەلاوەیە، دیوارەکانی لە بلۆك دروستکراون، نە لە دەرەوە لەبخ کراوە، نە لە ژوورەوەش گەچ کراوە، بۆیە لە وەرزی زستاندا لە هەموو لایەك هەوای ساردی لێ

دێته ژوورەوە، هەر ئەوەندەش نا، بەڵکو لەجیاتی کۆنکریت سەری بە جەمەلۆن گیراوە، بۆیە کە باران دەبارێت دڵۆپە دەکات. خۆزگە هەر ئەوەندەش بوایە، خۆشم نازانم بۆچی بە خێرایی سەری مانگ دێت و خاوەن خانوو بۆ وەرگرتنی کرێیەکەی یەك ڕۆژ لە سەرمان ڕاناوەستێ.

کە ئەمەم وت، بەزەیی پێم هاتەوە، دەستی گرتم و منی بردە لای بەرپرسی فەرمانگەو بە درێژی وەزعی منی بۆ گێرایەوە.

هەر خۆی ئەو شوێنەی من کارم لێی دەکرد، ئەمینداریێتی گشتی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان بوو، گشت بەڕێوەبەرێتییەکانی شارەوانی لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك سەر بە ئێمە بوون، بۆیە بەرپرسی فەرمانگەکەمان دەسەلاتێکی زۆری بەسەریانەوە هەبوو.

ڕووی تێ کردم و وتی: خۆت دەزانی دابەشکردنی زەوی بەپێی ساڵی خزمەتە و تۆش ماوەیەکی کەمە دامەزراوی، من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

منیش وتم: تۆ تەنها بە نووسراوێك داواکاریەکەم بۆ شارەوانی هەولێر بەرز بکەوە.

ئەویش وتی: ئێمە لایەنی بالآین، دەبێ فەرمانیان پێ بکەین، نەك داواکاریان بۆ بەرز بکەینەوە.

منیش وتم: کەواتە شتێکی وەهام بۆ بکە نە شیش بسووتێ و نە کەباب.

بە پێکەنینەوە وتی: ئەمە مانای چیە؟

پێش ئەوەی من وەلآمی بدەمەوە، بەرپرسی بەشەکەمان وتی: گەورەم تۆ تەنها ئیمزایەك بکە، ئەوەی تر بۆ من بەجێ بێڵە، خۆم دەزانم نووسراوێکی چۆنی بۆ دەکەم، تۆ ناتەوێ شتێکی وا بکەم، قسەمان نەیەتە سەر؟

وتی: منیش ئەوەم دەوێ، لە قسەو قسەلۆك دەترسم، نامەوێ بڵێن ئەمینداری گشتی سنووری خۆی بەزاندووە و یاسا پێشێل دەکات.

بەرپرسی بەشەکەشمان وتی: جەنابتان من باش دەناسن، تاکو ئێستا هیچ کارێکم کردووە کە جێگەی نیگەرانی جەنابتان بێت؟

ئەویش وتی: ئەگەر شتێکی خراپم لێت دیتبا، پێم دەوتی.

ئەمەی وت و لە چەکمەجەکەی بەردەمی کاغەزێکی سپی دەرهێنا، دایە دەستم وتی: هەر ئێستا داواکارییێکم بۆ بنووسە و وەزعی خۆتی تیا ڕوون بکەوە، نووسراوێکت بۆ شارەوانی بۆ دەکەین، بەلاّم دلّنیا نیم ئایا لە سەر قسەی ئێمە زەویت پێ دەدەن یان نا.

منیش وتم: ئەگەر زەویشم پێ نەدەنن هەر سوپاسگوزارتان دەبم، چونکە بەو هەلّوێستە جوامێرەتان هاوخەمم بوون و بەشێکتان لە خەمەکانم ڕەواندەوە.

ئیتر ئەوەبوو لە گۆشەیەکی ژوورەکەی دانیشتم و داواکاریەکەم بۆی نووسی و دامە دەستی. ئەویش شتێکی لەسەر نووسی و ئیمزای کرد و دایە دەست سەرۆکی بەشەکەمان و پێی وت: هەر بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ئاگادارت بکەمەوە، بەڕێوەبەری زەوی و زار مۆلّەتی وەرگرتووە، تاکو دێتەوە ئیشوکارەکانی ئەویش ڕایی بکەو لە شوێنی ئەو ئیمزا بکە.

بەم شێوەیە، هاتینە دەرەوە و گەڕاینەوە شوێنەکەی خۆمان.

ڕووم لە سەرۆکی بەشەکەمان کرد و پێم وت: ئەمینداری گشتی بۆچی وتی دلّنیا نیە لەوەی کە زەویم پێ دەدەن یان نا، ئەی ئەو بەرپرسی بالاّ نیە؟

وتی: بەو شێوەیە نیە کە تۆ دەیزانی. ڕاستە ئەو ئەمینداری گشتییە و گشت شارەوانیەکانی ناوچەکە لە ژێر دەسەلاّتی ئەو دانە، بەلاّم دەسەلاّتەکانی ئەویش سنووردارە بە یاسای پارێزگاکان.

منیش وتم: مەبەستت چیە لە یاسای پارێزگاکان؟

وتی: بە کورتی هەندێك لە دەسەلاّتەکانی ئەو هاوبەشن لەگەلّ دەسەلاّتەکانی پارێزگارەکان. بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە دابەشکردنی زەوی و زارەوە هەیە، دەبێ کۆنووسی ئەنجوومەنی شارەوانی لە لایەن پارێزگارەوە پەسند بکرێت، ئینجا کاری پێ بکرێت.

که ئەمەی وت، حەپەسام، لە دڵی خۆمدا وتم (بۆیە ئەو داماوە نەیدەزانی چۆن وەڵامی سەرۆکی بەش بداتەوە، تومەز دەسەڵاتی نیە زەویم پێ بدات، بۆیە نەیدەزانی چی بڵێت).

من لەو بیرکردنەوەیە دا بووم، سەرۆکی بەشەکەمان وتی: دەزانم خەیاڵت بۆ کوێ ڕۆیشتووە، خەفەت مەخۆ، دونیا بە ئومێد خوراوە، بزانە نووسراوێکی چۆنت بۆ دەکەم، ناڵێم سەدی سەد دەکرێ، بەڵام گومانم لەوەدا نیە لە سەدا نەوەت و نۆ دەبێت.منیش وتم: ئەو لە سەدا یەکەت بۆچی هێشتۆتەوە؟

وتی: ئەوەیان دەکەوێتە سەر شانی خۆت، تا چەند دەتوانی قەناعەت بە بەڕێوەبەری شارەوانی بهێنیت تا ناوت بخاتە ناو لیستی دابەشکردنی زەویەکان.

کە وای وتن هەناسەیەکم هاتەوە بەر و هەندێك ڕامان، بیرم لە واسیدەیەك دەکردەوە کە لە شارەوانی کارەم بۆ ڕایی بکات.

کچی مامم مامۆژنی بەڕێوەبەری مڵکەکانی شارەوانی بوو، ڕێزێکی زۆری لای کەسوکاری پیاوەکەی هەبوو، چونکە باوکی مەلایەکی دیاری دەشتی هەولێر بوو.

بۆیە بە باشم زانی پێش ئەوەی بچمە شارەوانی، سەردانی ئامۆزاکەم بکەم و داوای لێ بکەم کە تەلەفۆن بۆ کوڕی برای هاوسەرەکەی بکات و لای ئەو واسیدەم بۆ بکات.

بە هەرحاڵ، سەرۆکی بەش نووسراوێکی بۆ کردم، بە زمانە ئەدەبیە بەهێزەکەی و بە داڕشتنێکی جوان و کاریگەر ڕازاندیەوە، هەرچەند بە ڕاشکاوی پێی نەوتبوون کە پارچە زەوییێکم پێ بدەن، بەڵام بە شێوەیەکی مەجازی ئەمەی پێ ڕاگەیاندبوون.

پاش ئەوەی نووسراوەکەی بردە لای ئەمینداری گشتی و پێی ئیمزا کرد، دایەوە دەستم و وتی: ئەم نووسراوەی کە بۆ تۆم نووسیوە، شارەزایی تەمەنی خۆمم هەمووی لە نووسینەوەیدا بەکارهێناوە. زۆرم بیر لێ کردەوە، لەو دەستەواژانەی کە بۆ تۆم نووسیوە، باشترم نەدۆزیەوە. هیوادارم توانیبێتم

پەیامەکەم گەیاندبێ، کە ئەمینداری گشتی مەبەستییەتی پارچە زەویێکت پێ بدرێت.

منیش وتم: ئەوەی لە سەر شانت بوو بۆ یارمەتی دانی من درێغیتان نەکرد، ئەوەی تریش لای خوایە، ئەگەر ویستی لە سەر بێت، دەبێت، دەنا نابێت.

نووسراوەکەم بردە بەشی ئەرشیف و ژمارەی دەرچوونم لە سەر داناو خستمە ناو گیرفانم. کە گەڕامەوە ماڵ، لە خۆشیان پارووی نان لە قوڕگم نەدەچووە خوارەوە. بە پەلە نانم خوارد و ملی ڕێگای گەڕەکی وێستگەی شەمەندەفەرم گرتە بەر و چوومە ماڵی ئامۆزاکەم. دوای چاك و چۆنی و بەخێرهێنان، بە ئامۆزایەکەمم وت: ئامۆزا بۆ داوایەك هاتوومەتە لات، داوای شتێکت لێ دەکەمن ئەگەر بۆمی بکەیت، بە حەجێك هەیە و تاکو مردن سوپاسگوزارت دەبم.

ئەویش وتی: شتێك بە من بکرێ چۆن بۆت ناکەم؟

منیش وتم: لە فەرمانگەکەم نووسراوێکیان بۆ کردوومە کە ەپارچە زەویێکم پێ بدەن، بەلاَم ئەم کارە هەندە ئاسان نیە، ئەگەر واسیدەیەکی لەگەڵ نەبێت.وتی: من سەرم لە کاری حکومەت دەرناچێت، پێم بڵێ من دەتوانم چیت بۆ بکەم؟

وتم: ئەو کەسەی کە دەچمە لای، برازای مەلا عەبدوڵڵی هاوسەرتە و هەموو شتێك بە دەستی ئەوە. ئەگەر تەلەفۆنێکی بۆ بکەیت و داوای لێ بکەیت، کارەکەم ڕایی دەبێت، دەنا ماندوو بونم بەلاش دەڕوات.

کە ئەوەم وتن بە پێکەنینەوە وتی: ئەوە لە کەیەوە عومەر هەندە گەورە بووە ئیشی خەرکی پێ بکرێ؟

وتم: ئەو بەڕێوەبەری موڵکەکانی حکومەتە، لە شوێنی خۆی کول ڤ کولە.

وتی: دەتەوێ چیت بۆ بکات؟

وتم: نووسراوێکم بۆ کراوە زەویم بۆ تەرخان بکەن، ئەگەر ئەو ویستی لە سەر بێت، لە ئاو خواردنەوە ئاسانترە، دەنا هەموو هەوڵ و تەقەلاَکانم بە فیڕۆ دەچێت

و دەبێ چەند ساڵێکی تریش چاوەڕێ بکەم تا پارچە زەوییێك لە شارەوانی وەردەگرم.

وتی: عومەر زۆر ڕێزم لێ دەنێت، هەر جارێك بێتە لای مەلا عەبدوڵڵای مامی دەستم ماچ دەکات و دەڵێ مامۆژن من لە جێی کوڕەکانتم و هەر ئیشێکت هەبێت فەرمانم پێ بکە بۆتی دەکەم.

ئەمەی وت و دەستی دایە تەلەفۆنەکە و تەلەفۆنی بۆ کرد و پێی وت: عومەر ئەوە بۆچی بە ئێمەت نەوتووە کە گەورە بوویت، ئێستا لە ئامۆزاکەمم زانیوە کە بوویتە بەڕێوەبەری موڵکەکانی شارەوانی. باش گوێم لێ بگرە، ئەو ئێستا لەلامەن نووسراوێکی پێیە، بەیانی دێتە لات، مەڵێ چیە وەیان چۆنە، هەردوو چاوەکانت دەنووقێنیت و بۆی ئیمزا دەکەیت. هەر ئەوەندەشم لێت ناوێ، بەڵکو دەبێ پارچە زەوییێکی باشی بدەیتێ.

ئەمەی وت و تەلەفۆنەکەی دانایەوە و ڕووی تێ کردم و وتی: کوڕم مەراق مەخۆ، مادام ئەو ئیشەی تۆ لای عومەرە، وابزانە بۆت کراوە، چونکە عومەر قسەی من ڕەت ناکاتەوە.

ئیتر ئەوەبوو، بە دڵێکی خۆش گەڕامەماڵەوە و بە هاوسەرەکەمم وت: هەواڵێکی خۆشم پێیە.وتی: چیە؟

وتم: لە کرێچیاتی ڕزگارمان دەبێت و دەبینە خاوەنی خانووی خۆمان.

کە ئەمەم وت، بە پێکەنینەوە وتی: دیسان دەستت بە قسەی گەورە کردەوە.

منیش وتم: گاڵتە ناکەم، لە تەپە تەپی جەمەلۆن و گڤە گڤی باو باران و دڵۆپەی ئاو ڕزگارمان دەبێت و دەبینە خاوەنی خانووی خۆمان.

وتی: ئەگەر ماڵی باوکیشت دەوڵەمەند بوونایە بڕوام پێ دەکردی، دەموت باوکت مردووەو میراتێکی باشت بۆ ماوەتەوە، پێم ناڵێی بەچی خانوو دروست دەکەیت؟!

منیش بە درێژی چیرۆکی ئەو ڕۆژەم بۆی گێڕایەوە و پێم وت: بەیانی دەڕۆمە لای بەڕێوەبەری موڵکەکانی شارەوانی، نووسراوەکەی بۆ دەبەم ناگەڕێمەوە تا کارەکەم جێبەجێ نەکەم.

ئەویش وتی: تەنها بەڵێنیان پێت داوەن بەهارت هێناوەتە چۆکان، کێ دەڵێ ئەو بەرپرسە ئیشەکەت بۆ دەکات؟

منیش وتم: بە گوێچکەکانی خۆم گوێم لێ بوو، بە ئامۆزایەکەمی وت (تۆ فەرمان دەکەیت مەلا ژن، بەیانی با بێتە لام، پارچە زەوییێکی باشی بۆ تۆمار دەکەم).

کە ئەمەم وت، دەمێك داماو هیچ قسەی نەکرد، دوای تۆزێك ڕووی تێ کردم و وتی: گریمان زەویشت وەرگرت، ئەی بە چی خانوو دەکەیت، ئێمە یەك فلسی سووری پاشەکەوتمان نیە.

وتم: با من زەویەکە وەربگرم، ئەوکات بۆ دروستکردنی خانووەکەش بیری لێ دەکەمەوە.

وتی: خۆزگەم بە دڵی خۆت، تەڕ دونیات بە فشە بردۆتە سەر، چاك نیە تۆ ئەم خەیاڵە خۆشانەت هەن، من بە خەونیش خۆشی نابینم.

ڕۆژی دواتر چومە فەرمانگەکەمان و مۆڵەتێکی کاتیم وەرگرت و چوومە فەرمانگەی شارەوانی.

فەرمانگەی شارەوانی هەولێر لە فەرمانگەکەی ئێمە زۆر دوور نەبوو، لە نزیك فلکەی ئاوی کەسك و سۆر بوو، بە پێیان یاغر یاغر بۆی چوم.

کە گەیشتمە ئەوێ، بەرپرسی موڵکەکانی شارەوانی چاوەڕێی دەکردم، کە چاوی پێم کەوت، وتی: چاك بو زوو هاتی.

ئەمەی وت و فایلێکی لە سەر مێزەکەی هەڵگرت و پێی وتم: ئەم فایلە دەبینی، ئەوە کۆنووسی دابەشکردنی زەوی و زاری تیایە، دەبێ هەر ئەمڕۆ بۆ بەڕێوەبەری شارەوانی ببەم تا فەرمانی پێ دەربکات.

له درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەوانەی زەویان بۆ دەرچووە، مێشکیان کون کردوومە ئەوەندەی تەلەفۆنم بۆ بکەن و بڵێن دابەشکردنەکە چی لێهات.

منیش نووسراوەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و دامە دەستی و پێم وت: تا ماوم لە چاکەت دەرناچم.

ئەویش وتی: من بۆ تۆی ناکەم، بۆ مامۆژنمی دەکەم، یەکەم جارە داوایەکی وەهام لێ بکات، ناتوانم قسەی بشکێنم، دەنا لە ژیانمدا سەرپێچییێکی وەها گەورەم بۆ کەس نەکردووە.

بە هەرحاڵ، کۆنووسەکەی لە ناو فایلەکەی دەستی دەرهێناو دەمبووسەکەی لێ کردەوە و سەر لە نوێ پەڕاوەکانی خستەوە بەر ئامێری چاپکردن و کاربۆنی خستە نێوان لاپەڕەکان و لە کۆتایی لیستەکە ناوی منی زیاد کرد و ژمارەی پارچە زەویەکەشی لە بەردەم ناوەکەم نووسی.

کە لە چاپکردنەکە بۆوە، کاربۆنەکانی نێوان کاغەزەکانی دەرهێناو جارێکی تر هەموویانی بە دەمبووسێك لێك بەستنەوە.

ئەوەی جێگەی سەرنج بوو، لە خوارەوەی کۆنووسەکە گشت ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی ئیمزایان کردبوو، تەنانەت ئیمزای پارێزگاریشی لە سەر بوو، کۆنووسەکەی پەسند کردبوو.

کۆنووسەکە بە ڕەنگی ڕەش چاپ کرابوو، بەرپرسی موڵکەکانی شارەوانی لە پەلەییان کاربۆنی شینی بۆ زیادکردنی ناوی من بەکارهێنابوو، بۆیە زۆر ترسام کە ئاشکرابێت و ڕیسم لێ ببێتەوە خوری، بەلاّم هیچ دەنگم نەکرد، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر سەرنجی ئەو بۆ ئەو هەڵەیەی کە کردوویەتی ڕابکێشم، لەوانەیە هەموو کۆنووسەکە سەرلەنوێ چاپ بکاتەوە و جارێکی تر بۆ ئەنجوومەنی شارەوانی و پارێزگار بینێرێتەوە، لەو حاڵەتەشدا ناچار نیە ناوی من زیاد بکات و کێشە بۆ خۆی دروست بکات). بۆیە وێڕای ئەو دوو دڵیەم خۆم بێ ئاگا کرد و دەنگم نەکرد.

بەر لەوەی کۆنووسەکە بباتە لای بەڕێوەبەری شارەوانی، پێی وتم: دەزانی تۆ لە هەموو ئەو فەرمانبەرانەی کە بە هەقی خۆیان زەویان بۆ تەرخان کراوە بەختت باشترە؟

وتم: چۆن؟

وتی: ئەم پارچە زەویەی بۆ تۆم تەرخان کردووە، شوێنەکەی لە هەموو زەویەکانی تر باشترە، بۆ ناسیاوێکی پارێزگارم دانابوو، ماوەیەك پێش ئێستا جەنابیان داوای لێ کردم وتی (ئەگەر ئەمجارە زەویتان بۆ دابەشکردن ئامادەکرد، پارچە زەوییێکی باشم بۆ دابنێ، بۆ ناسیاوێکی نزیکی خۆمە).

منیش وتم: ئەگەر پارێزگار بیری بێتەوە و داوای زەویت لێ بکات چی دەکەیت؟

وتی: خەمی منت نەبێ، حیسابی ئەوەم کردووە، چەند پارچە زەوییێکی تریشم وەلاوە ناوە بۆ چاکەو پیاوەتی لەگەڵ ئەو بەرپرسانە.

ئەمەی وت و ڕووی تێ کردم و وتی: ئێستا ئەم کۆنووسە دەبەمە لای بەڕێوەبەری شارەوانی، ڕەزامەندی وەردەگرم بۆ دەرکردنی فەرمانێکی کارگێڕی. دوای ئەوەی فەرمانەکە دەردێنم، ئاگادارتان دەکەینەوە کە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زەوی و زار بکەن بۆ بەناوکردنی زەویەکان.

بەرلەوەی ماڵئاوایی لێ بکەم، پێم وت: وەرزی هاوینان لە هاوینەهەواری پیرمام دەوام دەکەم، سەرپەرشتی لە سەر گشت خانووە گەشتیارییەکانی ئەوێ دەکەم، هەرکاتێك خانوت بوێ، لە خزمەتت دام و بەبێ بەرامبەر خانوت دەدەمێ.

کە وام وت، زۆر کەیفی هات، وتی: شتێکی باشە، من و هەندێك هاوڕێم هاوینان لە پیرمام خانو دەگرین و لەجیاتی ئەوەی ئێواران لە شەقامەکان بسوڕێینەوە، دەچینە ئەوێ و تکە و کەباب دەخۆین و یاری کۆنکانیش دەکەین.

منیش وتم: تا من بەرپرسی ئەو خانوانە بم، لە خزمەتت دام.

# چۆن لە نزیکەوە عومەر قرچۆکم ناسی

دوای چەند ڕۆژێك لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی هەولێر ئاگادار کرامەوە کە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زەوی و زار بکەم بۆ بەناوکردنی زەویەکەم.

کە ڕۆیشتمە بەڕێوەبەرایەتی تۆماری زەوی و زار، عومەر قرچۆکم لەوێ بینی، دیار بوو ئەویش ناوی لە هەمان لیست دابوو.

عومەر قرچۆك بەژن و باڵای کورت بوو، تا ناوقەدی لە پیاوێکی چوارشانەی دەکرد، بەڵان لە خوار ناوکییەوە کەسێکی سروشتی نەبوو، دوو قاچی کورتی هەبوو، هەروەها سمتی نەبوو، بۆیە برادەرەکانی پێیان دەوت (پاشۆل سەیانی).

کە چاوی پێم کەوت وتی: ناکات تۆش زەویت بۆ دەرچووبێت؟

وتم: بەڵێ وایە.

کە ئەمەم وت، هەناسەیەکی درێژی هەڵکێشا و بە دەنگێکی بەرز وتی: پەکو من قونم دڕا ئەوەندەی خزمەت بکەم، تۆ لە چاو من دوێنێ دامەزراوی، کەچی هاتیتە سەر حازری و لەگەڵ ئێمە زەوی وەردەگریت!

منیش وتم: خۆ بە ساڵی خزمەتکردن نیە، دیارە لەبیرت چووە کە ئەوە ئێمەین زەوی بۆ تۆو فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی تر دابین دەکەین.

وتی: خۆ خێرمان پێ ناکەن، ئەگەر ئێمەش نەبین، دەبێ جەژن و جەژن مریشك بخۆن و بۆ هێلکەش سەرە بگرن.

منیش وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەوەشت لە بیر نەچێت تۆ بە حوکمی ئەوەی بەڕێوەبەری فرۆشتنی بەروبوومە پەلەوەرییەکانیت لە پەلەوەرگای هەولێر، هەفتەی جارێك پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەت پڕ دەکەیت لە مریشك و هێلکە،

ئێمەش زەقەی چاومان دێت تا دوو مریشك و دەستە هێلکەیەك لە ئۆرزدی باك وەردەگرین، دەبێ لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ سەرە بگرین.

پارچە زەوییەکەم بە ناوی خۆم کرد و سەنەدی بەناوکردنەکەم خستە ناو گیرفانم و گەڕامە ماڵەوە.

کە گەیشتمە ناو دەرگا، هاوسەرەکەم پێی وتم: شێر بوویت یان ڕێوی؟

وەك ئاماژەیەك بۆ مەسەلەی وەرگرتنی زەوی ئەمەی پێ وتم.

منیش وتم: من هەردەم شێر بوومەن جارێك بینیوتە ڕێوی بم؟

وتی: تۆ ڕاست دەکەیت، لەوەتی هاوسەری تۆم دونیات هەر بە فشە وەرگرتووە و خوداش بە دڵی خۆت پێی داویت.

سەنەدی زەویەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و پیشانم دا و وتم: دڵت ئاسوودە بوو، بووینە خاوەن زەوی؟

وتی: چی لە زەوی بکەم ئەگەر دوو فلس لە ماڵەوە شك نەبەین و توانامان نەبێ خانوێکی بچوکی لە سەر دروست بکەین.

منیش وتم: خەمی ئەوەت نەبێ، چۆن ئەو زەویەم وەرگرت، ئەوهاش خانوەکەی لە سەر دروست دەکەین.

وتی: هیچ سەرم لە تۆ دەرناچێت، خۆ داری موسات پێ نیە، هەرچییێکی داوای بکەیت، خودا پێتی بدات!

منیش وتم: مادام خودا ئەقڵی پێ داوم، بەکاری دەهێنم و سەرچاوەیەکی دارایی دەدۆزمەوە خانووەکەی پێ دروست دەکەم.

ئێوارە ڕۆیشتمە ماڵی باوکم، ماڵیان زۆر لێمان دوور نەبوو، تەنها شەقامێکمان بەین بوو، کە چوومە ژوورەوە، هەموویان لە ناو باخچەکە دانیشتبوون، ئیبراهیمی ئامۆزاشم خۆی و نەسرینی هاوسەری لەوێ بوون. سەنەدی زەویەکەم لە گیرفانم دەرهێناو پیشانی باوکمم دا و پێم وت: بوومە خاوەن زەوی.

کە ئەمەم وت، باوکم بە دەنگی بەرز پێی وتم: دیسان دەستت بە فشە فش کردەوە!

سەنەدەکەم بەرز کردەوە و پێم وت: بە ڕاستیمە، ئەوە نیە لە فەرمانگەی تاپۆش بە ناوم کراوە.

کە وام پێی وت، ڕووی لە ئیبراهیمی ئامۆزام کرد و پێی وت: من خوێندەواریم نیە و سەرم لەو شتانە دەرناچێ، تۆ تەماشایەکی بکە، بزانە ڕاست دەکات یان درۆ؟

ئەویش سەنەدەکەی لێ وەرگرتم و بۆی خوێندەوە و وتی: مامە ئەگەر بە چاوی خۆم ئەم سەنەدەم نەدیتبا، بڕوام نەدەکرد.

باوکیشم وتی: زەویەکەت بفرۆشە و بە پارەکەی لە سەر خانووەکەی ئێمە دوو ژوور دروست بکەو لە ناوی دابنیشن.

منیش وتم: نایفرۆشم، ڕێگایەك دەدۆزمەوە، هەندێك پارە لە کەسێك قەرز دەکەم تا سولفەی عەقاری وەردەگرم، پێم باشە منیش خانوی خۆم هەبێت.

کە ئەمەم وت، ئیبراهیمی ئامۆزام ڕووی تێ کردم و وتی: خۆزگەم بە دڵی خۆت، کە هێندە گەشبینیت و متمانەت بە خۆت هەیە، نزیکەی ساڵێکە زەویم لە شارەوانی وەرگرتووە و نزیکەی شەش سەد دیناری پاشەکەوتیشم هەیە، کەچی ناوێرم خۆمی لێ بدەم.

منیش وتم: دەنا من یەك دیناری پاشەکەوتیشم نیە و لەم ڕۆژانەش دەست دەکەم بە دروستکردنی خانووەکەم.

کە ئەمەم وت، ڕووی لە باوکم کرد و وتی: مامە زۆر سەرسامم بەو کوڕەی تۆ، زۆر باوەڕی بە خۆی هەیە، من سێ سەد دیناری لەو شەش سەد دینارە پاشەکەوتەکەی خۆمی دەدەمێ، بزانم دەگاتە کوێ، لە سەر دەستی ئێوەش تا سولفەی عەقاری وەرنەگرێت لێی وەرناگرمەوە.

کە ئەمەی وت، ڕووم تێی کرد و پێم وت: تۆ ئەم پارەیەم بدێ، ئەوجا بزانە بە هەفتەیەك بادلۆکەی دروست دەکەم یان نا؟!

وتی: من قسەی خۆمم کردووە و لێی پەشیمان نابمەوە، کە ڕۆیشتم لەگەڵم وەرە هەر ئەمڕۆ پارەکەت پێ دەدەم، تۆ بتوانی بادلۆی خانووەکەتی پێ تەواو بکەیت، بەڵێن بێت منیش دوای تۆ دەستی پێ بکەم.

بەم شێوەیە، چامان خواردەوە، پێش ڕۆژئاوابوون خۆی و هاوسەرەکەی هەستان و خواحافیویان لە باوکم کرد و پێی وتم: تۆ لەگەڵ من وەرە، با بەڵێنەکەم بەجێ بگەیەنم و پارەکەت بدەمێ، بزانم تۆش بەڵێنی خۆت بەجێ دەگەیەنیت، خانووەکەت دەست پێ دەکەیت یان نا؟

لەگەڵی ڕۆیشتم و پارەکەم لێی وەرگرت و گەڕامە ماڵەوە. هاوسەرەکەم کە منی بینی، پێی وتم: دڵخۆش دیاریت، دەڵێی هەنگوینت لە دارەوە بۆ دەرچووە!

منیش وتم: پێم نەوتی خەونەکەم دەهێنمە دی و خانوێکت بۆ دروست دەکەم.

لە قاقای پێکەنینی داو وتی: سەرم لێت سوڕماوە، دینارێکت لە گیرفاندا نیە، کەچی خەون بە پلاوەوە دەبینیت!

سێسەد دینارەکەم لە گیرفانم دەرهێنا و دامە دەستی و وتم: ئەو سێسەد دینارەم لە ئیبراهیمی ئامۆزام وەرگرتووە، بە فارسی برام دەڵێم نەخشەی خانوێکی جوانمان بۆ دروست بکات، ئەو ئەندازیاری شارستانیە، نەخشەی خانوو ئیشی خۆیەتی، پارەی نەخشەکێشانەکەشمان لە کۆڵ دەبێتەوە و بە خۆڕایی بۆمان دروست دەکات.

ئەو شەوە لە خۆشیان خەو نەدەچووە چاوەکانم، تاکو بەیانی بیرم لای دروستکردنی بادلۆی خانووەکە بوو، هەرچۆنی لێکم دەداوە، بادلۆکە بەو بڕە پارەیە تەواو نەدەبوو.

بەیانی زوو چومە لای براکەم و داوام لێی کرد نەخشەی خانوێکم بۆ دروست بکات. ئەویش لە من زیاتر دڵخۆش بوو بەوەی کە زەویم وەرگرتووە و دەمەوێ خانووی لە سەر دروست بکەم، بۆیە بەڵێنی پێ دام کە نەخشەیەکی جوانم بۆ دروست بکات.

هەروەها وتی: کە ڕێگاپێدانت لە شارەوانی وەرگرت، خۆم نەخشەی خانووەکەشت لە سەر زەوی بۆ دەکێشم.

ئیتر ئەوەبوو، براکەم بەرلەوەی بچێتە دەوام، نەخشەکەی بۆ تەواو کردم، منیش چەند وێنەیەکم لە سەری گرتەوە و بردمە شارەوانی و ڕێگاپێدانی دروستکردنی خانووم وەرگرت. دوای نیوەڕۆش چوومە لای زیاد مەندۆی هاوڕێم و پێم وت: پارچە زەوییێکم لە شارەوانی وەرگرتووە، بە نیازم خانووی لە سەر دروست بکەم، پێویستم بە هاوکاری تۆیە.

دەستی خستە سەر چاوەکانی و وتی: بە چاوان، هەر شتێك بە من بکرێت درێغیت بۆ ناکەم.

وتم: تەنها تۆ نا، بەڵکو پێویستم بە یارمەتی هاوڕێکانی تریشە. ئەمڕۆ براکەم بە گەچ نەخشەکەم لە سەر زەوی بۆ دەکێشێت، تۆش لەگەڵ قارەمان قولی و قارەمانی باجی ئامینە و ئەوانی تر بۆم هەڵکەنن.

وتی: ئەوە بۆ من لێگەڕێ، خۆم پێیان دەڵێم، تەنها خاکەناس و قازمەمان بۆ بێنە، بەیانی پشووی هەینییە، هەمووومان کاری لێ دەکەین، تا تەواوی نەکەین دەست هەڵناگرین.

بەم شێوەیە، هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ برا ئەندازیارەکەم چوینە سەر زەویەکە و بە گەچ نەخشەی لە سەر کێشا.

لەو کاتەشدا، عومەر قرچۆکم بینی، لە دەوری پارچە زەویەکەی خۆی دەسوڕایەوە، کە چاوی بە من کەوت، هاتە لامان و وتی: ئەو ئەندازیارە کێیە نەخشەی خانووەکەت بۆ دەکێشێ؟

وتم: برامە.

کە ئەمەم وت، خۆی بە براکەم ناساند و وتی: منیش زەویەکەم لە سەرەوەی ئیرەیە، سوپاسگوزارت دەبم ئەگەر نەخشەیەکیش بۆ من بکێشیت.

له دڵی خۆمدا وتم (ئەم قرچۆکە بە قەد جوێکی هەیە، هیچ هەلێك لە دەست خۆی نادات). ویستم چاوێك لە براکەم بقوچێنم، تا بۆی نەکات، عومەر قرچۆك چاوی لە ناو چاوەکانم بوو، بۆیە نەمزانی چۆن لە برایەکەم بگەیەنم.

برایەکەم وەڵامی دایەوەو پێی وت: مادام تۆ دراوسێی برایەکەمی، حیسابی ئەوت بۆ دەکەم و ئەم شەو نەخشەیەکت بۆ دەکێشم.

بەو شێوەیە، عومەر قرچۆك پارەی دروستکردنی نەخشەی خانووەکەی لە کۆڵ بۆوە.

ڕۆژی دوایی پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، لەگەڵ زیاد مەندۆ و هاوڕێیەکانی ترم چووینە سەر زەویەکەم و دەستمان کرد بە کۆڵینی و نیوەڕۆش هەندێك سەندەویچی گۆشتم بۆیان کڕی و لە سەر ئیش خواردمان.

ئیشی کۆڵینی زەویەکە زۆر بوو، چونکە خاکەکەی قیسپۆك بوو، تا قازمەیەکیان لێ دەبردە خوارەوە، ئاو بە هەموو لەشیان دەهاتە خوارەوە. بەڵام وێڕای ئەمەش بەردەوام بوون لە کارە هەرەوەزیەکەیانن دەستیان هەڵنەگرت تا تەواویان کرد.

بەیانی ڕۆیشتمە فەرمانگەکەمان و مۆڵەتی یەك هەفتەم وەرگرت. چوومە سەر زەویەکەم، تیمێك وەستاو کرێکارم بینی، بادلۆیان لە سەر زەویەکەی بەرامبەر زەویەکەی من دروست دەکرد. سڵاوم لێ کردن و خۆم بە وەستایەکە ناساند و پێم وت: منیش لە بەرامبەر ئێرە زەویم هەیە، بناغەکەم هەڵکەندووە، لەم ڕۆژانە دەنێرم تراکتۆرێك بەردی جەرموتم بۆ بێت و پڕی دەکەمەوە و دوایەش کۆنکریتی تێ دەکەم. پێم خۆشە تۆ دیوارەکەم بۆ بکەیت.

وتی: کەست بە ڕادان داوە بەردی جەڕموتت بۆ بێنێت؟

وتم: نەخێر، بە کەسم نەوتووەن نیازم وایە ئێوارە بچمە چایخانەی وەستا عەلی و بە کەسێك بڵێم بەردی جەڕموتم بۆ بهێنێ.

وتی: ئەگەر نیازت هەیە دیوارەکان بە من بکەیت، تۆ ئەم کارە بۆ من لێ بگەڕێن خۆم پەیوەندی بە کەسێکەوە دەکەم، هەر ئەمڕۆ تراکتۆرێك بەردی

جەڕموتت بۆ بێت، کە دەستمان لەم کارە هەڵگرت، هەڵمەتێکی بۆ دەکەین و بەم کرێکارە شێرانە فەرشیان دەکەین.

منیش وتم: نابێ بزانم بە چەند بۆم دەهێنیت و بە چەندیش بەردەکانم بۆ فەرش دەکەیت؟

وتی: من وەستا شاکرە قوتم پێ دەڵێن، لە کێ دەپرسی بپرسە، ڕاستە من هیچ سەرمایەی داراییم نیە.

ئەوەندەی وت و ئاماژەی بۆ ماتۆر سکیلێك کرد، کە لە نزیك شوێنی کارکردنەکەی وەستابوو، وتی: لەجیاتی ئۆتۆمبێل، ئەم ماتۆر سکیلەم هەیە و ڕۆژانە پێی دەچمە سەر کارەکەم، بەڵام خودا بەختێکی باشی پێ داوم، داوای کەرستەی خانوو بەرە لە هەر کەسێك بکەم، ئەگەر پارەکەشی دەمودەست نەدەمێ، دەنگ ناکات و هەمیشە لە خەڵکی تریش بە هەرزانتر بۆم دەهێنن. بۆیە تۆ خەمی ئەوەت نەبێ، منیش هیچ مەعامەلەی ئەو شتانە لەگەڵ تۆ ناکەم و پێشت ناڵێم پارەم بدێ، تا خۆت پارەت دەبێت و دەم دەیتێ.

کە وای وت، وەخت بوو لە خۆشیان باڵ بگرم و بفڕم، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەوەی لە خودا غافڵە کافرە، ئەوە خەمی کەرەستەی خانووەکەشم لە خەم کەوت).

ڕووم تێی کرد و پێم وت: منیش دەمەوێ کەسێك هەبێت پشتی پێ ببەستم و دڵم لای کارەکان نەبێت.

وتی: بێ خەم بە، بۆ هەر کەسێك کارم کردبێت، نەم هێشتووە بیر لە هیچ بکاتەوە، چونکە ئەو کارە بە کاری خۆم دەزانم و بۆ خۆمی دەکەم.

منیش وتم: بێ لە هێنانی بەردی جەڕمووت، چیترت بۆ ئامادە بکەم، تا ئەو بادلۆیەم بۆ تەواو بکەیت؟

وتی: تۆ تەنها دوو شتم بۆ بکە.

وتم: وەکو چی؟

وتی: شەش تۆن چەمەنتۆم بۆ بێنە سەر زەویەکە، لەگەڵ یەك تانگی گەورەی ئاو.

وتم: بەیانی زوو ئەوانەت بۆ ئامادە دەکەم.

ژمارەی تەلەفۆنی خۆی پێ دام و وتی: ئەم ژمارەیە لای خۆت بنووسە، هەرکاتێك ئەو شتای کە پێم وەتی ئامادەت کرد، ئاگادارم بکەوەن بۆ ڕۆژی دواتر دێمە سەر کار و بناغەی خانووەکەت بۆ چەمەنتۆ دەکەم.

هەر ئەو ڕۆژە چوومە بازاڕ و تانکییێکی گەورەی ئاوم کڕی لەگەڵ تۆپێك سۆندە، بە پیکەبێك هێنامە سەر زەویەکە و بە سۆندەش ئاوم لە ماڵێکی نزیك زەویەکەم وەرگرت و تانکییەکەم پڕ ئاو کرد، ئینجا گەڕامە ماڵەوە.

هاوسەرەکەم کە منی بەم ماندی و شەکەتیە بینی، پێی وتم: زگم پێت دەسوتیێ، بارێکی قورست لە سەر پشتت داناوە، بڕوا ناکەم پێت هەڵبگیرێت.

وتم: تۆ ڕاست دەکەیت، بۆ کەسێکی کەم دەرامەت و گیرفان بەتاڵ، خانووکردن کارێکی ئاسان نیە، بەڵام ناشکرێ هەتا ماوین هەر چاوەڕێ بین و لە ژێر بنمێچی جەمەلۆن ژیان بەسەر ببەین.

تازە شەڕە عێراق و ئێران دەستی پێ کردبوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گەمارۆی ئابووریان خستبووە سەر عێراق، بەوهۆیەوە نرخی چەمەنتۆ و کەرەستەی خانووبەرە زۆر بەرز ببۆوە، یەك تەنی چەمەنتۆ لە بازاڕی ڕەش گەیشتبووە سەد دینار و بە ئاسانیش بە دەست نەدەکەوت.

زۆر بیرم کردەوە، هەرچەندی دەمهێناو دەمبرد، بەو سێسەد دینارەی کە لە بەر دەستم دابوو، لە سێ تەن چەمەنتۆ بەولاوە هیچی تری پێ نەدەهات.من لەو بیرکردنەویەدا بووم، خۆشکەکەم بە مێوانداری هاتە ماڵمان، کە دینی وەکو ڕۆژانی تر گفت و لفتم خۆش نیە، وتی: کاکە قەت وەهام نەبینیویت، دەڵێی کێشەیەکت هەیە، زەینت لای ئێمە نیە، دەکرێ بزانم بیر لەچی دەکەیتەوە؟

وتم: پارچە زەوییێکم لە شارەوانی وەرگرتووە و بێ ئەوەی دینارێکی پاشەکەوتمان هەبێت، دەستم کردووە بە دروستکردنی خانوو.

ئەویش وتی: سەرم لەو کارانەی تۆ دەرناچێت، بەڵام وەکو گوێم لێ بووە، دروستکردنی خانوو زۆر زەحمەتە و پارەیەکی زۆری دەوێ.

ئەمەی وت و باسی حاجی ڕەفعەت ماسێی خەزووری کرد و وتی: خەزوورم ئەم ساڵ لەگەڵ کوڕە پلکێکی خۆی دەواجنی پەلەوەرییان دروست کرد، پارەیەکی زۆریان لێی خەرج کردووەن هەرچەند ئەوان پێش هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران کارەکانیان تەواو کرد و چەمەنتۆیەکی زۆریشیان بە نرخی حکومەت بە هەرزان وەرگرت، کەچی دەڵێ (خۆزگە خۆم لەم کارە نەدابا، زۆر ماندوو بووم).

کەوای وت: بیرۆکەیەك بە مێشکم داهات، لە بیری خۆمدا وتم (تۆ بڵێی چەمەنتۆی نەمابێت، بە قەرز لێی وەرگرم و دوای وەرگرتنی سلفەی عەقاری بیدەمەوە).

ڕووم لە خوشکەکەم کرد و پێم وت: خەزوورت ئەو چەمەنتۆیەی لە حکومەت وەری گرتووە هەمووی بەکار هێناوە یان نا؟

وتی: چەمەنتۆیەکی زۆری ماوە، ئیشی پێ نەماوە و لە ترسی حکومەتیش ناوێرێت لە بازاڕی ڕەش بە گران بیفرۆشێتەوە نەوەك سزا بدرێت.

منیش وتم: دەتوانی پەیوەندی پێوە بکەیت و پێی بڵێیت شەش تەن چەمەنتۆم بە قەرز بداتێ، کە چەمەنتۆم وەرگرت یان سلفەی عەقاریم وەرگرت بۆی دەگەڕێنمەوە.

وتی: ئەوەبوو تەلەفۆنی بۆ کرد و پێی وت: (براکەم خانوو دروست دەکات، ئەگەر ئیشت بە چەمەنتۆیەکەت نیە، شەش تەن چەمەنتۆ بە قەرز بدێ، دوای ماوەیەکی تر کە لە حکومەت وەری گرت یان سلفەی عەقاری وەرگرت بۆت دەگەڕێنێتەوە).

لە نزیك تەلەفۆنەکە دانیشتبووم و گوێچکەکانم قەڵاخ دابوون، چاوەڕێی بیستنی وەڵامێکی خۆشم دەکرد. لەو کاتەدا خوشکەکەم تەلەفۆنەکەی دانایەوە

و پێی وتم: کاکە خەزورم دەڵێ هەرکاتێك دێت با بێت، چەمەنتۆیەکە ببات و هیچ پەلەشم لە وەرگرتنەوەی نیە، چونکە جارێ هیچ ئیشم پێی نیە.

ئیتر ئەوەبوو، هەر ئەو شەوە چومە لای سەمەدی دراوسێمان، تراکتۆری هەبوو، بەیەکەوە چوینە ماڵی خەزوری خوشکەکەم لە گەڕەکی بیرێژی و چەمەنتۆیەکەمان گواستەوە سەر زەویەکەمان و تەلەفۆنیشم بۆ وەستا شاکر کرد و پێم وت: چەمەنتۆ و ئاوم بۆت دابین کردووە، دەتوانی سبەی دەست بە کار بکەیت.

ڕۆژی دوایی، نانی بەیانیم خوارد و چومە سەر زەویەکەم، کە گەیشتمە ئەوێ، بینیم وەستا شاکر لە چەمەنتۆکردنی بناغەی خانووەکەم بۆتەوە و خەریکی ساف کردنییەتی. سڵاوم لێ کرد و پێم وت: پێشبینیم نەدەکرد وەها زوو لێ ببنەوە.

بە پێکەنینەوە وتی: ئێمە لە تاریك و ڕوونەوە دەستمان بە کار کردووە، ئەو ڕۆژەی ئیشی سەبکردنمان هەبێت، پێش بانگی بەیانی دەست بە کار دەکەین، ڕۆژانی تر تۆزێك درەنگتر دێینە سەر کار.

ئێمە لەم قسانەدا بووین، تراکتۆرێك بلۆکی هەڵگرتبوو، لێمان نزیك کەوتەوە و بارەکەی لە پێش زەویەکەی من بەتاڵ کرد. منیش ڕووم لە وەستا شاکر کرد و پێم وت: ناکات ئەو بلۆکەش تۆ بەڕادانت دابێت؟

وتی: ئەی پێم نەوتی تۆ تەنها ئاو و چەمەنتۆم بۆ ئامادە بکە، کەرەستەکانی تر بۆ من لێگەڕێ؟

وتم: بەڵێ وات وت، بەلاّم لەو بڕوایەدا نەبووم وا بە خێرایی کارەکان بڕوات.

وتی: تەبیعەتی من وایە، ئیش بۆ هەر کەسێك بکەم، خۆم بە خاوەنی ئیشەکە دەزانم و لێناگەڕێم خاوەن خانوو هەست بە ماندوو بوون بکات.

کە ئەمەی وت، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەو بڕە پارەیەی بە قەرز لە ئامۆزاکەمم وەرگرتووە، بەشی کرێی وەستا و کرێکارەکان دەکات، کە سلفەی عەقاریشم وەرگرت، پارەی چەگڵ و قوم و بلۆکەکان دەدەمەوە وەستا شاکر).

بەو شێوەیە، نەمزانی چۆن بادلۆیەکەم بەرز بۆوە و دواتریش وەستا شاکر هەر خۆی تێکەڵەی بۆ هێنام و پڕی کردەوە.

منیش دوای تەواوبوونی بادلۆکە سەردانی بانقی عەقاریم کرد و پەڕاوەکانی داوای قەرزم پێشکەش کردن. هەر لەو سەین و بەینەدا، هەندێك ژووریان پێ کردم، کاتێك چوومە ژووری ژمێریار، چاوم بە فەوزی هەولێری کەوت، ئەو هاوڕێیەکی دێرینی باوکم بوو، پێشتر چەند جارێك هاتبووە ماڵمان و دەمناسی. کە چاوی بە من کەوت، بەرلەوەی قسە بکەم، لە شوێنی خۆی هەستایەوە و بەگەرمی تۆقەی لەگەڵ کردم و وتی: چۆنە ڕێگات کەوتۆتە ئێرە؟

وتم: پارچە زەوییێکم لە شارەوانی وەرگرتووە و بادلۆم لە سەر دروست کردووە، دەمەوێ قەرزی عەقاری وەربگرم.

وتی: ئەو ئیشە بۆ من لێگەڕێ، بەڕێوەبەری بانقیش بەشیر چیچۆ کەسێکی باشەو ئەویش لە نزیکەوە باوکت دەناسێت و هاوڕێی ئەوە، خەمت نەبێ بەویش دەڵێم بۆت جێبەجێ دەکەین، دوای هەفتەیەکی تر سەردانمان بکەوە، تا ئەو کاتە کەشفی دەکەین و پارەکەت بۆ خەرج دەکەین. کە گەیشتیشیە سەر دەرگاو پەنجەرە، قستێکی تریشت بۆ خەرج دەکەین، دوای سەب کردنیش ئەو بڕە پارەی دەمێنێت هەمووت بۆ خەرج دەکەین.

بەو شێوەیە، ڕۆژانە دوایگەڕانەوەم لە دەوامی فەرمی دەچوومە سەر خانووەکەم و خەریکی ئاودانی دەبووم. پارچە زەویەکەی عومەر قرچۆکیش لە سەرەوەی زەویەکەی من بوو، بۆیە ڕۆژانە لە سەر ڕێگای خۆم چاوم بەویش دەکەوت.

عومەر قرچۆك کەسێکی ڕەزیل و چاوچنۆك و لەبرسان مردی بوو، هەرچەند ئەو لە پەلەوەرگای هەولێر بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و فرۆشتنی هێلکە و پەلەوەر بوو، ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی سپیشی هەبوو، ڕۆژانە پێی دەهاتە سەر ئیش، بەلاّم پێش ئەوەی بگاتە سەر زەویەکەی لە دوورەوە ڕای دەگرت، چونکە شەقامەکە قیرتاو نەکرابوو، دڵی نەدەهات لە سەر خۆڵ لێی بخوڕێت، باری

داراییشی لە من زۆر باشتر بوو، بەڵام لەگەڵ وەستاو کرێکارەکان هەر پرتە و بۆڵەی بوو، پارەی لێ دەشکاندن و ڕۆژانەکەی بە تەواوی نەدەدانێ و وەکو جوو لێیان دەپاڕایەوە تا لێی خۆشبن.

لە بەر ئەو سیفەتە ناشیرینانەی کە هەیبوون، هیچ کەسێك تا کۆتایی کاری لەگەڵ نەدەکرد، بۆیە تا خانووەکەی تەواو کرد، چەندین وەستاو کرێکاری گۆڕی.

## عومەر قرچۆك دڵی نایەت بە ئۆتۆمبێلەكەی بچێتە سەر خانووەكەی

ماوەی نێوان گەڕەكی ڕووناكی و زراعە قیرتاو نەكرابوو، لە بەر ئەوەی قەلاب و تراكتۆری پێدا تێدەپەڕی كەرەستەو پێداویستی خانوویان بۆ خانووەكانی گەڕەكی زراعە دەهێنا، بۆیە بەردەوام تۆزو خۆڵی لێ بڵند دەبوو، كە بایەكی توندیشی هەڵدەكرد، دەبووە گەردەلول و چاو چاوی نەدەبینی.

عومەر قرچۆك تازە چەند ڕۆژێك بوو ئۆتۆمبێلە لادەكەی لە كۆمپانیای بازرگانی ئۆتۆمبێل لە بەغدا وەرگرتبوو، دڵی نەدەهات لە سەر خۆڵ لێی بخورێت. هەر بۆیە لە گەڕەكی ڕووناكی كە لەلای ڕۆژئاوای گەڕەكی زراعە بوو، لە گەراجی ماڵی كوڕە پلكەكەی ڕایدەگرت و بە پێ دەڕۆیشتە سەر خانووەكەی. ئەگەر ئۆتۆمبێلێك یان ماتۆڕ سكیلێك بەوێ ڕەت بووبا، دەستی لێ ڕادەگرت و لەگەڵی سوار دەبوو.

من ئۆتۆمبێلم نەبوو، ماڵی باوكیشم لە گەڕەكی موفتی لە خوار گەڕەكی باداوە بوو، بۆیە كێشەی چوونە سەر كارم نەبوو، بەیانیان زوو پێش ئەوەی ڕۆژ هەڵبێت، دەچوومە سەر كار و كۆنكریتەكەم ئاو دەدا و ئەگەر ئیشێكیش هەبا لەگەڵ دەستی خۆم دەمكرد، ئەوجا دەچومە سەر كاری خۆم لە ئەمینداریێتی شارەوانی و هاوینەهەوارەكان.

ئەو كەسانەی كە خانوویان لە نزیك عومەر قرچۆك دروست دەكرد، بەردەوام توانجیان لێی دەدا و پێیان دەوت (ئۆتۆمبێل بۆ ڕۆژێكی ئەوها نەبێت بۆچی باشە، وەكو بووك لە ماڵی خەڵكی ڕاتگرتووە و شەرمیش لە خۆت ناكەیتەوە چاوت لە ماتۆڕ سكیلێكە بە خێری خۆی هەڵتبگرێت و بتهێنێتە سەركار).

عومەر قرچۆك بەقسەكانیان پێدەكەنی و دەیوت: لە بەر ئەوەی ئێوە خودا ئۆتۆمبێلی پێ نەداون، بۆیە ئیرەەیم پێ دەبەن و وا دەڵێن. دەبا ئێوەش

ئۆتۆمبێلێکی خاوێنی وەکو منتان هەبوایە، ئەوکات ئەو قسەیەتان نەدەکرد و تەنانەت لە سەر شەقامی قیڕیش لێتان نەدەخوڕی.

هەموو ڕۆژێك ئەم فلیمە دووبارە دەبوویەوە، نیوەڕۆیەك لە سەر کار گەڕامەوە بە پێش ماڵی عومەر قرچۆك تێپەڕیم، ڕایگرتم و پێی وتم: دیارە تۆش لە نزیك عومەری پوورزام خانوو دەکەیت؟

وتم: بەڵێ، خانووەکەی ئەو لە سەرەوەی خانووەکەی منە.

وتی: ئەی چۆنە بە پێ دەڕۆی، ناکات تۆش خزمێکت لەم نزیکانە هەبێت وەکو عومەر ئۆتۆمبێلەکەت لە گەراجەکەیان ڕاگرتبێت؟

وتم: من ئۆتۆمبێلم نیە، خوا دەیکرد دەمبوو، ئۆتۆمبێل بۆ ڕۆژێکی وا نەبێت بۆچی باشە؟

وتی: خۆزگە عومەریش وەك تۆ بیری دەکردەوە، ڕاگرتنی ئۆتۆمبێلەکەی لە گەراجەکەی ئێمە کێشەنیە، ئەگەر هەموو نیوەڕۆیەك لە کاتی چێشتخواردن بە سەرمان دانەدات و وێڕای ئەوەش تیروتوانجمان تێ نەگرێت.

منیش وتم: بۆچی چێشتی نیوەڕۆ لای ئێوە دەخوات؟

وتی: بەڵێ.

وتم: بۆ ناچێتەوە ماڵی خۆیان و لەگەڵ هاوسەرەکەی نان بخوات؟

وتی: هاوسەرەکەی فەرمانبەرە و تا ئێوارە ناگەڕێتەوە.

منیش وتم: شتی وا چۆن دەبێت، خۆ ڕۆژێك و دوان نیە.

وتی: هێشتان تۆ بە باشی ئەو پوورزایەی من ناناسیت، لەوەتی هەیە هەرگیز لە فرسەتان پاز نادات و حازریش بە قەرز نادات.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: هەرچی زۆر نان زۆرە، ئەویش نەبێت نانێك دەدەینە هەژارێك، بەڵام ئەو دەیەوێ هەموو ڕۆژێك برنج و فاسولیا و گۆشتی بۆ لێ بنێینن هاوسەرەکەشم بەرنامەی خۆی هەیە و هەر ڕۆژەی جۆرە چێشتێك ئامادە دەکات. جا ئەو ڕۆژەی نۆکاو یان نیسکمان هەبێت، توانجمان لێ دەدات.

منیش وتم: چی دەڵێ؟

وتی: ئەو ڕۆژەی نۆکاومان هەبێت، بە بێزەوە دەیخوات و دەڵێ (لە ترێ نۆکی بەم، ئەوە شیوە هەتانە).

منیش وتم: ئەی بۆ نیسکەکە چی دەڵێت؟

وتی: دەڵێ (ئەگەر زۆر برسی نەبام نەم دەخواردن دەڵێی ڕشانەوەی ئاژەڵە، بە زیاد نەبێت، کەی نیسك هی خواردنە).

منیش وتم: دیارە ئەو لە ماڵی خۆیان نیسك و نۆك ناخوات؟

وتی: بە پێچەوانەوە زۆربەی ڕۆژەکان نیسك و نۆك دەخۆن، چونکە حکومەت لەگەڵ بایەعی دەیدات و پارەی پێ نادات. جارێك لە ماڵی خۆیان دەعوەتی کردین، نۆکاوی دەرخوارد داین.

وتم: بۆچی تۆڵەی خۆتت لێی نەکردەوە و قسەکانیت بە چاو دانەدایەوە؟

وتی: وام پێ وت، تەریق نەبۆوە، وتی (نۆکاوی ئێمە لەگەڵ نۆکاوەکەی ئێوە جیاوازە، ژنەکەی تۆ وەکو ژنەکەی من لێی نانێت، داکی ڕەنج کاری و بەهاراتی تێ دەکات، لە خۆشیان پەنجەی خۆتی لەگەڵ دەخۆیت.

منیش وتم: کەواتە چۆن ئەو تۆی بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکار دێنێ، تۆش وەکو ئەو بکە، کە دێتە ماڵتان هەر ڕۆژەی بە بیانوێك ئیشێکی پێ بکە، تا وەڕس دەبێت و ماڵتان تەرك دەکات.

بە پێکەنینەوە وتی: تۆ هێشتان ئەو ناناسیت، هەر ددانێکی بە هەزار ساڵ هاتووە، لەم دەرگەو ئەو دەرگە بە چیکە نانی خەڵك گەورە بووە، کەس خێری لێ نابینێت.

ئەمەی وت و هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشا و وتی: پیرە دایکێکی هەبوو، دەتوت فریشتەیە، نەخۆشی درێژخایەنی هەبوو، لە سەر جێگا کەوتبوو، بە دەست نەخۆشیەکەیەوە دەیناڵاند، چما ڕۆژێك ئەو کوڕەی هەستی بە بەرپرسیارێتی کرد بەرامبەر ئەو دایکەی و بیباتە لای پزیشك؟

وتم: چۆن؟

وتی: نەك ئەوەندە تەنانەت حەزی لە هەزار شت بایە بۆی نەدەکڕی. دایکی لە سەرە مەرگ دابوو، هەموومان لە دیاری دانیشتبووین چاوەڕێی ڕەحمی خوامان دەکرد، داوای لە عومەری کوڕی کرد ڕەحەتە لوقمی بۆ بکڕێت، عومەر لەجیاتی ئەوەی بۆی بکڕێت، هاواری لە سەر کرد و پێی وت (پیرەژن تۆ دەمریت ڕەحەتە لوقمت بۆ چیە).

منیش وتم: بۆی نەکڕی؟

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی: نەخێر بۆی نەکڕی، تا من چوم بۆم هێنا، مردبوو).

ئێمە لەم قسانەدا بووینن عومەر لە پشتەوەی ماتۆڕ سکیلەکەی چاودێری شارەوانی سوار بوو بوو، گەیشتە لامان و لە ماتۆڕ سکیلەکە هاتە خوارەو ڕووی لە کوڕە پلکەکەی کرد و پێی وت: وەختە بمرم لە برسان، چیتان لێنایە؟

ئەویش وتی: نۆکاو بە ئێسك.

بە قێزەوە وتی: لە تڕی نۆکاو بەم، ناچاری نەبێت نایخۆم.

ئەویش وتی: هەموو ڕۆژێك هەمان قسە دەکەیت و کە لە سەر خوانیش دادەنیشیت بە قەدەر دوو کەس دەخۆیت. ئەگەر هێندە قێزت لێی دەبێتەوە بۆچی ناچیتە چێشتخانە و بە دڵی خۆت ناخۆیت؟

وتی: هەو، قسەت لە تێری دێت، بۆچی من مووچەکەم چەندە تاکو هەموو ڕۆژێك بچمە چێشتخانە.

ئەویش وتی: مادام دەنگ مەگکە و ئەوەی خودا قسمەتی کردبوو، بیخۆ و بڵێ بە زیاد بێت.

ئەویش وتی: قەت بە نۆکاوی ناڵێم بە زیاد بێت.

ئەمەی وت و چووە ژوورەوە، ئێمەش خواحافیزیمان لە یەکتری کردو یەکدیمان بەجێ هێشت.

## عومەر قرچۆك قەلاب دەكڕێت:

دیواری بادلۆكەم بڵند بوو، بە وەستا شاكرم وت: پڕكردنەوەكەی بادلۆكەم خەمی تۆ بێت، ئێستا پارەم نیە بتدەمێ، كە سولفەی عەقاریم وەرگرت ئینجا دەتدەمێ.

ئەویش وتی: خەمت نەبێ، لە نێوان من و تۆ شتێك نیە ناوی قەرز بێت، ماڵی منیش هی تۆیە.

ئەمەی وت و بە پێكەنینەوە وتی: نەتزانیوە عومەری برادەرت قەلابی كڕیوە؟

منیش وتم: گاڵتە ناكەیت؟

وتی: بە سەری باوكم بە ڕاستیمە.

وتم: بە چاوەكانی خۆت بینیت؟

وتی: ئەگەر بڕوا ناكەیت، تۆزێكی تر كە عومەر هات لێی بپرسە.

لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر وەها دەوڵەمەند بێت، بۆچی دڵی نایەت بە ئۆتۆمبێلەكەی بێتە سەر كار، نیوەڕۆیانیش لە جیاتی لە سەر حسێبی خۆی نان بخوات، چاوەكانی خۆی پان دەكاتەوە و بەسەر ماڵی كوڕە پلكەكەی دادەدات).

من لەو بیركردنەوەیەدا بووم، وەستا شاكر وتی: چیم پێ وتی، نەموت قەلابی كڕیوە، سەیركە لە پێشەوەی قەلابەكەی دانیشتووە، خۆڵی هێناوە بادلۆكەی پڕ دەكاتەوە.

كە سەرم هەڵبڕی، قەلابێكی شەش مەتری مۆدێل كۆنی ساڵەكانی پەنجاو شەستەكانم بینی، عومەریش وەكو ئینزباتی سەربازی لە پێشەوە دانیشتبوو. بەر لەوەی من سڵاوی لێ بكەم، دەستی لە جامەكە دەرهێنا و سڵاوی لێ كردین.

وەستا شاكر ڕووی تێ كردم و وتی: ئێستا بڕوات كرد؟!

منیش وتم: تا بە گوێچكەكانی خۆم گوێم لێی نەبێت، كە ئەم قەلابەی كڕیوە بڕوا ناكەم.

وتی: ڕاستیەکەی منیش لە خۆیم گوێ لێ نەبووە، لە دراوسێکانی گوێم لێ بووە، لەوانەیە من هەڵەبم.

وتم: ئێستا دەچم و لێی دەپرسم بزانم قەلابی خۆیەتی یان نا؟

وەستا شاکریش وتی: ئەگەر چویتە لای، لێی بپرسە قەلابێك خۆڵ بە چەند بۆ خەڵك دەهێنێ.

وتم: ناکات مەبەستت ئەوە بێت بە قەلابەکەی ئەو خۆڵم بۆ بێنیت؟

وتی: قەلابەکەی ئەو مۆدێلی زۆر کۆنە، دەڵێی پاشماوەی زیلە سەربازییەکانی جەنگی جیهانیی یەکەمە، تا کاروانێك دەکات ڕۆژێکی پێ دەچێت.

وتم: مادام خۆڵی پێ ناهێنی بۆچی لێی دەپرسی؟

وتی: قەلابەکەی ئەو شەش مەتر خۆڵ دەگرێت، بزانم بە چەند دەیهێنێت، دەمەوێ لەگەڵ نرخی ئەو قەلابە دوانزە مەتریەی کە خۆڵی بۆ بادلۆکەی تۆ پێ دەهێنم بەراوردی بکەم.

وتم: باشە پێی دەڵێم و وەڵامت دەدەمەوە.

کە چوومە لای، پێش ئەوەی پرسیاری لێ بکەم، ڕووی تێ کردم و وتی: دەڵێی نیازت هەیە بادلۆکەت بە ئێمە پڕ بکەیتەوە؟

وتم: ئەگەر لە نرخەکەی خاترم بگریت و تا وەرگرتنی سولفەی عەقاریش لە سەرم ڕابووەستی، لەجیاتی ئەوەی داوا لە خەڵکی تر بکەم خۆڵم بۆ بێنن، تۆ بۆم بێنیت باشترە، حەزدەکەم پارەکە بە تۆ ببڕێت.

کە وام وت، قەشمەری بە قسەکانم هات، بە گاڵتەجاڕییەوە وتی: تڕحێو لەو پارەی کە تۆ پێمی دەدەیت، شیردا و لۆ داپیر دات، وەڵلا کاکە گلەییت لێ ناکەم کێ خۆڵت بۆ دێنێت با بیهێنێت، من بە قەرز ئیش ناکەم.

وتم: ئەوە قەرز نیە، تەنها چەند ڕۆژێك لە سەرم ڕابووەستە تا سولفەی عەقاری وەردەگرم و پێش هەمووان پارەی تۆ دەدەم.

کە ئەوەم وت، جڕتێکی درێژی کێشا و بە دەنگی بەرز وتی: پڕحێو، ناکات لەو باوەڕەدابیت سولفەی عەقاری وەربگریت.

وتم: پەڕاوەکانم پێشکەش کردووە، ژمێریار و پەڕێوەبەری بانقەکەش دەناسم، هەردووکیان باوکم دەناسن، بەڵێنیان داوە کارئاسانیم بۆ بکەن و بۆم بێننە پێشەوە.

کە ئەمەی گوێ لێ بوو، گوێیەکانی وەکو کەروێشك قیت کردەوە و کەمێك بێدەنگ بوو، دوایی وتی: لەگەڵم وەرە و بۆ منیش پێی بڵێ، بەڵکو سولفەی منیش پێش بخات.

وتم: دراوسێ مافی لە سەر دراوسێیە، تۆ لە تەمەنی باوکمی هەمیشە وەکو مامی خۆم تەماشام کردوویت.

وتی: تۆش وەکو برازامی.

وتم: بابێینەوە سەر بابەتی خۆڵ هێنانەکە.

نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەمن وتی: ئەو بابەتە دابخە، پێم وتی خۆڵ و چەو بە قەرز بۆ کەس ناهێنم.

وتم: خۆ من کەس نیم، تۆزێك پێش ئێستا وتت وەکو برازامی، بۆچی ئێستا پەشیمان بوویتەوە؟

وتی: عادز مەبە، هیچ متمانەم بە حکومەت نیە، تا پارە نەیەتە ناو گیرفانم حسێبی بۆ ناکەم. خۆت دەزانی چەند ڕۆژێکە شەڕ لە نێوان عێراق و ئێران ڕوویداوە، تەنها خودا دەزانێ کەی ئەم شەڕە ڕادەوەستێ، ئەوەتا بە چاوی خۆت دەیبینی هێشتان هیچ نەبووە، نرخی یەك تۆن چەمەنتۆ لە بیست دینارەوە بەرز بۆتەوە بۆ سەد دینار، دەڵێن شیشی سەبەش هەندێك پارەی هاتۆتە سەر و وەکو جارانیش ڕاستەوخۆ نایدەن، دەبێ تۆماری بکەیت و لە ڕێگەی بریکارەکانەوە دوای ماوەیەکی زۆر وەری بگریت.

وتم: ئاگاداری نرخی چەمەنتۆم، دەزانم گران بووە، بەڵام ئاگام لە نرخی شیش و شتەکانی تر نیە.

بە پێکەنینەوە وتی: دۆشاو بە گونت، تۆ لە گوێی گادا خەنوتوی، نرخی گشت کاڵاکان بۆتە دوو قات بە هۆی ئەم شەڕەوە. جەنەڕاڵەکانی جەنگ و

شارەزایان  و ڕاوێژکارانی سەربازی باسی ئەم شەڕە دەکەن و بە شەڕێکی مەزهەبی لە نێوان شیعە و سوننە ناوی دەبەن و دەڵێن درێژە پێدەری شەڕەکانی کۆنە لە نێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی (سەفەوی و عوسمانی)، شەڕی چالدێران لە نێوان هێزەکانی سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوسمانی و شا ئیسماعیلی یەکەمی سەفەوی لە ١٥١٤/٨/٢٣ ڕوویدا و لە ئاکامدا سوپای عوسمانی سەرکەوت و ئەو ناوچانەی کە ئێستا باشووری کوردستان و باکووری کوردستانی پێ دەڵێن خستە سەر خاکی خۆی. ئەم شەڕە دەستپێکی ١٢٤ ساڵ شەڕی ئەو دوو ئیمپراتۆریەتە بوو کە لە ساڵی ١٦٣٨ بە پەیماننامەی قەسری شیرین کۆتایی هات. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا کوردستان بۆ یەکەمین جار لە نێوان ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و سەفەویدا دابەش کرا. پێشتریش جەنگێکی خوێناوی لە نێوان سوپای موسڵمانان بە سەرکردایەتی سەعد کوڕی وەقاس و سوپای ئیمپراتۆریەتی فارسی بە سەرکردایەتی ڕۆستەم فەرخزاد لە ڕێکەوتی (١٦-١٩/نۆڤەمبەر/٦٣٦ز) لە شاری قادسیە ڕوویدا، بە سەرکەوتنی موسوڵمانەکان و کوشتنی ڕۆستەم فەرخزاد و ئازادکردنی خاکی عێراق کۆتایی هات،  هەر بۆیە عێراق ناوی لەم جەنگە ناوە قادسیەی سەدام.

ئێمە لەم قسانەدابووین، پیاوێك لە تەمەنی مندا بوو، ناوی عەبدولغەنی بوو، پێشتر لە قوتابخانە بەیەکەوە خوێندبوومان، هاتە لامان، کە چاوی پێم کەوت، باوەشی پێدا کردم و یەکتریمان ماچ کرد و وتی: ناکات تۆش لەم نزیکە خانوو بکەیت؟

وتم: زەویەکەم لە خوار ئێرەوەیە، تازە بادلۆم تەواو کردووە، هێشتان پڕم نەکردۆتەوە.

وتی: ئەگەر شێخ عومەر مانعی نەبێت بۆت پڕ دەکەمەوە.

عومەر قرچۆك ئەقڵی قسەکانی نەگەت، لە توڕەییان پرچی وەکو مووەکانی ژووژك بۆ ئاسمان بەرز بوونەوە، بە ڕوو گرژی و مڕوموچیەوە وتی: تۆ تەنها شوفێری خۆت بکە، هەقت بەسەر هیچەوە نەبێت.

ئەمەی وت و دەستی بە پرتە پرت کرد و لە بەر خۆیەوە دەیوت (تۆ سەیرکە چۆن فێری قسەی قەڵەو بووە، دەڵێ ئەگەر شێخ مانعی نەبێت بۆت پڕ دەکەمەوە، بەچی بۆی پڕ دەکەیتەوە، بە گونت یان بە گیرفانی بەتاڵت).

ڕووم لە عەبدولغەنی کرد و پێم وت: گوێ بە قسەکانی شێخ عومەر مەدە، لە تۆ باشتر دەیناسم، هەر ددانێکی بە ساڵێك هاتووە، چاکەو پیاوەتی لە دەست نایەت، پێش ئەوەی تۆ بێیتەلامان، ئەم بابەتەم لەگەڵ باس کرد، ڕازی نەبوو بە قەرز خۆڵم بۆ بێنێ، لەوە دەترسێ سولفەی عەقاری بووەستێ و نەتوانم قەرزەکەی بدەمەوە. هەر خۆی من کێشەی هێنانی خۆڵ و چەگڵ و قومم نیە، ئەو وەستایەی کە خانووەکەم بۆ دەکات، ئەو کەرەستانەم بۆ دابین دەکات. بەڵام تۆ پێم بڵێ لە کەیەوە عومەر دەناسیت و چۆن بوویتە شوفێری ئەو؟

وتی: باوکی ئەو شێخی گوندەکەمان بوو، هەرچەند ئێستا ئەوان تەکیەو خانەقایان نەماوەن بەڵام ئێمە هەر بە شێخی خۆمانیان دەزانین و خزمەتیان دەکەین.

منیش وتم: مانگی بە چەند شوفێری بۆ دەکەیت؟

وتی: نازانم، قسەمان لە سەر کرێیەکەم نەکردووە، چونکە بۆ ماوەیەکی کەم شوفێری بۆ دەکەم.

وتم: بۆچی بۆ ماوەیەکی کەم شوفێری بۆ دەکەیت؟

وتی: شێخ عومەر بە قسەی خۆی ئەم قەلابەیەی بۆ ماوەیەکی کاتی کڕیوە، بۆ ڕاییکردنی ئیشوکارەکانی خۆی، چونکە مۆدێلی نەماوە و لەوەتی قەلابی دوانزە مەتری و هەژدە مەتری پەیدا بووە، کەس بەم قونچکە قەلابانە کەرەستەی خانوو ناهێنێ.

منیش وتم: خەڵك چ کاری بە مۆدێلە، هەر شتەو بە نرخی خۆی، بە پێی قەوارەکەی نرخی شتەکان دیار دەکرێت.

وتی: مەسەلە ئەوە نیەن ئەم قەلابە کۆنانەی وەکو ئەوەی شێخ عومەر، سکراب بوونە و کەتونەتە ناو مەسرەف. تا تا بارێکی پێ دەهێنن لە ڕێگا چەند

جار یەکی دەکەوێت، من لە سەربازی شوفێری زیل بووم، لە گوندیش تراکتۆرمان هەیە، بۆیە شتێکی لێ دەزانم، دەنا یەکم دەکەوت و نەم دەتوانی ئیشی پێ بکەم. خێراییەکەشی هەر مەپرسە، وەکو کیسەڵ لە ڕێگا دەڕواتن لە بەر دڵی شێخ عومەر نەبێت، یەك چرکەش لێی ناخورم.

کە ئەمەی وت، عومەر قرچۆك ڕووی تێ کرد و بە تورەییەوە وتی: تۆ کێیت تا پرست پێ بکەم لێی بخوریت یان نا، من باوکت دەناسم، مریدی باوکم بووە و ڕێزی ئێمە دەزانێت، ئێوە منداڵی دوێنێن، هەژاری و نەداریتان نەبینیوە بۆیە قسەی قەڵەو دەکەیت.

ئەمەی وت و بە دەست ئیشارەتی بۆ قەلابەکەی کرد و وتی: کێ لە ئێوە قەلابێکی وای هەیە، ئێوە هەر بۆ ئەوە باشن لە دوو گوێدرێژ بڕۆن و بۆنی قەرسەقولەکەی بکەن.

عەبدولغەنیش پەلاماری دەستی داو وتی: یاشێخ بم بەخشە، مەبەستم نەبوو توانجت لێ بدەم، بەڵام خۆت دەزانی ئەم قەلابانە لە بەر کۆنێتیان باویان نەماوە بۆیە وام وت.

شێخ عومەریش وتی: ئەمجارە لێت دەبورم، بەڵام ڕازی نیم جارێکی تر قسە لە قسەی من بدەیت و قسەی زل بکەیت.

ئەمەی وت و ڕۆیشتە لای تانکی ئاوەکە و سۆندەکەی تێخست و دەستی کرد بە ئاودانی دیواری بادلۆکەی.

منیش لەگەڵ عەبدولغەنی مامەوە و پێم وت: خەفەت مەخۆ، تەبیعەتی وایە، چونکە ماڵە شێخن، بۆیە خەڵکیان لا هیچ نیە و هەموو کەس بە خزمەتکاری خۆیان دەزانن.

وتی: ئەگەر قەلابەکەش بە تەنیا هی خۆی با، هەقی خۆی بوو چ بڵێت.

وتم: بۆچی شەریکی هەیە؟

وتی: کوڕە پلکێکی هەیە ماڵیان لە گەڕەکی ڕووناکیە نازانم دەیناسیت یان نا، ئەو شەریکە لە گەڵی و نیوەی پارەکە هی ئەوە.

منیش وتم: جا عومەر چ پێویستی بەوەیە کوڕە پلکەکەی بکاتە شەریکی خۆی، بە قەد جولەکەیەك پارەی هەیە، دەزانی لەوەتی بۆتە بەڕێوەبەری بەرهەمهێنان و فرۆشتنی پەلەوەرگای حکومی، ڕۆژ نیە بەرتیلی بۆ نەهێنن. بێ لەوەی هەر وەجبەیەك مریشك پێ بگات، قەفەزێك مریشك بۆ خۆی دەهێنێتەوە، بێ لە هێلکە کە هەموو ڕۆژێك بە دەستە دەیهێنێتەوە.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئەو کوڕە پلکەی وەکو ئەو ڕەزیل و قرچۆك نیە، دەست و دڵی یەکە، لە سەر نیەتی خۆیتیەن ساویلکەیە بۆیە ئیستغلالی دەکات و فێڵی لێ دەکات.

منیش وتم: ئەی ناڵێی شەریکە لەگەڵی، کەواتە دەبێ لە قازانج و زیانیش هاویەش بن. ناکات لە دابەشکردنی پارەدا فێڵی لێ بکات؟

وتی: نا لەوەدا یفێڵی لێ ناکات، چەند ئیش بکەینن بە شایەتی من لەگەڵی دەکاتە نیوە.

وتم: ئەی لە چی فێڵی لێ دەکات؟

وتی: کە ئەو قەلابەیەی کڕی لە پێش من پێی وت (لە قازانج و زیان هاوبەش دەبین، بەڵام ئەو کەرەستانەی کە بۆ خانووەکەی خۆمی پێ دەهێنم، پارەکەی حسێب ناکەین).

وتم: ئەی لەو مەلعونە قەلابەکەی بۆ ڕاییکردنی ئیشوکارەکانی خۆی کڕیوە کەچی گازوایل وخەرجی فیتەر و چاکردنەوەشی خستۆتە سەر ئەو.

وتی: جا لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لای کوڕە پلکەکەی نەی وتووە کە بۆ ماوەیەکی کاتی ئەم قەلابەیەی کڕیوە، تەنها من ئەوە دەزانمن دوای تەواوکردنی خانووەکەی دەیفرۆشێتەوە، چونکە زۆر چاك دەزانێت لە بەر خەرجیەکانی چاکردنەوەی و بێ بازاڕی قازانجی لێ ناکات.

**عومەر قرچۆك خانوەكەی سەب دەكات:**

چەند ڕۆژێك پێش عومەر قرچۆك خانووەكەی خۆم سەب كرد و هەندێك چەمەنتۆ و چەقڵ و قومیش مایەوە. ڕۆژانە پێش ئەوەی بڕۆمە دەوام، سەردانی خانووەكەمم دەكرد و سەبەكەم ئاو دەدا و خانەكانیشم پڕ ئاو دەكرد، دوای تەواوبوونی دەوامیش جارێكی تر بەلای خانووەكەمدا دەهاتمەوە و جارێكی تر خانە وشكبووەكانم پڕ ئاو دەكردنەوە ئەوجا دەڕۆیشتمەماڵەوە.

ڕۆژێك بۆ ئاودانی سەبەی خانووەكەم دەچووم، بە بەردەم خانووەكەی عومەر قرچۆكدا ڕەت بووم، هەمان ئەو وەستاو كرێكارانەی كە خانووەكەی منیان سەب كرد، خانووەكەی عومەر قرچۆكیشیان سەب كردبوو، وەستایەكە لە سەرەوە خەریكی سافكردنی سەبەكە بوو، كرێكارەكانیش خەباتەكەیان دەشوشت و خاوێنیان دەكردەوە، خاوەن خەباتەكە وەستا كەریم لەگەڵ عومەر قرچۆك ڕاوەستابوو، لە بەر خۆیەوە دەیوت (ئاخر چۆن شتی وا دەبێ، لەجیاتی ئەوەی دوو دینارم پێ ببڕێت، زەرەریش بكەم!).

سلاَوم لێ كرد و پێم وت: وەستا كەریم ئەو پرتە و بۆڵە بۆڵەت لە چیە؟

وتی: لە عومەر قرچۆك بپرسە با ئەو پێت بڵێ؟

منیش وتم: خۆ غەدری لێ نەكردویت؟

وتی: كورد وتەنی (پێچك چوارە و بە ئەژمارە) وەستاو كرێكارەكانی منیش دیارن، پێش چەند ڕۆژێك سەبەشمان بۆ تۆ كرد، وابزانم هیچ گلەییشتان نەبوو؟

وتم: دەستتان خۆشبێت سەبەیەكی جوانتان بۆ كردم.

ڕووی لە عومەر قرچۆك كرد و وتی: بە شێخ عومەر بڵێ بە چەند بۆمان كردی، هەمان بڕە پارەشم لەو داوا كردووە دەڵێ زۆرەو ناتان دەمێ.

ڕووم لە عومەر قرچۆك كرد و پێم وت: وەستا كەریم درۆ ناكات، ئەگەر دەتەوێ دڵنیابیت لەو بڕە پارەیەی لە منی وەرگرتووە، بەیانی دەفتەری خەرجیەكانی خانووەكەمت بۆ دەهێنم، خەرجییەكانم بە خەرجی سەبەشەوە ڕۆژ بە ڕۆژ تیا تۆمار كردووە.

وتی: تۆ تێکەڵی نێوان من و وەستا کەریم مەبە، ئەو کرمانجی خۆمانەو خۆی و باوکی و مامەکانی دەیان ساڵە لە گوند لە سەر زەوی و موڵکەکانی ئێمە کار دەکەن بێ ئەوەی بەشی موڵکانەم پێ بدەن. ئەی منیش هەقم بەسەریانەوە نیە، لەگەڵ خەڵکی تر جیاوازیم پێ بکەن و لە خەڵکی کەمترم لێ وەربگرن؟

منیش وتم: ئەوە دوو بابەتی جیاوازن، تۆ پارەی خۆی و کرێکارەکانی بە تەواوەتی پێ بدە و بۆ بەشی موڵکەکانیشتان لەگەڵ باوکی و مامەکانی قسە بکە.

کە ئەوەم وت، وەستا کەریم ڕووی تێ کردم و وتی: هەرچەند شوێنی نیە، بەڵام با شتێکت بۆ باس کەم، با تۆش بیزانیت، عومەر هەرکەسێك ببینێت ئەم قسەیە دەکات و وا پیشان دەدات کە ئێمە غەدرمان لەو کردووە و بە ناهەق زەویەکانی بەکار دەهێنین.

عومەر قرچۆك بەو قسەیە قەڵس بوو، یاخەی وەستا کەریمی گرت و وتی: کوڕە تۆ چی دەڵێی، تاپۆی ئەو زەویانە لە سەر ناوی کێیە؟!

وەستا کەریمیش وتی: جارێ تۆ یاخەی کراسەکەم بەردە و وەکو مرۆڤ قسەم لەگەڵ بکە.

ئەویش وتی: با بزانم چ درۆیەك دەکەیت.

وەستا کەریمیش وتی: ئێمەی کرێکار و جوتیار کە تۆ پێمان دەڵێی کرمانج نازانین درۆ بکەین.

منیش وتم: واز لەو قسان بێنەن ڕاستیەکەمان بۆ باس بکە تا بتوانین نێوەندگیریتان لە نێوان بکەین و ئەو کێشەیەتان بۆ چارەسەر بکەین.

عومەر قرچۆك ڕووی تێ کردم و بە قەشمەریەوە وتی: ئەگەر دەتەوێ ئەو کێشەیەمان بۆ چارەسەر بکەیت، زەوی و زارەکانمان بۆ بگەڕێنەوە.

وەستا کەریمیش وتی: تۆ لە هەمووومان باشتر دەزانی ئەو زەویانە لە ئەسڵدا هی کێن و چۆن لە فەرمانگەی کشتوکاڵ بە ناوی باوکت تۆمار کراوە.

عومەر قرچۆك وتی: ئەوجا چیە، تۆماری زەوییەکان بە ناوی کێ بێت، زەوی ئەوە.

ئەوەی وت و بە گاڵتە جاڕیەوە وتی: کاتێك ڕووپێوی کشتوکاڵی دێتە گوندەکەمان بۆ ڕووپێوان و تۆمارکردنی ئەو زەویانەن باب و باپیرانی ئێوە هەندە ساویلکە بوونە بە کارمەندی فەرمانگەی کشتوکاڵیان وتووە لەجیاتی ئەوەی لەسەر ناوی ئەو هەموو کەسانە تۆماری بکەیت، بە ناوی شێخ تۆماریان بکە. ئێستاش باوکم نەماوەو ئێمە میراتگری ئەوین، لە چاکەی خۆمانە کە لێتانی وەرناگرینەوە و بە بەشە مۆڵکانە ڕازین.

کە گوێم لەم قسانە بوو، ڕووم لە وەستا کەریم کرد و پێم وت: سەرم لە قسەکانی تۆ و عومەریش دەرناچێت، چۆن باب و باپیرانت ئەو هەڵە گەورەیەیان کردووەو بەناوی باوکی عومەر تۆماریان کردووە.

وتی: ئەم چیڕۆکە درێژە، بەکورتی باوك و باپیرانی ئێمە کەسانی ساویلکەو نەزان بوون، کاتێك تیمەکانی فەرمانگەی کشتوکاڵی بە گوندەکاندا گەڕاون بۆ ڕووپێوانی زەویە کشتوکاڵیەکان و تۆمارکردنیان بە ناوی خاوەنەکەی، خەڵکی گوندەکەمان لە سەر نیەتی خۆیان و بۆ ڕێزگرتن لە باوکی کە خۆی بە شێخ ناساندبوو و دەیوت بە چەند پشتێك وجاغم دەگەڕێتەوە سەر پێغەمبەری خودا، خەڵکی گوندیش بڕوایان پێی کردبوو، بە کەسێکی چاك و نورانییان دادەنا بۆیە بە کارمەندی ڕووپێوانەکەی فەرمانگەی کشتوکاڵیان وتبوو گشت زەویەکان لە سەر ناوی ئەو تۆمار بکەن. بەم شێوەیە گشت زەویەکانی گوندەکەمان لە تۆمارە فەرمیەکانی حکومەت بە ناوی باوکی تۆمارکران.

منیش وتم: باوکی کۆچکردووشی کە لە ژیاندا بوو داوای بەشەمولکانە و بەروبوومی ئەو زەویانەی لێ دەکردن؟

وتی: ئەو مردووە و ئێمە زیندووین، قسەیەك بۆ هەق بکەم، باوکم و مامەکانم و پیاوە بەتەمەنەکانی گوندەکەمان دەڵێن (تا شێخ لە ژیاندا مابوو باسی پارەدان و بەشەمولکانە و شتی وای لێ نەدەکردین، بۆیە ئێمەش بەبێ کێشە لە سەر پارچە زەویەکانی خۆمان کارمان دەکرد. بەڵام دوای مردنی ئەو کێشەیە سەری هەڵدا).

ئەمەی وت و ئیشارەتی بۆ عومەر قرچۆك كرد و وتی: ئەم عومەرەی كە لە بەر دەمت دایە ڕۆڵێكی زۆر خراپ دەگێڕێت و براكانی خۆشی بە گژ ئێمەوە ناوە و شوێن نەماوە ڕووی تێ نەكەن بۆ دژایەتی ئێمە، بەڵام ستایش بۆ خوا هەر لە سەردەمی حوكمڕانێتی عەبدولكەریم قاسم تاكو ئێستا، هەموو بەرپرسەكانی وەزارەتی كشتوكاڵ ئێمەیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی ئەو زەویانە زانیوە و لای ئێمەیان گرتووەز

كە ئەمەی وت، عومەر قرچۆك بە دەنگێكی گەورە وتی: زۆر دڵخۆش مەبە، تا هەتایە لێی ناخۆن، ڕۆژێك دێت ئەو زەویانەتان گشتی لێ وەردەگرینەوە.

وەستا كەریمیش وتی: جارێ تۆ كرێی كرێكارەكان و خەباتەكەم بە تەواوەتی بدەن خوا كەریمە بۆ ئەوكاتی.

ئەویش بە پێكەنینەوە وتی: هەتیم ئەتوو چەند چێڕەت درێژە، وەكو باوكت و مامەكانت نیت، من شێخی ئێوەم دەبێ لەگەڵ خەڵكی تر جیاوازیم پێ بكەیت.

ئەویش وتی: هەموو شتێك وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە، ژمارەی وەستا و كرێكارەكان دیارە و وا لەبەر چاوتن.

ئەمەی وت و دەستی خستە سەر شانم و وتی: لە بەر خاتری ئەم دراوسێیە باشەت كە تەنها بە هۆی كارەوە ناسیومە، پارەی خۆم و خەباتەكەمت لێ وەرناگرمن بەڵام خۆ دەبێت كرێی وەستاو كرێكارەكان بدەیت.

عومەر قرچۆك ئەم قسەیەی پێ خۆش بوو، بە پێكەنینەوە وتی: هەتیم ئەوها ئاقڵ بە، جارێكی تر نەدەیتە لاملی.

ئەویش وتی: زیاتر تاخیرمان مەكەن كرێكارەكان ماندوون پارەكەیان بدێ، با ئێمەش بڕۆین.

عومەریش دەستی بردەوە گیرفانی و بڕێك پارەی دەرهێنا و دایە دەستی و وتی: خۆت بە سەریاندا دابەشی بكەز

وەستا كەریمیش پارەكەی ژمارد، یەك دیناری كەم بوو، ڕووی لە عومەر قرچۆك كرد و پێی وت: یەك دیناری كەمە.

عومەر قرچۆکیش وتی: وامزانی ئاقڵ بویت بەڵام هێشتان ماوتە، شوورییە بۆ یەك دینار شێخی خۆت ئیحراج دەکەیت!

وەستا کەریم خەباتەچیش وتی: مەسەلە یەك دینار نیە، تۆ پارەی من و خەباتەکەشت نەداوە، دەشتەوێ لە گیرفانی خۆم دینارێکیش بخەمە سەر کرێی کرێکارەکان؟

عومەر قرچۆکیش وتی: هەتیم وابزانە نان و کەبابێکت بۆ کڕیوم.

وەستا کەریم لە گیرفانی خۆی دینارێکی دەرهێناو خستیە سەر پارەکە و بەسەریاندا دابەشی کرد و بەر لەوەی بڕوات، ڕووی لە من کرد و وتی: باش بوو بیرم هاتەوە، هەندێك چەمەنتۆمان لێ بڕا، لە سەر قسەی شێخ عومەر لە سەر خانووەکەی تۆ شانزە کیسەمان هێنا، هەر ئەوەندەشی لێ بوو.

منیش وتمك شەش تەن چەمەنتۆم بە قەرز هێناوە، کە سولفەی عەقاریم وەرگرت، ئەگەر تا ئەکات حکومەت چەمەنتۆی پێ نەدام، دبێ لە بازاڕی ڕەش بۆ خاوەنەکەی بگەڕێنمەوە. نامەوێ لەوە زیاتر دوای بخەم و خۆم شەرمەزار بکەمز

عومەر قرچۆکیش وتی: وا دابنێ تۆش ئەو چەمەنتۆیەت بە قەرز داوەتە من، کە وەرم گرت بۆت دەگەڕێنمەوە.منیش وتم: ئەوە تۆ چ دەڵێی، قەرزی چی، دەبێ بە زووترین کات بۆم بگەڕێنیتەوەن ئەی دیوارەکان بەچی بکەم، خۆ ناچم لە کەسێکی تریش قەرزی بکەم.

## عومەر قرچۆك نۆ کیسە چەمەنتۆی لێ خواردم :

دوای دوو حەفتە، ڕۆژێك دەچوومە سەر خانووەکەم مەوعیدم لەگەڵ وەستا شاکر هەبوو، دیواری حەوشەو ستارەکانی دەکرد، بە بەردەم خانووەکەی عومەر قرچۆك ڕەت بووم، تراکتۆرەکەی سەمەدم بینی پێنج تەن چەمەنتۆی بارکردبوون لە بەردەم خانووەکەی ئەو دایدەگرت. سلاّوم لێ کرد و پێم وت: عومەر ئەو چەمەنتۆیەی بە لە کوێ کڕیوە؟

وتی: لە حکومەت وەری گرتووە.

منيش وتمك خۆی له كوێیه؟

به دەست ئیشارەتی بۆ ژوورەوە كرد و وتی: له ژوورەوە خەریكی ئیش و كاره.

لەم قسانەدابووینن هاته دەرەوە و سڵاوی لێ كردم.

منیش وتم: به سەمەد بڵێ شانزه كیس چەمەنتۆ له بری ئەو چەمەنتۆیەی بردبووت له تراكتۆرەكەی نەهێنێته خوارەوە و بۆم بێنێته سەر خانووەكەمز

ئەویش وتی: شانزه كیس چەمنتۆی چی، تەنها حەت كیسه بوون خۆ هەڵنەهاتوومن وا به پەلەی بۆ وەرگرتنەوە، لێگەڕێ تا خانوەكەم تەواو دەبێت ئەوجا بۆت دەهێنمەوە.

كه وای وت، مێشكم له سەردا نەما، له توڕییان وەخت بوو فشاری خوێنم هەستێ و جەڵتەیەك لێم بدات، پێم وت: یەكەم شت حەوت كیس نیه بەڵكو شانزه كیسەیه، دووەمیش ئەو چەمەنتۆیەت به ئیزنی من نەبردووە تا به كەیفی خۆت بۆم بگەڕێنیتەوە. منیش وەكو تۆ خانوو دەكەم و پێویستیشم پێیەتی، ئێستا دەمەوێتەوە.

كه وام پێ وت، به دەنگێكی بەرز وتی: ئەو تۆ چ دەڵێی، تەنها حەوت كیسه بوو، ئەسڵەن شوورەییه كه لێم وەردەگریتەوە، ئەی بەچی دراوسێی یەكین.

وتم: ئەوە چ پەیوەندییێكی به دراوسێتیەوە هەیه، خۆ دینارێك و دوو دینار نیه چاوپۆشی لێ بكەم، نرخی چەمەنتۆ فڕیوە تەنی به سەد دیناره له بازاڕی ڕەش و دەستیش ناكەوێ.

ڕووی له سەمەد كرد و پێی وت: حەوت كیس چەمەنتۆ مەهێنه خوارەوە، بۆی ببه سەر خانووەكەی.

منیش وتم: حەوت كیسەی چی، وەستا كەریم خەباتەچی شایەته كه شانزه كیسەت له چەمەنتۆیەكەی من بەكارهێناوە.

وتی: هاهو من دەڵێم نێره تۆ دەڵێی بیدۆشه!

که وای وت له دڵی خۆمدا وتم (ئەو بە بەرچاوی هەموومان پارەی خەباتەو دەستهەقی وەستاکەریم و دوو کرێکاریشی بە نێرەکەری لێ خوارد و نەیدایە، ئێستا چۆن شانزە کیس چەمەنتۆی من دەداتەوە) بۆیە وتم با قسە تۆ بێت، بەڵام ئەوەش بزانە گەردەنت ئازاد ناکەم لە دونیایەکەی تر داوای ئیمانت لێ دەکەم.

# تخوب

خەریکی ئاودانی خانووەکەم بووم، گوێم لە عومەر قرچۆك بوو بە دەنگی بەرز لە سەر کەسێك هاواری دەکردو دەیوت: دار هەنجیرەکە کەوتۆتە ناو تخوبی من، مافی تۆی بە سەرەوە نیە، ئەگەر جارێکی تر تخوبەکە بگوازیتەوە خۆم دەزانم چیت پێ دەکەم. ئەویش لێی دەپاڕایەوەو بە نەرمی پێی دەوت کاکە ویژدانت هەبێت، لە خودا بترسە، ڕاستە دار هەنجیرەکە قەدی چەماوەتەوە ناو تخوبی تۆ، بەلاّم ڕەگ و ڕیشەی لەناو تخوبی منە و تۆ بەرەکەی بە حەرامی دەخۆیت.

ئەویش بە ەتوڕەییەوە وتی: عەمرت نەمینێ، من براگەورەتم گریمان دار هەنجیرەکە هی تۆش بێت، چۆن قسەی وا دەکەیت.

ئەویش دەیوت: تۆ کەی براگەورەییت بۆ ئێمە کردووە، لە دابەشکردنی میراتەکەش غەدرت لێ کردین و شوێنە باشەکەت بۆ خۆت هەڵگرت و زەویە بەردەلاّن و خراپەکەشت دایە ئێمە.

تا دەهات زیاتر دەنگیان لە سەر یەکدی بەرز دەکردەوە و جوێنی ناشیرین نەما بە یەکتری نەدەن.

دەستم لە ئاودانی خانووەکەم هەڵگرت و چوومە لایان، ڕووم لە عومەر قرچۆك کرد و پێم وت: ئەم پیاوە ناناسم، بەلاّم لە قسەکانیدا پێ دەچێت کەسێکی نزیکت بێت.

وتی: ئەوە حەمیدی برامە، باوکمان یەکە بەلاّم دایکمان جیایە.

منیش وتم: گوێم لێتان بوو لە سەر زەوی کشتوکاڵی دەمەقاڵێتان بوو.

وتی: لە باوکی ڕەحمەتیمانەوە زەوییێکی کشتوکاڵی و ڕەزو باخێکمان لە گوندی ئاقوبان بۆ ماوەتەوە، دار هەنجیرێکی تێدایە، قەدی لە ناو باخی منە و ڕەگەکەشی لە ناو باخچەی براکەمە، ئەوە چەند جارێکە ئەو برایەم تخوبی خۆی

دەگوازێتەوە و ناچارم دەکات بەم بەنزین گرانیە بڕۆمە ئاقوبان و دووبارە نخوبەکە ببەمەوە شوێنی خۆی.

وتم: چما ئەو دەنگە دەنگ و شیڕە شیڕەتان لە سەر دار هەنجیرێکە؟

وتی: بۆچی دارهەنجیرێك کەمە؟

وتم: سندوقی هەنجیر بە پێنج دینارە، گریمان هەنجیرەکە لەناو زەوی تۆیە نەك براکەت، تۆ باری داراییت خراپ نیە، چی تیایە ئەگەر براگەورەیی بنوێنیت و چاوپۆشی لێ بکەیت.

کەوام وت، بە توڕەییەوە وتی: چاکە بە ئاوی حەم مەکە، ئەگەر تۆ هەندە پیاویت، سندوقێك هەنجیری بۆ بکڕە.

منیش وتم: چما ئاقوبان لێرەیە، دار هەنجیرێك ئەوە دێنێ مەترسی ڕێگاوبان بگریتە بەر و بەم بەنزین گرانیە بچیتە ئەوێ و تخوبەکە بگوازیتەوە؟

وتی: کە وتت هەق ئاو لە شوێنی خۆی ڕادەوەستێ، من بۆ وەرگرتنەوەی هەقی خۆم ئامادەم تا ئەوپەڕی دونیا بچم.

وتم: من براکەت ناناسم، بەڵام وا پێ دەچێت باری دارایی زۆر خراپ بێت، دەنا بۆ بڕکە هەنجیرێك دەمی لە دەمت نەدەنا.

ئەمەم وت و بەجێم هێشتن و چومەوە سەر کاری خۆم.

## تاك و جۆت:

ئێوارە لە سەر خانوو دەگەڕامەوە، لە ڕێگا تووشی عومەر قرچۆك بووم دەچۆوە ماڵێ. بە یەکەوە تا گەڕەکی ڕووناکی ڕۆیشتین، ئۆتۆمبێلەکەی لە بەردەم ماڵی کوڕە پلکەکەی ڕاگرتبوو، لە سەری کۆڵانەکە فڕنییێکی سەمونی حەجەری لێ بوو، لاماندا هەندێك سەمون بکڕینن دینارێکم دانا دەسەمونی دامێ، ئەویش حەفت سەد و پەنجا فلسی دانا و پێی وت: ئەمڕۆ جۆتە.

خاوەنی فڕنیەکەش پارەکەی هەڵگرت و وتی: لە بیرمە دوێنێ تاك بوو.

ئەمەی وت و هەندێك سەمونی خستە ناو کیسەیەك و دایە دەستی.

ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاکێشام، نەمزانی مەسەلەی ئەم تاك و جۆتە چیە، شەرمیشم کرد لێی بپرسم مەبەستت لەم تاك و جۆتە چیە.

بە هەرحاڵ، گەڕامە ماڵەوە، ئەویش ڕۆیشتە ماڵی کوڕە پلکەکەی.

ئەم دیمەنە چەند جارێکی تریش دووبارە بوویەوە، هەر چەند جاری لە فڕنی سەمونەکە یەکتریمان دەدیتن هەمان قەوانی دووبارە دەکردەوە، هەندێك ڕۆژ دەیوت تاکە و هەندێك ڕۆژیش دەیوت جۆتە.

زۆرم مەراق بوو بزانم مەسەلەی ئەم تاك و جۆتە چیە و چشتێك لە نێوان عومەر قرچۆك و خاوەنی فڕنی سەمونەکە هەیە، بەم کۆدە تێی دەگەن.

جارێکی تر بەیەکەوە چوینەوە فڕنی سەمونە، وەکو ڕژانی پێشوو، دینارێکم دانا، خاوەنی فڕنی سەمونەکە دە سەمونی خستە ناو زەرفێك و دایە دەستم. عومەر قرچۆکیش حەفسەدو پەنجا فلسی دایە دەستی و پێی وت: ئەمڕۆ تاکە.

خاوەن فڕنیەکە سەری خۆی لەقاند و لەبەرخۆیەوە بە دەنگێکی نزم وتی(لاحەولە وەلا قووەتە ئیلا بیلا)، ئەمەی وت و ڕووی لە عومەر قرچۆك کرد و وتی: دەزانی لەوەتی تۆ سەمونم لەلا دەبەیت خەوم نەماوە، شەوانیش وشەی تاك و جووت لە گوێچکەکانم دەزرینگێتەوە.

ئەمەی وت و بە توڕەییەوە پارەکەی خستە ناو دەخیلەکەی و بە دەنگێکی بەرز وتی: بێزار بووم وەڵلاً بێزار بوومن نازانم بۆچی دەبێ بایی حەفسەدو پەنجا فلس سەمون بکڕیت و نەیکەیتە دینارێك. کاکە بۆ ئەوەی مێشکم ئاسوودە بێت و چیتر لەگەڵ ئەو تاك و جووتەی تۆ خەوم نەزڕێت، لەمەودوا هیچ مەڵێ، هەموو ڕۆژێك حیسابی جووتت بۆ دەکەم.

ئەمەی وت و بەبێ ژمارن کۆمەڵێك سەمونی خستە ناو زەرفێك و دایە دەستی.

عومەر قرچۆکیش زەرفەکەی وەرگرت و هیچ دەنگی نەکرد، نەمزانی مەبەستی عومەر قرچۆك لە وشەی ئەم تاك و جووتە چیە و بۆچی خاوەنی فڕنیەکە بەم وشەیە قەڵس بوو.

ڕووم لە خاوەنی فڕنیەکە کرد و پێم وت: زۆرم مەراقە بزانم ئەم تاك و جووتە چیە و بۆچی لەگەڵ وتنی ئەم وشەیە توڕە توویت؟

خاوەنی فڕنیەکە هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی: هەندێکجار پیاو بەدەست خۆی نیە کە توڕەبێت و هەڵچێت، بە لەتێك سەمون نە دەوڵەمەند دەبم و نە هەژاریش دەبم، بەخوا پێم خۆش بوو لە یەکەم ڕۆژەوە پێی وتبام هەشت سەمونم بدێ، نەك ڕۆژێك بڵێ تاکە و ڕۆژێکیش بڵێ جووتە. من لە خەمی ئەو لەتە سەموونە نیم، لە خەمی ئەوەدام ئەو خەڵکانەی لە سەرەی سەمون ڕاوەستاون، زەینیان بۆ شتێکی خراپ بچێت و بە شتێکی تری لێکبدەنەوە.

کە وای وت، زیاتر مەراقم کرد و وتم: هێشتان نازانم تۆ باسی چی دەکەیت، دەکرێ بۆم ڕوون بکەیتەوە مەبەستت لەم لەتە سەمونە چیە؟

وتی: خۆت دەزانی دە سەمون بە دینارێکە، عومەر لەجیاتی دینارێك هەموو جارێك حەفسەدوپەنجا فلس دادەنێت، داب و نەریت وایە حەوت سەمونی بدەینێ، چونکە ئەگەر هەشت سەمونی بدەینێ، نیو سەمون لە ئێمە دەڕوات، هەر خۆی قازانجەکەشمان هێندە نیە، تا بەرگەی ئەو زیانە بگرین. ئەلحەقی خەڵکەکە لەوە لێڕاهاتوونە و ئەوەی بایی حەفسەدوپەنجا فلس بکڕێت خۆی بەرگەی زیانەکەی دەگرێت و ڕازی دەبێت بە حەوت سەمون و دەنگ ناکات. بەڵام ئەم عومەرە لەو ڕۆژەوەی سەمون لای ئێمە دەبات، لەگەڵمان وا ڕێککەوتووە کە ڕۆژێك حەوت سەمونی بدەینێ و ڕۆژێکی تریش هەشت سەمون، تا ئەو لەتە سەمونەی لێ نەڕوات. جا بۆ ئەوەی بیرمان بێتەوە، کە پارەکەی دادەنێت، دەڵێ: ئەمڕۆ تاکە یان جووتە، ئێمەش تێدەگەین کە وتی تاکە حەوت سەمونی بۆ دادەنێین ئەگەر وتیشی جووتە، هەشت سەمونی دەدەینێ.

**تێکۆشەر :**

پاش ئەوەی خانوەکەم تەواو کرد، لە دەست کرێچیاتی ڕزگارم بوو، چوومە ناو خانووەکەم و عومەر قرچۆکیش خانووەکەی تەواو کردبوو، بووینە دراوسێ.

ڕۆژانە کە لە دەوامی فەرمی دەگەڕامەوە، دوای نانخواردن و پشودانێکی کورت، ئێواران بە پاسی گشتی دەچوومە بازاڕ، سەوزە و میوەم دەکڕی و بەر لەوەی تاریکی دابێت دەگەڕامە ماڵەوە.

لە چەند هەفتەی یەکەم عومەر قرچۆك بە ئوتۆمبێلەکەی بە بەردەممدا ڕەت دەبوو، نەك بۆی ڕانەدەگرتم تەنانەت سلاٌویشی لێ نەدەکردم نەوەك گلەیی لێ بکەم. بەلاٌم دوایی گۆڕانی بە سەر هات، دەتوت ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە هەڵهاتووە، کە دەگەیشتە بەر دەمم خۆی لە گێلی نەدەدا، ئۆتۆمبێلەکەی ڕادەگرت و داوای لێ دەکردم لەگەڵی بچمە بازاڕ. لە دڵی خۆمدا وتم (دەبێ ڕۆژ لە کامە لاوە هەڵهاتبێ، ئەو قرچۆکە دڵی لە ئۆتۆمبێلەکەی بۆتەوە و بۆم ڕادەگرێت).

ئەوەبوو لەگەڵی دەچووم و بە درێژایی ڕێگا بیرم لەوە دەکردەوە کە دەبێ چ بەرژەوەندییێکی لەگەڵم هەبێت، وا گۆڕاوە).

کە گەیشتینە بازاڕ، ئۆتۆمبێلەکەی بردە گەراجی تەعجیل و بەرلەوەی بیباتە ژوورەوە لە ناو دەرگا جامی ئۆتۆمبێلەکەی هێنا خوارەوە و ڕووی لە کارمەندی گەراجەکە کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: تێکۆشەر چۆنی، بەس نەڵێی خراپم، لە دەموچاوت دیارە ئەمڕۆ چاوت بە خۆشەویستەکەت کەوتووە).

ئەویش بە پێکەنینەوە وتی: ئەوە چۆن زانیت؟

عومەریش وتی: چۆن نازانم، تەماشای پیاو بکەم دەزانم چی لە ناو مێشکیدا هەیە.

ئەمەی وت و بە بێ ئەوەی تکیتی چوونە ژوورەوە ببڕێت، چووە ژوورەوە و لە گۆشەیەکی گەراجەکە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت. دوایی بە یەکەوە چوینە بازاڕی شێخەڵلاٌ بۆ شت کڕین، دەتوت کارمەندی سەرژمێرییە، دەگەیشتە لای هەر عەرەبانچییێك، لەگەڵی دەکەوتە قسە و گاڵەو گەپ کونیەی حەوت پشتی دەردەهێنا، دەتوت حەوت ساڵە دەیناسێت. دوای دەمێك سوعبەت و قسەی خۆشن ئەوجا ئەو میوەیەی کە دەیویست بە کەیفی خۆی هەڵی دەگرت و دەیخستە ناو زەرفەکەوە و دەیوت بۆم بکێشە.

له هەمووشی سەیرتر هەموو جارێك كە پارەكەی پێ دەدان، بە شێكی لێ دەبڕین و دەیوت (ڕقم لەو كلكە دەبێتەوە، خشتی كە). هەندێك جار وا ڕێك دەكەوت ئەو شتەی كە دەیویست بیكڕێت، نرخەكەی خشت بوو، بۆیە لەجیاتی یەك كیلۆ، كیلۆو نیوێكی دەكڕی و بەمەش نرخەكەی كەسری دەكەوتێ و لەكاتی پارەدان هەمان قەوانی لێ دەدایەوە و كەسرەكەی لێ دەبڕی.

كە دەگەڕاینەوە گەراج، لە ناو دەرگا ئوتۆمبێلەكەی ڕادەگرت و ڕووی لە كارمەندی گەراجەكە دەكرد و بە پێكەنین بە دەنگێكی بەرز هەمان قەوانی پێشتری بۆ لێ دەدایەوە و لەجیاتی ئەوەی دینارێكی گەراجانەی بداتێ، داوای دوو پەرداخ ئاوی ساردیشی لێ دەكرد.

ئەم دیمەنە زۆر سەرنجی ڕاكێشام، لە بیری خۆمدا دەموت (لەوانەیە خاوەنی گەراجەكە خزمێكی نزیكی بێت یان یەكێك بێت لە كرمانجەكانی یان مریدەكانی، بۆیە بۆیە پارەی لێ وەرناگرن).

ڕۆژێك لەگەڵ برای عومەر قرچۆك لە بازاڕ دەگەڕامەوە، ئۆتۆمبێلەكەی لە گەراجی تەعجیل بوو، كە گەیشتینە ناو دەرگا، دەستی خستە گیرفانی و دینارێكی دەرهێناو دایە دەستی.

كە ئەوەم دیت، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر خاوەنی گەراجەكە خزم یان كرمانجی عومەر قرچۆك بێت دەبوو بۆ براكەشی هەمان شت بێت و پارەی لێ وەرنەگرن)، بۆیە پێم وت: تۆو عومەر هەردووكتان بران، بۆچی عومەر پارەی گەراج نادات و تۆ دەیدەیت؟

وتی: هەقم بە سەر براكەم نیە، من وەكو ئەوم پێ ناكرێت، ئەو زمانی لووسە و بە دوو قسەی خۆش دەیانتڕێنێ و پارەی گەراجیان ناداتێ، بۆ یەك دینار چاوی خۆی پان دەكاتەوە و دەڕوات. من پارەی خۆم دەدەم و بە سەر بڵندی دەچمە دەرەوە.

منیش وتم: بە پێی قسەكاتن، خاوەنی ئەم گەراجە هیچی ئێوە نیە.

وتی: نەخێر هیچی ئێمە نیە.

**ژنی عومەر قرچۆك زیزدەبیّ:**

ڕۆژێك عومەر قرچۆكم بە جل و بەرگێكی گەچراو و ناڕێك بینی، یاخەی قەمیسەكەی چڵكی لیّ نیشتبوو لە پیسیان چڵكی ڕەش دەچۆوە. هەگیز عومەر قرچۆكم بەم دیمەنە نەبینی بوو، تەنانەت ئەو ڕۆژانەی كە خانووشمان بە یەكەوە دروست دەكرد، جل و بەرگەكانی لە ئێستا پاكتر و ڕێككتر بوو.

ئەم دیمەنە چەند ڕۆژێكی تریش دووبارە بۆوە، كە عومەر قرچۆكم بەو شێوەیە دەبینی، نەمتوانی بیّ دەنگ بم، پێم وت: ماوەیەكە بە جل و بەرگێكی نەشیاو دەتنبینم، ئەو قەمیسەی لەبەرت كردووە، دەڵێی لە بالە دەرهاتووە، هەموو شوێنێكی گەچراوە، قەت تۆم بەم شێوەیە نەبینیوە، خێرە؟

وتی: ژنەكەم زیز بووە و كچە گەورەكەشم بە شوداوەو لە دەرەوەی ولاّت دەژیت، ئەوانی تریش بچوكن، كەس نیە بۆم بشوات.

وتم: جلە پیسەكانت لەگەڵ تۆزێك تایت بخە ناو جلشۆرەوە و خۆت بیشۆ، كارێكی گران نیە، ئەم دیمەنە ناشیرینە لە تۆ ناوەشێتەوە، جوان نیە بەم جل و بەرگە نەشیاوە بچیتە دەوام.

وتی: جلشۆرمان نیە.

وتم: تۆ چی دەڵێی، ماڵ هەیە جلشۆری نەبێت، خۆ سەردەمی پێشان نیە لە ناوە تەشت جل بشۆردرێت!

وتی: بۆچی سەردەمی پێشان چ عەیبی هەبوو، ئەی پیاو بۆچی ژن دەهێنێت، ئەگەر بۆ خزمەت كردن نەبێت.

منیش وتم: ئەگەر ژنەكەت نەخوێندەوار و ژنی ماڵەوە بوایە، تۆزێك ڕێی تیّ دەچوو، بەلاّم ژنەكەت مامۆستایە و لە خانەوادەیەكی دیارە، چۆن دڵت دیّ داوای لیّ بكەیت بە دەست بۆت بشوات.

وتی: خۆ بووكە شووشە نیە لەناو جامخانە داینێم و تەماشای بكەم، ئەگەر جلم بۆ نەشوات و نانم بۆ نەكات و چێشتم بۆ لێنەنێت بۆچی باشە.

وتم: ناكات بە سێرو پەرەمێز نانی پیّ بكەیت؟

وتی: بۆچی سێر و پەرەمێز چیەتی، لە سەردەمی دایك و باوکمان ئەوەش نەبوو، بە دار و قشپل نانیان دەکرد، تا نانیان تەواو دەکرد، لە جیاتی هەوای پاك دوکەڵیان هەڵدەمژی.

وتم: پێت نەوتم لە سەر چی ژنەکەت تۆراوە؟

وتی: ئەگەر پێت بڵێم چ سوودێکی دەبێت، تۆ لە ئێستاوە بویتە پارێزەری و بەرگری لێ دەکەیت.

وتم: مەسەلە بەرگری کردن نیە، دایك و باوکمان لە سەردەمێك ژیاون، ئەم شتانەی کە ئەمڕۆ هەن، ئەوکات نەبوونن ئەگینا ئەوانیش نان و شیویان بە دار و قشپل نەدەکرد. دەڵێی تۆ لەم سەردەمە ناژیت، بیرکردنەوەکانت ڤرۆر کۆن و دواکەوتوون.

کە وام پێ وت، هیچ قسەیەکی نەکرد و بە تووڕەیی و بە بێ خواحافیزی منی جێهێشت و ڕۆیشت.

ڕۆژێك لە دەوام دەهاتمەوە، ژنەکەی عومەر قرچۆکم لە ماڵی خۆمان بینی، لەگەڵ هاوسەرەکەم لەناو باخچە دانیشتبوون. کە چاوی بە من کەوتن قسەکانی بڕی و ڕۆیشت. منیش بە هاوسەرەکەمم وت: ژنی عومەر قرچۆك زیز ببوو، لە کەیەوە هاتۆتەوە؟

وتی: نەدەهاتەوە، بەڵام دایکی بە زۆری هێناویەتەوە.

وتم: پێی نەوتی لەسەر چی زیز ببوو؟

وتی: ئەگەر بۆت باس کەم سەرت دەسوڕمێ.

وتمك بۆم باسکە زۆرم مەراقە بزانم بۆچی ئەم ژنە زیز بووە، خۆزگە جلی عومەر قرچۆکت دەبینی دەتوت لە سەر زبڵدان هەڵگیراوەتەوە، هێندە پیس و پەرۆس بوو.

وتی: ئەو ژنە داماوە وەکو هەر ژنێکی خاوەن وەزیفە مانگە بیست دیناری داوەتە دایك و باوکی، عومەریش سوێندی لێ خواردووە ئەگەر ئەو بیست دینارەیان بداتێ نابێت چیتر لەگەڵی بمێنێتەوە.

وتم: تف له هەزار پیاوی وا، چما ئەو نامەردە بەو ڕادەیە هیچ و پووچ و ڕەزیل و پیسکەیە؟!

وتی: خۆزگە بە گوێچکەکانی خۆت گوێت لێی دەبوو، چی لێ دەگێڕایەوە، ئەو ژنە داماوە لە دۆزەخدا دەژیت.

منیش وتم: چی دەوت؟

وتی: تا چێشتەکە سارد نەبۆتەوە با نانی نیوەڕۆ بخۆین، دوایی ورد و درشت هەموویت بۆ دەگێڕمەوە.

کە لە نانخواردن بوومەوە بە ژنەکەمم وت: ئەوجا بۆم باس بکە بزانم چی تری دەوت؟

وتی: چایەم لە دێم دانایە، ئارام بگرە، با چایەکەش بخۆینەوە ئەوجا هەمووت بۆ باس دەکەم.

کە گوێم لە وشەی (هەموو) بوو، زیاتر کەوتمە مەراق و نەمتوانی ئارام بگرم، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم قرچۆکە دەبێ چ دەردێکی دابێتە ژنەکەی).

ڕووم لە هاوسەرەکەم کرد و پێم وت: چاییێکم بۆ تێکە و بۆم باسکە بزانم چیڕۆکی زیزبوونی ئەم ژنە چیە.

ئەوەبوو چایەکەی تێکرد و بە دەم چا خواردنەوە وتی: هەر چەندە ژنەکەی عومەر لە سەر بیست دینار زیز بووە، بەڵام تەنها لە سەر ئەوە نەڕۆیشتووە. وەکو بۆی باس کردم، قرچۆکییەکەی لە ڕادە بە دەرە، لەوەتی مێردی بەم پیاوە کردووە، تێر بە زگی خۆی نانی نەخواردووە، وەکو کۆیلە تەماشای دەکات.

منیش وتم: شتەکان تێکەڵ مەکە، جارێ بۆم باسکە مەبەستت لەم بیست دینارە چیە؟

وتی: خۆت دەزانیت وەك نەریتێکی لێ هاتووە ئەو کچەی مێرد بکات ئەگەر مووچەخۆر بێت بڕێك لە مووچەکەی مانگانە دەداتە دایك و باوکی. ئەو بەخت ڕەشە لەوەتی مێردی کردووە تاکو ئەمڕۆ هەر ناکۆکییان بووە لە سەر ئەم بڕە پارەیە. بەڵام ژنەکەی گوێی پێ نەداوە و بەردەوام بووە. لەم دواییەدا پیاوەکەی

لێی توند کردووە و بە تەلاق سوێندی لێ خواردووە ئەگەر ئەو پارەیەیان بداتێ، تەلاقیان لە یەکتری بکەوێت. ژنەکەشی نەیکردۆتە نامەردی و چۆتەوە ماڵی باوکی. بەلام ئەو لە برسان مردووە چ گوێی لێیە، کەی نرخی ژنەکەی دەزانێ، ئەگەر نان و گوش بخوات بەلایەوە ئاساییە تەنها پارەی تێ نەچێت.

منیش وتم: کەواتە چۆن گەڕایەوە، ئایا پیاوەکەی هاتۆتە سەر ڕێگای ئەو و ڕازی بووە کە مانگانە ئەو بڕە پارەیە بداتە دایکی یان بە ژنهێنان هەڕەشەی لێ کردووە.

وتی: نەخێر لە سەر قسەکەی خۆی سوور بووە کە لێی جیا بێتەوە. بەلام دایکی ژنێکی ئاقڵە نەسیحەتی کچەکەی خۆی کردووە کە لەبەر ئەوان ماڵی خۆی تێکنەدات و بگەڕێتەوە لای. هەروەها پێی وتووە (ئەو پارەو پوولەی مێردەکەت بە ڕەزیلی و قرچۆکی کۆی دەکاتەوە لە کۆتاییدا بۆ تۆ و منداڵەکانت دەمێنێتەوە) بۆیە دەستی گرتووە و هێناویەتە ماڵەوە و چۆن چەندین ساڵە بەرگەت گرتووە، ئێستاش بەرگەی بگرە.

منیش وتم: بێ لەو پارەیە چ شتێکی تر هەبووە بەرگەی بگرێت؟

وتی: زۆر شتی سەیر و سەمەرەی لێ دەگێڕایەوە، دەیوت (لەوەتی مێردم بەم پیاوە کردووە بە تێری نانم لە ماڵی خۆم نەخواردووە. ئەگەر خزمێکیشم بێت، چاوەکانی دەچنە پشتی سەری، بە ئەو بێت کەس لە ماڵمان ئاویش نەخواتەوە).

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ژوورێکی بچوکی لە ناو چێشتخانەکە دروستکردووە و کردوویەتی بە کۆگا، خۆراکی لەناو دادەنێت و دەرگاکەش قوفلێ دەدات. ڕۆژانە بەشە خۆراکی ڕۆژێکمان بە حیساب و بە کیتاب دەداتێ. ئەگەر باوك ودایك و خوشك و براکانم یان خزمێکی نزیکم بێتە لامان، وەکو یەکەی سەربازی سەرژمێرییان دەکات و بەگوێرەی ئەوان بڕێك ئازووقەی زیاترم بۆ بەردەست دەکات و جەختیش دەکاتەوە و دەڵێ (نرخی ئەو ئازووقەیە بزانە و دەستی پێوە بگرە، نەکەی بە فیڕۆی بدەیت)، بزانە ڕەزیلی و قرچۆکیەکەی گەیشتۆتە ڕادەیەك میوانی بەستەزمان لە ماڵمان شەرم لە خۆی دەکاتەوە و

نازانیٚ چۆن پاروو لە قورگی دەچێتە خوارەوە، تا پارویٚك قوت دەدات، چاوەكانی لە سەر دەمیەتی و پێی دەلٚیٚ (ئاگاداری خۆت بیت باشە، كەمێك قەلٚە بویت).

منیش وتم: خۆ بەرخی بۆ سەر نەبڕیوە وای پیٚ دەلٚێت!

ژنەكەم درێژەی بە قسەكانیدا و وتی: ئەو ڕۆژەی شیوی كفتەمان هەبێت، نایەلٚیٚ لە یەك كفتە زیاتر بخۆین، ئەگەر میوانیشمان هەبێت نایەلٚیٚ لە یەك كفتەی بۆ دابنێین، دەلٚیٚ (ئاوی كفتە وەكو تەشریبە، ئەو كفتەیە زیادە، نانێك لە ئاوەكەی بگوشن و بیخۆن زۆر بە تاك و بە لەزەتە).

منیش وتم: بڕواناكەم لە سالٚی گرانیش شتی وا ڕوویدابیٚ، ئەم قرچۆكە هەر ددانێكی بە حەوت سالٚ هاتووە.

وتی: ژنەكەی عومەر ڕووداوێكی سەیری بۆ گێڕامەوە، وتی جارێك باوكم و دایكمی دەعوەت كردبوو، ئەوانیش لەگەلٚ براگەورەكەم بە ئۆتۆمبێلی ئەو هاتن، كە چاوی پیٚ كەوتن و بینی براگەورەكەمیان لەگەلٚدایە، چاوی چووە پشتی سەریەوە و بە توڕەیی بە دایكمی وت (من تەنها تۆ و خەزورمم دەعوەت كردووە، تەنها بەشی ئێوە چێشتمان كردووە، ئێستا ئێمە چی بكەین، مەگەر لە بەشی خۆتان بیدەنیٚ)، ئیتر ئەوەبوو دایكم براكەمی ئیزندا، لەبەر من نەبا ئەوانیش لەگەلٚی دەڕۆیشتنەوە، بەلاٚم دانیان بە خۆدا گرت و هیچ دەنگیان نەكرد. ئەو ڕۆژە كفتەم لێنابوو، عومەریش بە حیساب برشوشی دابوومیٚ و جەختی كردەوە كە بۆ هەر یەكێیك لە یەك كفتە زیاتر دانەنێم. بۆیە منیش بە پێی ژمارەی خۆمان و ئەوان كفتەكانم دروست كردبوو.

ژنەكەم بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی قسەكانی ژنی عومەر قرچۆك و وتی: ژنەكەی عومەر كە ئەمەی بۆم گێڕایەوە، چاوەكانی پڕی ئاو بوون، بە چاوی گریانەوە وتی (باوكم زۆر حەزی لە كفتەیە، هەر جارێك دایكم كفتەی كردبا، لە سیٚ كفتەی كەمتر نەدەخوارد. كفتەی من لە چاو كفتەكانی دایكم زۆر بچووك بوون، بە پێی بڕی ئەو بڕووشەی بۆی دانابووم دروستم كردبوون، باوكم نەیزانی بەشی تەنها یەك كفتەیە، بۆیە كفتەكەی شكاند و لەگەلٚ پارچە نانێك خواردی.

عومەریش کە ئەوەی دیت بە تووڕەییەوە بە باوکمی وت مارت بە قوڕێ نەگیرێ، تا من وتم بسمیلا تۆ چۆن ئەو کفتەیەت ئاودیو درد، ئێستا چ دەخۆیت، کفتەشمان نەماوە بۆت بێنین، مەگەر نان لە ئاوەکەی بگوشیت و وەکو تەشریب بیخۆیت).

کە ژنەکەم وای وت، پێم وت: ئەگەر ژنەکەی ژن با، دەبوو هەر ئەوکات لێی جیا بێتەوە.

ژنەکەشم وتی: ئەمجارەش لە سەر بیست دینار ئەو ژنە نازدارەی خستە بەردەم دوو بژاردە، یان ئەو بڕە پارەیە نەداتە دایکی، یانیش لێی جیابێتەوە. کەچی دوو مانگ بەسەر زیزبوونەکەی تێنەپەڕی، دایکی کچەکەی خۆی بۆ هێنایەوە و ڕایان نەگرت.

ژنەکەم بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی چیرۆکی ئەو ژنە داماوە و وتی: ئەمڕۆ ژنە سواڵکەریش دنکە ترێی بنی سەبەتە ناخواتن کەچی پیاوەکەی لەجیاتی وشووە ترێ دنکەکانی بن سەبەتەیان بۆ دەکڕێت و دەڵێت (ترێ هەر ترێیە، دنك بێت یان وشوو، بۆچی پارەیەکی زۆری پێ بدەمن لەکاتێکدا ئەم دنکە ترێیانەی بن سەبەتە هیچ عەیبیان نیە و دەخورێن).

# گەشتێك بۆ گەلی عەلی بەگ

ڕۆژێك لە بەر دەرگای ماڵەوەمان ڕاوەستابوومن چاوەڕێی هاتنی غاز فرۆشم دەکرد، عومەرم بینی لە بازاڕ دەهاتەوە، سڵاوی لێ کردم و وتی: بەیانی خۆتان ئامادەکەن لەگەڵ خۆمان دەتانبەین بۆ گەلی عەلی بەگ و لەوێشەوە دەچینە جوندیان، ئێوە مەنجەڵێك دۆڵمە لەگەڵ خۆتان بهێنن و ئێمەش بریانی دەکەین بۆ نانی نیوەڕۆ، تا ئێوارە لەوێ دەبین و دواییش دەگرێینەوە.

کە وای وت سەرم سوڕما، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم قرچۆکە لە ڕەزیلیان گوی خۆی دەکولێنێ، تا ئەم خانووەی تەواو کرد دڵی نەدەهات بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی بێتە سەر خانوو، لە گەڕەکی ڕووناکیەوە بە پێ دەهاتە سەر خانوو، ئێستا چۆن دڵی دێت ئەم چاکەیەمان لەگەڵ بکات!).

لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، لێی دووبارە کردمەوەو وتی: بە براژنم بڵێ دۆڵمەکە بە برنجی بایعی لێنەنێت، هەندێك پارچە پەراسووی بەرخیشی لە ژێر دابنێ.

کە بە هاوسەرەکەمم وت، چاوەکانی زەق بوونەوە، وتی: تۆ بە ڕاستیتە یان سوعبەت دەکەی؟

وتم: بە ڕاستیمە، بێ ئەوەی داوای لێبکەم لە خۆیەوە ئەم بابەتەی کردەوە و تەنانەت جەختیشی کردەوە کە دۆڵمەکە بە برنجی بایعی نەبێت و پەراسووی بەرخیشی لە ژێر بێت.

ئەویش وتی: دەڵێم عومەر هێندە سەخی نیە، بە ئۆتۆمبێلی خۆیان بۆ سەیران بمانبات، تومەز ئەو لە برسان مردیە لە بەر برنجی کوردی و پەراسووی بەرخ دەمانبات.

بەیانی زوو خۆمان ئامادەکرد و کەل و پەلەکانمان لە بەر دەرگا دانا، چاوەڕێمان دەکرد بێت، تا لەگەڵیان بڕۆین. چەند ڕۆژێك بوو برازاکەم بە میوانی

هاتبووه ماڵمان، پێم عەیب بوو ئیزنی بدەمن بۆیە بەویشم وت کە خۆی ئامادە بکات و لەگەڵمان بێت.

عومەر قرچۆك ئۆتۆمبێلەکەی هێنا دەرەوەو وتی: خواردن و کەل و پەلەکانتان بخەنە ناو سندوقی ئۆتۆمبێلەکە، ئێمە شتەکانی خۆمان داناوە، پاش کەمێکی تر دەڕۆین.

دوای ئەوەی شتەکانمان لە ناو سندوقی ئۆتۆمبێلەکە دانا، خۆم و برازاکەم و هاوسەرەکەم لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکە دانیشتبووین، چاوەڕێی هاتنی عومەر قرچۆك و ژن و منداڵەکەیمان دەکرد، کە عومەر هات و چاوی بە برازاکەم کەوت، بە تووڕەییەوە وتی: ئەم کوڕە قەڵەوە کێیە، با بێتە خوارەوە تا تایەی ئۆتۆمبێلەکەم پەنچەر نەبووە.

منیش وتم: ئەوە برازامە، بە سەردان هاتۆتە لامان، من داوام لێی کرد کە لەگەڵمان بێت.وتی: ئەگەر ئەو لەگەڵمان بێت ئەی ژن و منداڵەکەم لەکوێ سواربن، خۆ لە سەر سەری خۆمیشیان دانانێم. پارەی چوونەوەی بدێ و بەڕێی بکە. تۆ وا دەزانی دەبابەم پێیە ئەو هەموو کەسەی لێبدەم!

لە داخان ویستم شتەکانمان بێنمە خوارەوە و لەگەڵی نەچین، بەڵام دانم بە خۆمدا گرت و هیچ دەنگم نەکرد. داوای لێبوردنم لە برازاکەم کرد و پێم وت: خۆزگە ئۆتۆمبێلی خۆم بایە، لەگەڵ خۆمانم دەبردی، بەڵام چیبکەم ئۆتۆمبێلی خۆمان نیە و ناتوانم هیچ بڵێم.

برازاکەم لێم تێگەیشت وتی: مامە خەم مەخۆ، هەر خۆی چەند ڕۆژێکە ماڵەوەم بەجێهێشتووە، ئێستا دایك و باوکیشم خەمی منیانە، دەڕۆمەوە.

بەم شێوەیە، برازاکەم لە ئۆتۆمبێلەکە هاتە خوارەوە و ئێمەش بەڕێکەوتین.

سەرەتا چووینە تاڤگەی عەلی بەگ و لاماندایە گازینۆیەك، چایەو ساردەمەنیمان خوارد، لە کاتی پارەدانیش عومەر قرچۆك بە فێڵی دەستاوکردن خۆی دزیەوە و پارەی چایە و ساردەمەنیەکانی بە ئێمە دا.

دوایی چووینە هاوینەهەواری جوندیان، کارمەندی بەکرێدانی کەپرەکان پسوولەی پارەی کەپرەکەی پڕ کردەوە و وتی: کامتان پارەی کەپرەکە دەدەن، عومەر قرچۆك ڕووی تێ کردم و وتی: جزدانی پارەکەم لا نیە، لە ناو ئۆتۆمبێل لە بیرم کردووە. کە وای وت لە دڵی خۆمدا وتم (بە فێڵی هەڵنەگرتنی جزدان خۆی لە پارەی کەپرەکەش دزیەوە).

نانی نیوەڕۆمان لەوێ خوارد، ماڵی عومەر قرچۆك بریانیێکی بێ گۆشتیان بە زەردەچەوە لێ نابوو، ئێمەش دۆڵمەمان بە برنجی کوردی لێ نابوو، ژنەکەم یەك کیلۆ پەراسووی بەرخی لە ژێر دانابوو، لە خۆشییان پەنجەی خۆتت لەگەڵ دەخوارد. لە بەر دۆڵمەکەی ئێمە، عومەر بۆ تامیش کەوچکی لە بریانەکەی خۆیان نەدا، ناوە ناوەش سوێندی پێدادەداین و دەیوت: توو سەری من ئەگەر بریانی نەخۆن.

ئەمەو کەوتە مەدح و سەنای بریانیەکەیان و دەیوت: خاتوونەکەم شارەزایە لە لێنانی بریانی، ئەو وەکو خەڵکی تر لێی نانێت، بە زەردەچەوە لێی دەنێت چونکە زۆر بە سوودە بۆ مرۆڤ، بە پێی لێکۆڵینەوەکان ڕێگری لە نەخۆشی شەکرە دەکات و بۆ کۆکەو ئازاری لەشیش بە سوودە.

لە بەر دڵی ئەوان دوو کەوچکم خوارد، بە برنجی بایعی لێندرابوو، لە بەر بۆنی ئەسپێش قێزم دەبۆوە و ئێڵنجم دەهاتێ، دەهات بڕشێمەوە. تا ئێوارە لەوێ ماینەوە و دوایی گەڕاینەوە. لە ڕێگا لە نزیك گوندی مامەجەلکە لایدایە چێتخانەیەك و وتی: زۆری نەماوە بۆ نوێژی مەغریب، با لەم چێشتخانەیە پشوێك بدەین و نانی ئێوارە لێرە بخۆین.

لە دڵی خۆمدا وتم (خۆزگە گوم بخواردبا و لەگەڵ ئەم قرچۆکە نەهاتبام، خەرجی بەکرێگرتنی کەپر و پارەی ساردەمەنی و چایەکانی بە ئێمە دا، ئێستاش دەیەوێ پارەی ژەمی ئێوارەش بە ئێمە بدات).

بە هەرحاڵ، هاتینە خوارەوەو چووینە چێشتخانە، ئاومان بە دەست و چاومان داکرد و دانیشتین. شاگردی چێشتخانەکە هاتە لامان، ناوی کۆمەڵێك خواردنی بۆ ژماردین وتی: چی دەخۆن؟

ژنەکەم وتی: هێشتان خواردنی نیوەڕۆمان هەزم نەکردووە، هیچمان پێ ناخورێ، مەگەر شتێکی سووك بخۆین.

منیش وتم: بۆ هەر یەکەمان شیشێك کەباب بێنە.

ڕووی لە عومەر قرچۆکیش کرد و پێی وت: ئێوە چی دەخۆن بۆتان بێنم؟

بێ ئەوەی ڕای ژنەکەی وەربگرێت وتی: دوو نەفەر قۆزیمان بۆ بێنە، گۆشتەکەی زەند بێت.

کە لە خواردن بووینەوە، ویستم پێی بڵێم هەریەکەمان پارەی خۆمان دەدەین، بەڵام بەرلەوەی قسە بکەم، بە ڕاکردن ڕۆیشتە دەرەوە و بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی: وەختە لۆرییێك خۆی بە ئۆتۆمبێلەکەم دابدات، ئەگەر نەگەمە لای، تووشی بەڵایەکمان دەکات.

ئەمەی وت و تێی تەقاند.

منیش ناچار بووم دەست بخەمە گیرفانم و پارەی ئەوانیش بدەم.

بەم شێوەیە خۆی لە پارەدان دزیەوە و بەرەو شەقڵاوە بەڕێکەوتین. کە گەیشتینە ئەوێ، لایدایە بەنزینخانەیەك و تانکی ئۆتۆمبێلەکەی پڕ کرد و وتی: وەکو گازینۆکەی عەلی بەگ و چێشتخانەکە نەکەیت، دەست نەخەیتەوە گیرفانت، ئەمجارەیان من پارەکە دەدەم.

وەك ئەوە وایە کە ئۆتۆمبێلەکە هی من بێت و ئەو پارەی بەنزینەکە لە جیاتی من بدات. لە خەفەتان لە ناوەوە وەکو گڕکان گڕم گرتبوو، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەمە یەکەم سەفەر و دوواهەمین سەفەرم دەبێت لەگەڵ ئەم قرچۆکە).

**جەرگ و هەناو:**

بۆی گێڕامەوە وتی: یەکەم دامەزراندنم لە باشووری عێراق لە شاری ناسریە بوو، ئەوکات ژنم نەهێنابوو، لە ماڵی خاڵم بووم. خاڵم بە هۆی شۆڕشی ئەیلولەوە دوور خسترابۆوە و لەو شارەدا بە زۆری نیشتەجێ کرابوو. هەرچەند دەرچووی کۆلێژی ئابووری و کارگێڕیش بوو، لە ناو شۆڕشیش پۆستێکی گەورەی هەبوو، کەچی بۆ سووکایەتی لە شارەوانی ناسریە کرابووە چاودێری شارەوانی. خەڵکی ئەو شارە زۆریان خۆشدەویست و ڕێزیان لێ دەنا، زۆر جار کە دەچووە بازاڕ منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد و بە دوکاندار و خاوەن شوێنە بازرگانیەکانی دەناساندم.

خاڵم هاوڕێیەکی هەبوو، چایەچی بوو، زۆربەی ئێواران دەچووە لای و منیشی لەگەڵ خۆی دەبرد، یاری شەترەنجیان دەکرد. ڕۆژێك کە لە یاری بوونەوە، خاڵم پێی وت: ئەبوو عەلی کە حکومەت ئێمەی دوور خستەوە و ئێمەی هێنا بۆ گەڕەکەکەی ئێوە، بۆچی خەڵکی گەڕەك لێمان دەترسان و بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکردین؟

ئەبوو عەلیش وتی: پێش ئەوەی حکومەت ئێوە بۆ ناسریە دوور بخاتەوە، کۆبوونەوەیان لەگەڵ کردین و پێیان وتن لەم ڕۆژانە هەندێك کەس لە باکوری عێراق دەگوازینەوە بۆ ئێرە، ئەوان دڕندەو وەحشین، مرۆڤ بە پێستەوە دەخۆن. جا کە ئێوەیان هێنا پێیان وتن ئەوانە ئەو وەحشیانەن کە پێشتر ئاگادارمان کربوونەوە، وریای خۆتانبن دەنا بە زیندوویی دەتانخۆن.

خاڵیشم قسەکانی پێ بڕی وتی: بۆچی شێوەی ئێمە لە دڕندە و وەحشی دەچێت؟

بە پێکەنینەوە وتی: کەسێکتان لەگەڵ دابوو ناوی بارزان مەلاخالید بوو، دەموچاوی هەمووی لۆچ و پۆچ بوو، شێوەی لە مرۆڤی نیاندەرتاڵ دەچوو، بێژەری دەنگی کوردستان بوو، کە خەڵکەکە ئەویان بینی، باوەڕیان بە قسەکانی پیاوەکانی حکومەت کرد و لە ترسان تۆقین.

خاڵیشم وتی: بارزان مەلاخالید کەسێکی ڕۆشنبیر و قسە خۆش و سوعبەتچیە، نەدەبوو لێی بترسێن.

ئەویش وتی: ئێمەیان بە زانیاری چەوت چەواشە کردبوو، دواتر بۆمان دەرکەوت کە ئێوە میلەتێکی ستەم لێکراون، بەرگری لە مافی خۆتان دەکەن، زیانی کەستان نیە.

ماوەیەك لەماڵی خاڵم مامەوە، خەڵکی ئەو شارە زۆربەیان شیعە مەزهەب بوون، جەرگ و هەناوی ئاژەڵیان نەدەخوار بەلایانەوە حەرام بوو. کە ئاژەڵیان سەردەبڕی جەرگ و هەناوەکەیان فڕێ دەدا. منیش ئەم دەرفەتەم قۆستەوە کە لە دەوامی فەرمی دەگەڕامەوە، خۆم لە خاڵم دەدزیەوە و بە تەنیا دەچوومە بازاڕ و هەرجارەی سەردانی گۆشتفرۆشێکم دەکرد و پێم دەوت (لە ماڵەوە سەگم ڕاگرتووە، ئەو ئاژەڵانەی کە سەریان دەبڕیت، جەرگ و هەناوەکانیان فڕێ مەدە، بۆ من هەڵیان بگرە بۆ سەگەکەمی دەبەمەوە).

بەم شێوەیە تا لەو شارە فەرمانبەر بووم، بە سەر گۆشتفرۆشەکان دەسوڕامەوە و هەمان قەوانم لێ دەدایەوە، و جەرگ و هەناوی ئاژەڵەکانم بە خۆڕایی دەهێناو لە شیشم دەدا و لە سەر ڕەژوو دەمبرژاند.

کە ئەمەی وت لە قاقای پێکەنینی داو لە تاوان چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو و قسەکانی پێ تەواو نەکرا.

منیش وتم: عومەر ئەم پێکەنینەت لە چیە، بۆم باسکە دوایی چی ڕوویدا؟

وتی: بە هۆی ئیفاد بوونم بۆ دەرەوەی ناسریە، چەند ڕۆژێك سەردانی گۆشتفرۆشەکانم نەکردبوو، یەکێك لە گۆشتفرۆشەکان بە خاڵمی وتبوو (ئەم هەفتەیە خوارزاکەت نەهاتووە جەرگ و هەناوی ئاژەڵەکان بۆ سەگەکەی ببات، خۆ سەگەکەی نەتۆپیوە؟).

که خاڵیشم ئەمەی گوێ لێ دەبێت، سەری دەسوڕمێ، بەڵام ئەوەی باش بوو، منی بە درۆ نەخستبۆوە و هیچ دەنگی نەکردبوو.

منیش وتم: ئەی تۆ چیت پێ وت؟

وتی: چی بڵێم، نەمتوانی ئینکاری بکەم، پێم وت (کە بینیم ئەو جەرگ و هەناوە جوانە دەخەنە ناو زبڵدان، بە بیانووی سەگ بەخێو کردنەوە لێم وەردەگرتن و دەمخوارد).

کە وام بە خاڵم وت، تفی لێ کردم و وتی (دەك داوەشێی، عەمری خۆت و بیرکردنەوەت نەمینێ، چیت دەکرد ئەگەر بە درۆم بخستایتەوەو بم وتبا سەگی نیە، ئەو کات ئابڕووی سەد ساڵمان دەچوو و بە کەسێکی بێ باوەڕ و بێ دین لە قەڵەمیان دەدایت).

منیش وتم: ئەوە چ پەیوەندییێکی بە باوەڕ و دینەوە هەیە؟

عومەر وتی: خاڵم وتی: خەڵکی ئەم شارە شیعە مەزهەبن و بە پێی بیروباوەڕ و تێگەیشتنی خۆیان بۆ ئایینی ئیسلام و بە پێی مەزهەبی جەعفەری، خواردنی جەرگ و هەناوی ئاژەڵ حەرامە و نەهی لێ کراوە.

منیش وتم: ئەی دوایی چیت کرد، هەر بەردەوام بویت لە وەرگرتنی جەرگ و هەناو؟

عومەریش وتی: خاڵم سوێندی دام (وتی دەبێ کۆتایی بەم درۆیانەت بهێنیت و پێیان بڵێیت سەگەکەم تۆپیوە و چیتر جەرگ و هەناوم بۆ دامەنێن) ئیتر ئەوەبوو بە ناچاری وازم لێ هێنا.

**خەسووەکەی عومەر قرچۆك:**

شەوێك دوای بانگی عیشا کیسەی زبڵەکەم بە دەستەوە بوو فڕێم دەدایە ناو زبڵدانەکەی پێش دەرگا. ژنێکی بە تەمەنم لە بەردەم ماڵی عومەر قرچۆك بینی، لە سەر بلۆکێك دانیشتبوو، هەر پرتە و بۆڵەی بوو، لە بەر خۆیەوە قسەی دەکرد، نەمزانی چی دەڵێت و بەم شەوە لە بەر دەرگای ماڵی عومەر قرچۆك چی

دەكات. كە لێی نزيك كەوتمەوە، بە كەسێكی خراپ نەدەچوو، جل و بەرگێكی پۆشتەی لە بەر بوو، بە سوڵكەر نەدەچوو. دوو دڵ بووم قسەی لەگەڵ بكەم یان نا، ويستم بێمە ژوورەوە و دەرگا دابخەم، ژنەكە بانگی كردم وتی: ڕۆڵە نيو سەعاتە چاوەڕێی تاكسی دەكەم بەڵام هیچ تاكسێكم نەدیتووە بێرەدا ڕەت بێت، ئەگەر تاكسيێكم بۆ بگريت مەمنونت دەبم، خۆم پارەكەی دەدەم.

منيش وتم: پورێ بەم شەوە درەنگە چ دەكەيت لە بەر ئەم دەرگايە؟

لەگەڵ قسەكانم چاوەكانی پڕبوون لە ئاو، وتی: ئەم لە برسان مرديە زاوامە، خۆزگە بمردبام، هەردوو چاوەكانم كوێربان، ئەو كچە نازدارەی خۆم لەم پيرە سەيە خەسار نەكردبا!

ژنەبەتەمەنەكە درێژەی بە قسەكانيدا وتی: باوكيان ڕازی نەبوو بيدەمێ، وتی (ئەوە كوڕی بێوەژنە، بە چيچكە نانی ماڵان گەورە بووە، كەس خێری لێ نابينێت) بەڵام بە قسەم نەكرد و دامێ، چونكە ئەو كچە سەر بە هەشەم حەزی لێ كردبوو، دەيوت لەو زياتر مێرد بە كەس ناكەم.

دڵيم دايەوە و پێم وت: پورێ خەم مەخۆ، كەس نازانێت لە چارەنووسی چی نووسراوە، دەنا ئەم عومەر قرچۆكە ماكەريشی لێ خەسارە.

ژنەكەش وتی: كچەكەم قابيلی ئەوە، دەنا بە قسەی دەكردم و لێی جيا دەبۆوە.

منيش وتم: بۆچی بە ئۆتۆمبێلەكەی خۆی تۆی نەبردەوە؟

وتی: ئەو قرچۆكە گيانی لەگەڵ يەك فلس دەردەچێت، چۆن دڵی دێت من بە ئۆتۆمبێلەكەی خۆی بباتەوە.

منيش وتم: هەر هيچ نەبێت لە ماڵەوە چاوەڕێت بكردبا، با ئەو بچوبا ئۆتۆمبێلی بۆت گرتبا.

بە چاوی گريانەوە وتی: هێشتان پارووی نان لە قوڕگم نەچوبووە خوارێ، پێی وتم (تا درەنگ دانەهاتووە بڕۆ بەر دەرگا لە سەر بلۆكەكە دابنيشە و

چاوەڕێی هاتنی تاکسی بکە با شوفێری تاکسییەکە لە سەرت ڕانەوەستیێ دەنا پارەی زیاترت لیێ وەردەگریێ).

منیش وتم: کچەکەت چۆن قبوڵی کرد بەم شەوە درەنگە فڕەت داتە بەر دەرگا؟

وتی: لە ترسی ئەو ناوێریێ فزە بکات، ئەو عومەرە پاشۆل سەیانیە بەوە نیە قونچکە پیاوە، خۆی بەلاوە دارێکی زۆر بڵندە، لە کچەکەم زۆر بیێ منەتە، دێت و دەچێت تەلاقی لە سەر زارە. کچەکەشم شەرمی بە خۆیە و لەوە دەترسێت تەلاقی لیێ فڕیێ بدات و لێی تێك بچێت.

**بەروبوومی باخچەکەی دەفرۆشێت :**

عومەر قرچۆك باخچەیەکی گەورەی هەبوو، کۆمەڵێك داری میوەی لیێ چاندبوو، زۆریش بە خزمەت بوو، بەشی یەك گەڕەك میوەی دەگرت، بە تایبەتی مێوەکانی لە بەر وشووی تریێ گەلاکانیان نەدەبیندران، ئەمە و دار خۆخێکیشی هەبوو، بە قەدەر ژمارەی گەلاکانی خۆخی دەگرت، خۆخەکانیش لە خڕ و پڕی و تەڕ و بڕیدا بیێ وێنەبوو، لەو کاتەی کە پێدەگەیشت تا تەواو دەبوو، زەنگەسوورە وازی لیێ نەدەهێنا، ئەمەو هەنگی شوێنە دوورەکانیش بۆ مژینی شیلەی تریێ و ڕەیحان و گوڵەباخەکان دەهاتنە باخچەکە.

هاوینان لە بەر زەنگەسوورە و هەنگەکان نەمان دەتوانی بە ئاسوودەیی لە ناو باخچەکەمان دانیشین. ڕۆژێك بە باشم زانی پێی بڵێم چارەسەرێك بۆ ئەو وەزعە بدۆزێتەوە یانیش زووتر بەروبوومەکان لێبکەنەوە، ئەگەر ئەوەش نەکەن، باشترە ڕێگا بە دراوسێکان بدەن بەشی خۆیانی لیێ ببەن و تا ڕزگارمان بێت لەو مێش و مەگەز و زەنگە سورە و هەنگانە.

کە پێم وت، گاڵتەی بە قسەکانم هات، وتی: تۆ من بەچە تیێ دەگەیت، وا دەزانی ئەوەندە بیێ ئەقڵم دراوسیێ بەماڵی خۆم فێربکەم، زەنگەسوورەو مێش و مەگەز بیخوات باشترە نەك خەڵك بە ماڵی خۆم فێربکەم.

دار هەنگی دنیایەکی هەبوو، لە بەر زۆری بەرەکەی زەرد دەچۆوە، کە ڕۆژ هەڵدەهات و لێی دەدا، دەتوت زێڕی زەردە دەتریسکایەوە.

هەموو شتێك بە بەختە، زۆرم حەز لە هەنگی دنیا بوو، لەجیاتی دارێك دوو دارم چاندبوو، لە بەر ئەوەی موتوربە نەکرابوون، بۆیە بەریان نەگرتبوو، دڵیشم نەدەهات بیانبڕمەوە، دەیانوت دوای پانزە ساڵ بەر دەگرێت، بۆیە بە سەبر و تەحەمولەوە چاوەڕێی ئەو ڕۆژەم دەکرد.

ڕۆژێك بە خەیاڵمدا هات سەردانی عومەر قرچۆك بکەم و دوو سێ دەنکە هەنگی دنیاش لە دارەکەیان لێکەمەوە و بیخۆم.

کە چووم، پیاوێك لە ناو باخچەکەیان بوو، کۆمەڵێك سندووقی لای خۆی دانابوو، کەوتبووە سەر دارەکان و یەکە یەکە دەیڕنین.

کە ئەم دیمەنەم بینی، لە خەیاڵی خۆمدا وتم (دیارە قسەکانم کاریان لە عومەر قرچۆك کردووە، بۆیە بەروبوومی دارەکانی دەڕنێت تا بەسەر دراوسێکان دابەشی کات).

لەگەڵ عومەر لە ژێر سێبەری دار هەنگی دنیا دانیشتبووین، ناوە ناوە هەنگی دنیایەك دەکەوتە خوارەوە و بە سەرم دەکەوت، منیش دەستم بۆ دانەیەکیان درێژکرد ویستم هەڵی بگرمەوەو بیخۆم، عومەر وتی: نەکەی بیخۆیت حەرامە.

منیش بە تەوسەوە پێموت: بۆچی حەرامە، خۆ ماڵی هەتیو نیە؟

دەستی بۆ ئەو پیاوە درێژکرد کە دارەکانی دەڕنی و وتی: بەری گشت دارەکانم بە تێکڕا فرۆشتۆتە ئەم میوەفرۆشە، بۆیە نابێت ئێمەش لێی بخۆین.

کە ئەمەی وت، میوە فرۆشەکە ئاوڕی دایەوە و بە دەنگی بەرز وتی: گەردەنت ئازا بێت بە کەیفی خۆت لێی بخۆ، خۆ ساڵی گرانی نیە، بەوەندەش هیچمان لێ نایەت.

منیش وتم: ببورە نەمزانی کە تۆ بەروبوومی ئەم باخچەیەت کڕیوەتەوە، وامزانی بۆ ئەوان لێ دەکەیتەوە، بۆیە وام وت.

زۆر سوێندی پیادام کە هەر هیچ نەبێت یەك دوو دانە هەنگی دنیا بخۆم، نەك چاوم لێی بێت و گوناهبار بێت. لەبەر سوێندی ئەو یەك دانە هەنگی دنیام هەڵگرتەوە و خواردم.

ماوەیەك بوو عومەر قرچۆکم لە بەر دەرگا نەدەبینی، لە دڵی خۆمدا وتم (لەوانەیە بە ئیشوکاری فەرمانگەکەی چووبێتە دەرەوەی هەولێر)بەڵام دواتر زانیم کە نەخۆشکەوتووە و سییەکانی تووشی هەستیاری بووە. ژنەکەی عومەر قرچۆك بۆ هاوسەرەکەمی باس کردبوو کە دار نارنجێکیان لە باخچە بوو، کەس لێی نەکڕیبوون، چونکە لە بازاڕی میوە فرۆشان پارە ناکات، لە بەر ترش و تاڵییەکەی کەم کەس ئەو میوەیە دەخوات. عومەریش پێی حەیف بوو بیداتە دراوسێکان و دڵیشی نەدەهات فڕێی بدات، هەموو ڕۆژێك لە عەسارەی دەدا و لەجیاتی شەربەت دەیخواردەوە و هێندەی خواردەوە تا وای لێهات سیەکانی تووشی هەستیاری بوو. زۆرم پێی وت ئەو ترش و تاڵەی هەندە لە سەر یەك بە بێ ئاو مەخۆ، بەڵام بە قسەی نەکردم و دەیوت پارەم بەو دار نارنجە داوە خۆ فڕێشی نادەم.

ئێستاش نەخۆشیەکەی لێ پیس بووە و لە بەر کۆکە و بەڵغەم عەجمانی نیە، دکتۆر نەماوە نەیکات، تا ئێستا چاك نەبۆتەوە.

### مریشکی گوندیان خەلاس کرد:

زۆرجار لەگەڵ عومەر قرچۆك بە پیاسە شۆڕدەبووینەوە بۆ بازاڕ، لە بازاڕی شێخەلاّ میوە و سەوزەمان دەکڕی و هەر بە پێیانیش بە ناو گەڕەکی سەیداوە دەهاتینەوەز

هەرجارێك بگەیشتباینە لای پەنیر فرۆشەکانی مزگەوتی یاسین نەجاڕ، پێی دەوتم (برۆ مزگەوت، تا تا تۆ قەرزێك دەدەیتەوە و ئاوێکیش بە دەموچاوت دادەکەیت، منیش تا ئەم نزیکانە دەچمن برادەرێکم هەیە دەیبینم، زۆرم پێ ناچێت، زوو دەگەڕێمەوە).

وای لێهات هەرجارێك كە دەگەیشتینە مزگەوتی یاسین نەجارِ، پێش ئەوەی وشەكان لە دەمی بێنە دەرەوە، دەموت: برِۆ كاری خۆت لەگەڵ برادەرەكەت تەواو بكە، من لێرە چاوەرِێت دەكەم).

ماوەیەكی زۆر تێپەرِی، هەمان تاس و حەمام، كە دەگەیشتینە بەردەم مزگەوتەكە، هەمان قەوانی سواوەی جارانی لێدەدایەوە.

زۆرم مەراق كرد بزانم ئەم جرِت و فرِتەی لە چیە، دەبێ چ مەعامەلەیەكی گرنگ لە نێوان عومەر و برادەرەكەیدا هەبێت، بۆیە برِیارمدا بە دوایدا برِۆم و تا بە چاوەكانی خۆم نەیانبینم نەگەرِێمەوە.

ئەوەبوو رِۆژێك وەكو رِۆژانی ئاسایی كە گەیشتینە بەردەم مزگەوتەكە هەمان قسەی كردەوە و وەك كەروێشك دەرپەرِی. منیش قاچێكم كردە دوان و وەكو سێبەر بە دوایدا رِۆیشتم. لە سەری كۆلانی بازارِی دۆلارفرۆشان عەرەبانچییێكی لێ بوو، كورِێكی مێرد مندالْ لە تەنیشتی راوەستابوو، هەندێك پاكەت و چەرخ و شخاتەی بۆ فرۆشتن لە سەر دانابوو. كە گەیشتە لای، راوەستا و رِووی لە مێردمندالْەكە كرد و پێی وت: هەتیم كوا باوكت، ناكات لە مالْەوە لەگەڵ پیرەژنەكەی دانیشتبێت؟

كورِە مێرد مندالْەكەش وتی: باوكم ئێواران زۆر حەز لە هاتنە دەر ناكات، من لەجیاتی خۆی دەنێرێت، ئەو بە زۆری بەیانیان دێت و تا نیوەرِۆ لێرە دەبێت، دوایی بۆ نانخواردن دەرِواتە مالْەوە و منیش نانی نیوەرِۆ دەخۆم و دێمە ئێرە، تا بازارِ هەڵدەگیرێ لێرە دەبم.

عومەریش وتی: دوو جگارەی گریڤنم بدێ؟

كورِەكەش دوو جگارەی گرێڤنی لە پاكەتەكە دەرهێناو دایە دەستی. عومەر قرچۆكیش جگارەیەكی خستە ناو گیرفانی و ئەوەكەی تریشی خستە سەر لێوەكانی و وتی: چەرخێكیشم بدێ با دایبگیرسێنم.

دوای ئەوەی جگارەکەی داگیرساند، پێی وت: سلاوم بگەیەنە باوکت و پێی بڵێ شێخ عومەر دەڵێ حەزدەکەم چاوم پێی بکەوێت، با شوێنی لەگەڵ تۆ بگۆڕێتەوە، تۆ لەمەودوا بەیانیان وەرە، ئەویش ئێواران بێت.

ئەمەی وت و پشتی لە عەرەبانەکە کرد و تێی تەقاند. منیش قاچێکم کردە دوان و وەك مامز بۆی دەرپەڕیم و پێش ئەو خۆم گەیاندە مزگەوتەکە.

وێنە ئەم دیمەنە لە ناو مێشکم ڕەش نەدەبۆوە، زۆرم مەراق بوو بزانم پەیوەندی ئەم عومەر قرچۆکە بەو عەرەبانچیە داماوە چیە، هەموو جارێك بێتە بازاڕ زیانی دوو جگارەی گرێڤنی لێ دەدات!

بەیانییێك لە ماڵەوە بووم، بە بۆنەی شۆڕشی چواردەی تەمووز پشووی فەرمی بوو، دەوامماں نەبوو، بە هەلم زانی عومەر قرچۆك هەڵپێچم و لە ماڵ بیهێنمە دەرەوە و بە یەکەوە بچینە بازاڕی شێخەلا بۆ ئەوەی بزانم ئەو پیاوە کێیەو چ پەیوەندییێکی بە عومەر قرچۆکەوە هەیە.

ئەوەبوو، کە بە عومەر قرچۆکم وت لە من زیاتری پێ خۆش بوو، بە یەکەوە چووینە بازاڕ. کە گەیشتینە لای مزگەوتی یاسین نەجاڕ، هەمان قەوانی ڕۆژانی پێشووی لێ دایەوە و ڕۆیشت. منیش وەکو سێبەر بەدوای ڕۆیشتم تا گەیشتە بەردەم بازاڕی دۆلار فرۆشان و چووە لای عەرەبانەی جگارە فرۆشەکە.

ئەم جارە کوڕە جگارە فرۆشەکەم نەبینی، پیاوێکی لاواز و ڕەق و تەقم لە شوێنی ئەو بینی، هەندە لاواز بوو، لوتت گرتبا ڕۆحی دەردەچوو.

کە گەیشتە لای بە دەنگێکی بەرز پێی وت: ڕەمەزان بۆچی خۆت ون کردووە؟ عەیب ناکەیت جارێك لە شێخی خۆت ناپرسیت؟

ڕەمەزانیش وتی: وەزیفەیەکی باشت هەیە و وەکو بیستوومە خانووی خۆشت هەیە و سالانەش پارەی بڕینەوەی دار سپیندارەکانت بۆ دێتە ماڵەوە، هەقی خۆتە وا بە زەوق بیت، بەلام چی بە من دەڵێی کرێچیم و لەم شڕە عەرەبانەیەلەم شڕە عەرەبانەیە زیاتر شك نابەم، خوا خێری ئەم دوکاندارانە بنووسێت کە ڕێگایان پێ داومئەم عەرەبانەیە لە بەردەم دوکانەکانیان ڕابگرم.

ئەویش وتی: ناکات ناشوکریش بیت؟

ڕەمەزانیش وتی: ئەگەر ناشوکور بم چی دەبێت، کەس بە پارەی جگارە فرۆشتن دەوڵەمەند بووە؟

عومەر قرچۆکیش وتی: هێشتان ئیشی تۆ لە ئیشی من باشترە، چاك نیە تۆ چاوت لە دەستی کەس نیە و ڕۆژێ بە ڕۆژێ ڕۆژانەت دێتە دەست، ئێمە دەبێ هەموو دەم چاومان لە سەری مانگ بێت تا مووچەمان پێ دەدرێت.

قسەکانی مام ڕەمەزان سەرنجیان ڕاکێشام، ئەم داماوە زۆری لە ناو هەناو بوو، پێش ئەوەی عومەر قرچۆك داوای دوو جگارەی لێ بکات و بڕوات، چوومە لایان و ب وتم: سڵاوی خواتان لێ بێت.

کە عومەر قرچۆك منی بینی چاوی زەق بۆوە، زۆری پێ ناخۆش بوو، ئەگەر فیشەکت لێی دابا، خوێنی لێ نەدەهات.

بە ناچاری منی ناساند بە مام ڕەمەزان و وتی: ئەوە دراوسێی نوێمە لە گەڕەکی زراعە.

منیش خۆم پێی ناساند و وتم: وا پێ دەچێ تۆش لەگەڵ عومەر هاوڕێی کۆن بن؟

هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو وتی: چیرۆکی من و ئەم شێخ عومەرە زۆر کۆنە، دەیان ساڵ بەر لە ئێستا بەیەکەوە لە گوند دەژیاین، بە یەك ڕۆژ لە دایك بووینە، دایکی ماوەیەکی زۆر بە هۆی نەخۆشیەوە لە سەر جێگا کەوتبوو، کەس نەبوو بەخێوی بکات، دایکم هێنایە لای خۆی و بە یەکەوە شیری دەداینێ. کە گەورەش بووین، لە گوند بە یەکەوە یاریمان دەکرد، وەکو دوو برا وابووین، کەس لە یەکتری جیا نەدەکردینەوە. کە باوکی مرد و سێ براشی بە ڕۆژێك لە سەر برکە تەرۆزیێك کوژران، گوندیان بەجێ هێشت و لەگەڵ خوشکە گەورەکەی هاتنە شاری هەولێر و تا درەنگ هەواڵیم نەزانی، دواتر زانیم کە لە شاری ناسریە دامەزراوە و لە ماڵی خاڵی دەژیت.

که گوێم لە مام ڕەمەزان بوو باسی کوژرانی براکانی عومەر قرچۆکی کرد لە سەر سێ بڕکە تەرۆزی، سەرم سوڕما لە دڵی خۆمدا وتم (کەس هەیە لە سەر بڕکە تەرۆزییێك بکوژرێت).

ڕووم لە مام ڕەمەزان کرد و پێم وت: تازە بزانم شێخ عومەر سێ برای تریشی هەبووە، بۆم باسکە چۆن لە سەر بڕکە تەرۆزییێك کوژراون؟

وتی: باوکی شێخ عومەر چوار ژنی هەبوو. شێخ عومەر و خوشکە گەورەکەی بە تەنیا لە دایکێك بوون، ئەوانی تر لە ژنەکانی تر بوون. هەندێکیان پێش ئەوەی مێرد بە باوکی شیخ عومەر بکەن منداڵیان هەبوو، بۆیە ئەو برایانەی کە بە ناو زڕ برای بوون، دەنا هیچی ئەو نەبوون، چونکە نە لە دایکی ئەو بوون وە نە لە باوکیشی بوون.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی: زەویەکانیان لە تەنیشت یەك بوون، تەرۆزیان چاندبوو، بڕکە تەرۆزییێك تووڵەکانی چووبوونە ناو زەویەکانی ترەوە، لە کاتی ڕنینن دەبێتە شەڕ و دەمەقاڵێیان، یەکێك لە براکانی دەڵێ ئەو بڕکە تەرۆزیە مادام ڕەگەکەی لە ناو زەوی منە دەبێ تەرۆزییەکانیشی بۆ من بێت، ئەوانی تریش دەڵێن مادام تووڵەکانی لە ناو زەوی ئێمەیە دەبێ بەرەکەی بۆ ئێمە بێت.

بەم شێوەیە لە سەر ئەو بڕکە تەرۆزیە بەناو یەك دەکەون و لە هەردوولا سێ برا دەکوژرێن.

منیش وتم: ئەی چۆن شێخ عومەر لەو شەڕە بە سەلامەتی دەرچوو؟

وتی: ئەوکات ئەو منداڵ بوو، هەقی بە سەریانەوە نەبوو.

کە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم مردوو نەمرە لە براکانیەوە ئەم ڕەزیلی و قرچۆکیەی بۆ ماوەتەوە، بۆیە تەقە بە فلس وەدەنێت و بۆ جگارەیەك خۆی لە من دەدزێتەوە و وەك سوڵکەر چاوەکانی پان دەکاتەوە).

عومەر قرچۆك وەك ڕۆژانی تر داوای دوو جگارەی گرێڤنی لە مام ڕەمەزان کرد و یەکێکی خستە ناو گیرفانی و ئەوەی تریشی خستە ناو دەمی و دەتوت قەت قومی لە جگارە نەداوە، هەندە بە تام هەڵی دەمژی.

ئیتر لەو ڕۆژە بەولاوە، کە بە یەکەوە دەچووینە بازاڕی شێخەڵڵا خۆی لێم نەدەدزیەوە و بە ئاشکرا دەچووە لای کوڕەکەی مام ڕەمەزان و داوای دوو جگارەی لێ دەکرد.

بە بۆنەی دامەزراندنی سوپای عێراق پشووی فەرمی بوو، سەر لە بەیانیەکەی لەگەڵ عومەر قرچۆك چوومە بازاڕ، کە گەیشتینە نزیك بازاڕی دۆلار فرۆشان وتی: با بچینە لای مام ڕەمەزانی کۆنە هاوڕێم، چایەکی لا بخۆینەوە.

منیش ئەوەم پێ خۆش بوو، لە دڵی خۆمدا وتم: دەبێ ئەو قرچۆکە چ نهێنییێکی تری هەبێت، مام ڕەمەزان بۆمی بدرکێنێت).

کە گەیشتینەی بازاڕی دۆلار فرۆشان، مام ڕەمەزانم بینی لە پشت عەرەبانەکەی ڕاوەستابوو، جگارەیەکی بە دەستەوە بوو، دەیکێشا. شێخ عومەر لە دوورەوە بە دەنگی بەرز وتی: ئەوها چوست و چالاك بە، لەجیاتی ئەوەی وەکو ژن لە ماڵەوە بیت، ئێوارانیش وەرە دەرەوە، یەکتریش دەبینین و دوو یادگاری خۆشی سەردەمی منداڵیش دەگێڕینەوە.

مام ڕەمەزانیش بە پێکەنینەوە وتی: چما ئابڕووی ئەوەمان هەیە یادگارییەکانی منداڵیمان بگێڕینەوە !

ئەویش وتی: هەچییێکی کردبێتمان لێمان ناگیرێت، ئەوکات منداڵ بووین، هیچمان نەدەزانی.

منیش وتم: مام ڕەمەزان شێخ عومەر ڕاست دەکات، منداڵ هیچی لێ ناگیرێت.

ئەویش وتی: خۆزگە هەموو پەتەناغەکانمان هی سەردەمی منداڵی با، کە گەورەش بووین هەر بەردەوام بووین لە سەر ئەو خەسڵەتە قۆڕانە و دەیان پۆتمان شکاندووە.

منیش وتم: چیرۆکێکم لەوانە بۆ بگێڕەوە، با بزانم لەو سەردەمدا چیتان کردووە لێی پەشیمانی.

دەستی بۆ شێخ عومەر درێژکرد و وتی: ئەم شێخ عومەرە دەبینی، نازانم ئێستا چۆنە و چۆن نیە، تا لە گوند بووین، هیچ ڕەفتاری باشی نەبوو.

ئەمەی وت و دەستەکانی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە و وتی: خودایە لێت دەپاڕێمەوە لێم خۆشبە، پەشیمانم لەو دزیانەی کە کردوومە، تۆ شایەتی بە خۆشی خۆم نەبووە، ئەم شێخ عومەرە پێی کردوومە.

ئەمەی وت و دەستی کرد بە گێڕانەوەی و وتی: نازانم ئەم شێخەی ئێمە لە کوێ فێری بیرە خواردنەوە بوو بوو، ئێمە شتی وامان نەدەزانی، تەنانەت گوێشمان لە ناوی بیرە نەبوو بوو، دەمانزانی ئەوەی ئارەق بخوات سەرخۆش دەبێت، بەڵام نەمانزانی بیرەش وەکو ئارە وایەو مرۆڤ سەرخۆش دەکات. ئەم شێخ عومەرە لەگەڵ برا گەورەکەی زوو زوو دەچووە شاری کۆیە و ئەم خەسڵەتە حیزە لەوێ فێر بوو. هەر جارێك بچووبایە کۆیە هەندێك شووشە بیرەی فەریدەی لەگەڵ خۆی دەهێنایەوە. تەنانەت بەم دوایان فێر ببوو داوای لە شوفێری جێبەکەی گوند دەکرد لە هاتنەوەدا سندوقێك بیرەی بۆ بێنێت.

ئەوەبوو لە ترسی براکانی و لە شەرمی مەلای مزگەوت بە دزی ئەم کارەی دەکرد و بیرەکانی لە ناو کادینی ماڵی ئێمە دەشاردەوە، دەیوت کەس گومان لە تۆ ناکات.

مام ڕەمەزان بەردەوام بوو لە گێڕانەوەو وتی: جا ئەوەبوو شەوان کە خەڵکی گوند دەخەوتن، من و یەك دوو گەنجی تری گوندی لەگەڵ خۆی دەبردە دەرەوەی گوند و بیرەمان دەخواردەوە و سەرخۆش دەبووین و تا درەنگی شەو نەدەگەڕاینەوە.

منیش وتم: ئەم بیرە تاڵو تفتەتان چۆن پێ دەخورایەوە؟

وتی: هەرجارەی یەکێکمان لە سەر فەرمانی ئەو مریشکمان دەدزی و ئاگرمان دەکردەوە و دەمانبرژاند و لە جیاتی مەزە لەکەڵی دەمانخوارد.

لەگەڵ گێڕانەوەدا بە پێکەنینەوە وتی: جارێکیان نۆرەی من بوو مریشکێك بدزم. مریشکی گوندمان قڕ کردبوو، مریشکی زۆربەی ماڵەکانمان دزی بوو، لە بەر ئێمە سەگیان لەبەر دەرگاکانیان ڕاگرتبوو، بۆیە نەدەوێراین بەلایانەوە بچین.

ناچاربووم دزی لە ماڵی خۆمان بکەم و دوو مریشکم لە کولانی ماڵی خۆمان دەرهێنا و بۆم بردن و برژاندمان و لەگەڵ بیرە خواردمان.

بەیانی کە دایکم بە ئاگا هات، چووە دەرەوە مریشکەکان بەرەڵا بکات و دانیان بداتێ، بە شڵەژاوی هاتە ژورەوە و وتی (دزمان پێ فێربووە، ئەمشەو دز هاتۆتە سەرمان و دوو مریشکی لێ بردووین) کە دایکم وای وت، زۆر شەرمم لە خۆم کردەوە، لە شەرمان ئارەقەم کردەوە، بەڵام نقەم نەکرد.

دایکم ئەمەی وت و ڕووی لە باوکم کرد و پێی وت (ئەو ماڵانەی سەگیان بۆ پاسەوانی ڕاگرتووە دزییان لێ نەکراوە، چەند جارە پێت دەڵێم تۆش سەگێگ پەیداکە دەنا نابینە خاوەنی هیچیان و تەنانەت گەر وا بڕوات نابینە خاوەنی بزن و مەڕەکانیش نۆرەی ئەوانیش دێت.

**تەلەفۆن دەکڕێت:**

گەڕکەکەی ئێمە تازە بوو، ماوەیەکی زۆر نەبوو شەقامەکانی قیرتاو کرابوون و عامودی کارەبا چەقێندرابوو، خەتی تەلەفۆنیشمان بۆ نەهاتبوو، کابینەکەی لە ئێمە دوور بوو.

ڕۆژێك دەچوومە دەوام، کرێکارەکانی خزمەتگوزاری فەرمانگەی تەلەفۆنم بینی پەیژەیان پێ بوو، وایەری تەلەفۆنیان لە کابینەکەوە بۆ ماڵی عومەر قرچۆك ڕادەکێشا. کە ئەم دیمەنەم بینی سەرم سوڕما، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم قرچۆکە دڵی نایەت تێر بە زگی نان بخوات، چۆن دڵی هاتووە تەلەفۆن لەو دوورەوە ڕابکێشێت).

تەلەفۆن زۆر گران بوو، نەدەهاتە کڕین، ئەوەی پارەیەکی زۆری نەبا نەی دەتوانی تەلەفۆن بکڕێت. بە وتەی کارمەندانی فەرمانگەی تەلەفۆنی هەولێر هێڵی بەتاڵ نەمابوو، بۆیە نرخەکەی زۆر بەرز ببۆوەو ئاگری دەکردەوە.

به هەرحاڵ، کاتێك لە دەوام گەڕامەوە ژنەکەی عومەر قرچۆکم لە بەر دەرگای ماڵەکەی خۆیان بینی، دانەوێڵەی بۆ مریشکەکانی ڕوو دەکرد، دوای سڵاوکردن پێم وت: تەلەفۆنەکەتان پیرۆز بێت.

وتی: چاوم کوێر بێت، کچەکەم مانگی جارێك لە ماڵی ناسیاوێکمان تەلەفۆنی بۆ دەکردین، پێشتر ئاگاداریان دەکردینەوە من و باوکی دەچوین قسەمان لەگەڵ دەکرد.

ماوەیەکە عومەر غەزریە و نە لێ دەگەڕێ من بچم قسەی لەگەڵ بکەم، نە خۆشی قسەی لەگەڵ دەکات، بیانووی بەو کچە بەستەزامانەم دەگرت و دەیوت (یان نابێت تەلەفۆنمان لەگەڵ بکات یانیش دەبێت تەلەفۆنێکمان بۆ بکڕێت و نەچینە ماڵی کەس).

منیش وتم: جا لەوە باشتر دەبێت تەلەفۆنی خۆتان هەبێت؟

وتی: تەلەفۆن زۆر گرانە و کچەکەشم لە هەندەران هیچ کاری نیە، تەنها پیاوەکەی کار دەکات، تا بڕە پارەیەك پەیدا دەکات چاوەکانی سپی دەبن.

منیش وتم: بۆچی کچەکەتان لە دەرەوەی وڵاتە؟

وتی: لە ئەڵمانیا دەژیت.

وتم: بۆ کەوتۆتە ئەوێ؟

وتی: بمرم لۆی، کچەکەم بچووك بوو زۆری مابوو بۆ مێردکردن، ئەو لەبرسان مردیە بۆ تەماحی فرۆشتی، دایە پیاوێك هەژدە ساڵ لە خۆی گەورەترە، لە چاو کچەکەم دەڵێی باوکیەتی.

منیش وتم: وەکو بیستوومە تەلەفۆن بە دەست ناکەوێ، ئەو هێڵەیان چۆن بۆ ڕاکێان؟

وتی: بە هەژدە هەزاری سویسری لە خەڵکی کڕیوەتەوە، بێ لە تێچوونی ڕاکێشان کێبڵ و دەستهەقی کرێکارەکان.

# عومەر قرچۆك خۆی دەگوازێتەوە بۆ قەزای خەبات

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی عێراق و ئێران حکومەت پەلەوەرگاکانی خۆی فرۆشتە کەرتی تایبەت، پەلەوەرگای شاری هەولێریش کە عومەر قرچۆك کاری لێ دەکرد، عودەی کوڕی سەدام حوسێن کڕیەوە و بۆ شاردنەوەی خستیە سەر ناوی یەکێك لە کارمەندانی پەلەوەرگاکە و گشت کارمەندەکانیشی گواستەوە بۆ فەرمانگەکانی تری وەزارەتی کشتوکاڵ، عومەر قرچۆکیش لە سەر داوای خۆی، گواسترایەوە بۆ فەرمانگەیەك لە قەزای خەبات.

کە ئەم هەواڵەم گوێ لێ بوو، پێم سەیر بوو، بۆچی لەجیاتی ئەوەی خۆی بگوازێتەوە بۆ بەڕێبەرێتی کشتوکاڵی هەولێر، ئەم شوێنە دوورەی هەڵبژاردووە. کە لێم پرسی وتی: فەرمانبەرانی دەرەوەی شار دەرماڵەی هاتووچۆیان بۆ خەرج دەکرێت و بۆیە ئەوێم هەڵبژاردووە.

منیش وتم: تا دەچیتە قەزای خەبات زۆر ماندوو دەبیت و ئۆتۆمبێلەکەشت بەنزینێکی زۆر سەرف دەکات.

لە وەڵامدا وتی: تەنها ئەو دەرماڵەیە وەرناگرم، بەڵکو ههەندێك مامۆستاش لەگەڵ خۆم دەبەم و پارەیان لێ وەردەگرم.

بەم شێوەیە سبەینان زوو لە ماڵدەردەچوو، مامۆستاکانی هەڵدەگرت و بۆ قەزای خەبات بەڕێ دەکەوت و تا ئێوارە نەدەهاتەوە. لە بەر ماندوێتیش وەکو جاران لەگەڵم نەدەهاتە بازاڕ.

جارێك بینیم پێم وت: پەشیمان نیت کە خۆت گواستۆتەوە بۆ ئەم شوێنە دوورە؟

وتی: بۆچی پەشیمان بم، بێ لە دەرماڵە و هێنان و بردنی مامۆستایان، هاوینانیش لەگەڵ ماستفرۆشێك ڕێککەوتوومە هەموو ڕۆژێك دە مەنجەڵ ماستی

مەڕم بۆ دانێت لەگەڵ هەندێك پەنیری كوردی، دەیانخەمە ناو سندووقی ئۆتۆمبێلەكەم و بە سەر دۆست و برادەراندا دابەشی دەكەم و مەنجەڵێكیش بۆ خۆم دەگێڕمەوە. ئەگەر ئێوەش دەتانەوێبۆتان دێنم.

لە بیری خۆمدا وتم (ماست و پەنیری هەركی و گۆرانان زۆر بەناوبانگەن ئەوان خەڵكی عەشایەرین، نازانن فرت و فێڵ بكەن، بۆیە ماست و پەنیرەكەیان بێ غەل و غەشە و زۆر خۆشە، خۆزگە جامێكیشی لەو ماستە بۆ ئێمەش هێنابا) من لەو بیركردنەوەیەدا بووم، وتی: ئەگەر ئێوەش دەتانەوێ بۆتان دێنم.

كە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم ماستە موییێكی تیایە، قەت عومەر قرچۆك نەبووە شتێك بكات خێری بۆ خۆی تیا نەبێت) هەر بۆ تاقیكردنەوە پێم وت: باشە بۆ ئێمەشی بێنە.

ئیتر ئەوەبوو هەفتەی دوو سێ جار ماست و پەنیریشی بە پارە بۆ ئێمە دەهێنا. هەموو جارێكیش دەبوو مەنجەڵەكەی بۆ بگەڕێنمەوە، دەیوت (بۆ خاوەنەكەی دەبەمەوە).

ڕۆژێك ژنەكەم پێی وتم: ماڵەكانی دراوسێمان لە بازاڕی تەیراوە بە هەمان ئەو پارەیەی كە تۆ دەیدەیتە عومەر، ماست دەكڕن و مەنجەڵەكەش بۆ خۆیان دەمێنێتەوە و بە دینارێكیش دەیفرۆشنەوە، تۆ بۆ منەتی ئەو هەڵدەگریت.

دراوسێیەكمان هەبوو ماڵیان لە خوارەوەی ماڵی ئێمەبوو، ئەویش لە قەزای خەبات دەوامی دەكرد، ڕۆژێك بینیم ستایشی عومەر قرچۆكم لای كرد وتم: لەوەتی عومەر خۆی گواستۆتەوە بۆ قەزای خەبات باشتر بووە و حەزی لە پیاوەتیە، ڕۆژانە لە سەر ماندوبوونی خۆی ماست و پەنیر بۆ ئێمە و برادەرەكانی دێنێت.

وتی: مەنجەڵی ماستتان بە چەند بۆ دەهێنێت؟

وتم: بە پێنج دینار.

كە وام وت، لە قاقای پێكەنینی داو وتی: سەیرم پێ هات كە ستایشت كرد و وتت ماست و پەنیرمان بۆ دەهێنێ، ئەم قرچۆكە سوودی لەمەش وەرگرتووە،

مەنجەڵی ماست لە سەر خۆی چوار دینار دەوەستێ، بۆ هەر مەنجەڵێك ماست یەك دیناری خێرە بێ لە نرخی مەنجەڵەکەش کە دینارێك دەکات بە بەتاڵی.

عومەر قرچۆك هەر بە برادەر و دراوسێکانی نەوەستا، تەنانە ت ماستی بۆ ئەو دکتۆرەش دەبرد کە بۆ نەخۆشی شەکرە درێژخایەنەکەی سەردانی دەکرد.

ماوەیەك بوو قۆڵۆنم دەهێشا، بە پێویستم زانی سەردانی دکتۆرێکی پسپۆری نەخۆشییەکانی هەناو بکەم. بۆ ئەم مەبەستە چوومە لای دکتۆر جەمال. لە ژوورەوە بووم دکتۆر پشکنینی بۆ دەکردم، هێشتان نەهاتبوومە دەرەوە، سکرتێرەکەی هاتە ژوورەوە و پێی وت: فەرمانبەرەکەی قەزای خەبات هاتووە و دەیەوێ چاوی پێت بکەوێت.

ئەویش وتی: با بێتە ژوورەوە.

کە دەرگای کردەوە، بینیم عومەر قرچۆکە بە خۆی و مەنجەڵە ماستێك بە ژوور کەوت، دەتوت دە ساڵە لەگەڵ دکتۆر جەمال یەکدی دەناسن، لەگەڵی کەوتە گفت و لفت و سەرنجی دکتۆری بە چەشنێك بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، دکتۆر لە بەر ئەو ئاگای لە من نەمابوو.

بە سەر ماستەکەی دا هەڵدەدا و دیوت: ئەم ماستە بێ فرو فێڵە، ئەو کەسەی بۆم دادەنێت، لە هەرکی و گۆرانەکانی خەبات و دەورو بەری دەیکڕێت، ئەو کەسەی خۆشم نەوێ بۆی ناهێنم چونکە کەمە و دەست ناکەوێت، بەڵام ماستفرۆشەکە خاتری منی زۆر دەوێت و ڕۆژێك زووتر ئاگاداری دەکەمەوە کە بۆم دابنێت، دەنا لە بەر خەڵکی خۆیان بەر منیش ناکەوێت.

ئەمەو لە دواییشدا بە دکتۆری وت: دەڵێم هەر هاتوومە هاتوومە، بۆچی پشکنینێکم بۆ ناکەیت و بزانم چاتر بوومە یان نا؟

دکتۆر جەمالیش بێ ئەوەی پارەی پشکنینی لێ وەربگرێت، لە سەر تەختە درێژی کرد و پشکنینی بۆ کرد. دواییش ناردیە تاقیگە و بە سکرتێرەکەشی وت بە پشکنەری تاقیگەکە بڵێ پارەی پشکنینی خوێنی لێ وەرنەگرێت.

که ئەم دیمەنەم بینی لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم عومەر قرچۆکە بە بەردێك دوو چۆڵەکە بە بەردێك دەکوژێت، لە لایەك بە هێنانی ئەو ماست و پەنیرە منەتێکی لەسەر دەکات و لە لایەکی تریش بازرگانی پێوە دەکات و قازانجێکی باشی لێ وەدەست دێت).

ئەمەو دکتۆر جەمال هەر بەوەندە نەوەستا، کە پارەی پشکنینی لێ وەرنەگرێت، بەڵکو کاتژمێرێك و بۆینباغێکی مارکەشی بە دیاری دایە و وتی: زۆر قەرزاری تۆم، بۆیە لە سەفەری ئەم جارەم بۆ بەریتایا، تۆم لەبیر نەکردووە، ئەم کاتژمێرەو بۆینباغەم بۆت هێناوە هیوادارم بە دڵت بێت.

لە دڵی خۆمدا وتم (دەبێ ئەم قورمساغە خۆی لای دکتۆر جەمال چۆن پیشان دابێت، وا پێی هەڵخەڵەتاوە، ئەگەر دەزانێت وەکو مشار وایە، بە هەردوو سەر دەیبڕێتەوە، هەرگیز دیاری بۆ ناهێنێت و پارەی نۆرینگەشی لێ وەردەگرێت).

## خانوێکی گەشتیاری بۆ جەژن بە کرێ دەگرێت:

وەرزی هاوین بوو، ئیفادکرام بۆ هاوینەهەوارەکانی پیرمام، سەرپەرشتیم لە سەر خانووەکان و شوێنە گەشتیارییەکان دەکرد، دوو هەفتەی مابوو بۆ جەژن، عومەر قرچۆك هاتە لام و داوای خانوێکی لێ کردم بۆ ڕۆژانی جەژن و وتی: کچەکەم لە ئەڵمانیا دەگەڕێتەوە، خۆی و پیاوەکەی بۆ جەژن دێنەوە هەولێر، داوای لێ کردوومە خانوێکی بۆ ڕۆژانی جەژن بۆ بگرم.

منیش وتم: چاکت کرد، هاوینان ئێرە زۆر خۆشە، لە هەموو ناوچەکانی عێراق و لەوڵاتانی کەنداویش گەشتیاران ڕووی تێ دەکەن.

وتی: کچەکەم حەزی لێرەیە، دەنا من بە فلسێك خانووم لێرە ناوێ.

وتم: دوو جۆر خانوومان هەیە، هەمانە لە بەرد دروست کراوەو سەری سەبەیە، ئەوانیش دوو جۆرن، جۆرێکیان دوو ژووری خەوتن و هۆڵێکی دانیشتن و چێشتخانەی تیایە، جۆرەکەی تریش یەك ژووری خەوتن و هۆڵێکی دانیشتن و

چێشتخانەی تیایە. جۆرێکی تری خانووشمان هەیە، دیوارەکانی لە تەختەو قامیش دروستکراوە و سەریشی بە جەمەلۆن گیراوە، تەنها لە ژوورێکی خەوتن و چێشتخانەیەك پێکهاتووە.

وتی: نرخیان چۆنە و کامەیان لە هەموان هەرزانترە؟

وتم: هەریەکەو نرخی خۆی هەیە، ئەو خانوانەی دوو ژووری خەوتنیان تیایە، لە هەموان گرانترنن ئەوانی یەك ژووری خەوتنیان تیایە و لە بەرد و سەبە دروستکراون، نرخەکانیان لە چاو ئەوەی تر کەمترە. بەلاّم ئەو خانوانەی کە لە تەختەو قامیش دروستکراون و سەریان جەمەلۆنە، نرخیان لە هەمووان هەرزانترە و لە بەر سادەو ساکارییان پێیان دەڵێن کابینە.

کە وام پێ وت، هەندێك بیری کردەوە و دوایی ڕووی تێ کردم و وتی: ئەوان دوو کەسن و منداڵێکی بچووکیان هەیە، تەنها بۆ ڕۆژانی جەژنیانە، کابینەیەکمان بۆ بگرە و پێشم بڵێ پارەکەی دەکاتە چەند تا بیدەم.

وتم: ڕۆژی بە هەزار و شەش سەدو پەنجا دینارە، هەر سێ ڕۆژ دەکاتە سێ هەزار و نۆ سەد و پەنجا فلس.

کە وام پێ وت، دەستی خستەوە ناو گیرفانی و چوار دیناری خستە سەر مێزەکە و وتی: پەنجا فلسم بدەوە.

منیش پارەکەم هەڵگرت و وەسڵێکم بە بڕی پارەکە بڕی و لەگەڵ باقیەکەی دامەوە دەستی و پێم وت: ئەم وەسڵە لای خۆت هەڵگرە، ژمارەی خانووەکە و ڕۆژانی حجزەکەی تیا نووسراوەتەوە، کە هاتیت لەگەڵ خۆت بیهێنە تا کلیلەکەت پێ بدەین.

وەسڵەکەی خستەوە گیرفانی و خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

تەنها دوو ڕۆژی مابوو بۆ جەژنن لە هاوینە هەواری پیرمام لە ئۆفیسەکەم دانیشتبووم، عومەر قرچۆك بە تەنگەتاوی هاتە ژوورەوە، ئارەقە لە دەمووچاوی دەتکایەوە، وا پێ دەچوو بە خێرایی هاتبێت، ماندووبوونی پێوە دیار بوو، دڵی وەك گونی سەگ لێی دەدا، سلاّوی لێ کردم و دانیشت.

بەخێرهاتنم کرد و پێم وت: دەڵێی مەلەوانیت کردووە، وا ئاوت لێ دەچۆڕێتەوە؟

وتی: ماوەیەکە بۆم نایەت، دەست بۆ هەر شتێك دەبەم زەرەر دەکەم.

وتم: خوا نەکان خۆ شتێکی خراپ ڕووی نەداوە؟

وتی: لە دوێنێوە ئۆتۆمبێلەکەم خراپ بووە، بردوومەتە لای فیتەر، کچەکەشم هەر ڕۆژەی قسەیەك دەکات، دەمێك دەڵێ خانووم بۆ بگرە، دەمێکی تر دەڵێ‌ڵای ئێوە دەمێنمەوە، وەختەلە خەفەتانی بمرم.

منیش وتم: جا ئەوانە کەی کێشەن تا خەفەتی لێ بخۆیت.

وتی: چۆن کێشە نیە، لە بەر قسەی ئەو نەبوایە بۆچی خانووم دەگرت.

منیش وتم: پارەکەی هێندە زۆر نیە تا خەفەتی لێ بخۆیت.

وتی: تۆ هەر وایت، ئەگەر هەزار دیناریش بوایە بەلاتەوە هیچ نەبوو، بۆیە تاکو ئێستا نەت توانیوە ئۆتۆمبێلێك بۆ خۆت بکڕیت و بە پاس هاتووچۆ دەکەیت.

ئەمەی وت و وەسڵەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و خستیە بەردەمم و وتی: ئەم وەسڵە چ لێ بکەم، دەتوانم پارەکەی وەربگرمەوە؟

منیش وتم: مادام بیست و چوار سەعات زیاتر ماوە بۆ جەژن، دەتوانیت حیجزەکەت هەڵوەشێنیتەوە و پارەکەش وەربگریتەوە.

کە وام پێی وت، هەناسەیەکی هاتەوە بەر و لە خۆشیان وەخت بوو بفڕێت، وتی: کەواتە پارەکەم بۆ بگەڕێنەوە، من ئەم خانووەم ناوێ.

منیش وتم: وا بە ئاسانی نابێت، دەبێ داواکارییێکم بۆ بنووسیت و دوای ئەوەی منیش پشتگیریت دەکەم ئەوجا بۆت بەرز دەکەمەوە بۆ ئەمینداریێتی گشتی شارەوانی و هاوینە هەوارەکانن ئەوانیش دوای ڕەزامەندی ئەمینداری گشتی نووسراوێکت بۆ دەکەن، ئەوکات ئێمەش نووسراوێك ئاڕاستەی خەزێنە دەکەین، لەوێ پارەکەت وەردەگریتەوە.

که وام وت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی: پەکو ئەو هەموو شوێنە بۆ چوار دینار؟!

وتم: لە بەر ئەو ڕۆتینە زۆرە ئەو گەشتیارانەی کە حجزی خانووەکانیان هەڵدەوەشێننەوە، پارەکەی وەرناگرنەوە.

ئەویش وتی: من وەری دەگرمەوە.

کاغەزێکم دایە دەستی و وتم: کەواتە داواکارییێکم بۆ بنووسە، بەڵام دەبێ ئەم دوو ڕۆژە بێ ڕاوەستان بە دوایدا بڕۆیت دەنا وەرگرتنی پارەکەت دەمێنێتەوە دوای جەژن.

وتی: وادەکەم، باشترە لەوەی پارەکەم بفەوتێ.

# به یەکەوە گەشتمان کرد

عومەر قرچۆك بە ڕواڵەت پیاوێکی ئایینی و خواپەرستی توندڕۆ دیار بوو، زۆرجاران کە بەیەکەوە لە بازاڕ دەبووین کاتێك مەلا بانگی دەدا، بە ڕاکردن دەچووە مزگەوت و نوێژی دەکرد، هەروەها ڕۆژانی هەینیش نوێژی جومعەو جەماعەتی دەکرد و مانگە ڕەمەزان و شەشەران و نۆمینەی حاجیانیش بە ڕۆژوو دەبوو، لە هەمان کاتیشدا زۆر سەرسام بوو بە نووسینەکانی کارل مارکس. هەرچەندە خاوەن بڕوانامەش بوو، بەڵام حەزی لە خوێندنەوەی کتێب و ئامادەبوونی کۆڕ و کۆبوونەوەی ڕۆشنبیری نەبوو، کەچی کە قسەی دەکرد وا خۆی پیشان دەدا کە کەسێکی ڕۆشنبیر و کراوەیە، بەڵام لە ڕاستیدا گونی خۆی و گێزەری لە یەکتری جیا نەدەکردەوە.

زۆرم حەز دەکرد بزانم چۆم هاوسەنگی لە نێوان بیرو باوەڕە ئایینییەکەی و بۆچوونە مارکسیەکانی ڕادەگرێت. بۆیە هانمدا گەشتێکم لەگەڵ بکات بۆ ئەرمینیا. ئەوەبوو بەیەکەوە گەشتمان کرد، کە گەیشتینە شاری ئێریڤان کاتێك لە فڕۆکەخانە دابەزین وتی: ناچینە هۆتێل، شوقەیەکی دوو ژووری دەگرین. خواردنی دەستی ئەو ئەرمەنیە کلك شینانەم پێ ناخورێ، خۆمان خواردن دروست دەکەین، لە خواردنی چێشتخانە باشتر و بە لەزەت ترە.

ژمارەی تەلەفۆنی کەسێکم لابوو ناوی جۆرج بوو، ئەرمەنی بوو، بە ئەسڵ خەڵکی شاری حەلەب بوو، دوای شەڕی ناوخۆی سوریا ئەو وڵاتەی بەجێ هێشتبوو لە ئێریڤان نیشتەجێ بوو. تەلەفۆنم بۆی کرد و پێم وت: شوقەیەکمان لە سەنتەری بازاڕ بۆ بگرێت.

ئەویش ناونیشانی شوقەیەکی بە واتسئاپ بۆ ناردم و وتی: لە ئێستادا تەنها ئەم شوقەیە بەردەستە و شەوی بە سەد دۆلارە. ئەگەر دەشچنە هوتێل نەفەری بە شەست دۆلارە لەگەڵ ژەمێکی نانی بەیانی.

عومەر قرچۆك كە گوێی لێ بوو وتی: دە دۆلار بۆ ئێمە زۆرە، ئەگەر هەفتەیەك بمێنینەوە دەکاتە حەفتا دۆلار، بەو پارەیە هەفتەیەك دەژین، پێی بڵێ با شوقەکەمان بۆ بگرێت.

وەڵامی جۆرجم دایەوە و پێم وت: ئێمە ڕازین شوقەکەمان بۆ بگرە و هەر خۆشت وەرە فڕۆکەخانەو هەڵمانگرە.

ئەوەبوو دوای کاتژمێرێك هاتە فڕۆکەخانە و ئێمەی لەگەڵ خۆی برد و لە ڕێگا لە بەردەم سوپەرمارکێتێکی گەورە ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و وتی: ئەم سوپەرمارکێتە هەموو شتێکی تیایە، لە ناویدا بگەڕێن، چتان پێویستە بیکڕن، دەنا دەبێ بۆ بچوکترین شت بە تاکسی بڕۆن و زۆریش لە سەرتان دەکەوێ.

من پێداویستیەکانی خۆم لە زەخیرە و میوە و شیرینەمەنی بۆ هەفتەیەك کڕی، ئەویش هەر شتێکی دەست دەدایە کە تەماشای نرخەکەی دەکرد، لە شوێنی خۆی دایدەنایەوە، لە کۆتاییدا تەنها سەفتەیەك نانی کڕی، نانەکانیش هێندە تەنك بوون دەتوت نانی هەورامانی خۆمانە. لەو سوپەرمارکێتە تەنها نان هەرزان بوو، بۆیە لە نان بەو لاوە هیچی تری نەکڕی. پێم وت: ئێمە لە هوتێل دانەبەزیوین تا ژەمی بەیانمان لە سەر ئەوان بێت، دەبێ خۆمان خواردنی هەر سێ ژەم ئامادە بکەینن بۆچی تۆش وەکو من هەندێك زەخیرە و شتی پێویست ناکڕیت.

وتی: خەمی منت نەبێ، حیسابی هەموو شتێکم کردووە، لە هەولێرەوە گوێز و کولیچەم لەگەڵ خۆم هێناوە.

بەم شێوەیە گەڕاینەوە ناو ئۆتۆمێل و جۆرج ئێمەی گەیاندە بەردەم ئەو شوقەیەی بۆی گرتبووین، کلیلەکەی دایە دەستمان و پێی وتین: ژمارەی مۆبایلی منتان لایە هەر ئیشێکتان پێم بوو دەتوانن بە واتسئاپ پەیوەندیم پێوە بکەن.

هەشت ڕۆژ لە ئەرمینیا ماینەوە، بە درێژایی ئەو ماوەیە لە نان و ماست بەولاوە هیچ شتێکی تری نەکڕی، هەموو ژەمەکان گوێزو کولیچە یان نان و ماستی دەخوارد. منیش هەر ڕۆژەی خواردنێکی جیاوازم دروست دەکرد، ئەو خواردنەی نەشمزانیبا ئامادەی بکەم، لە یوتوب سەیرم دەکرد و لێی فێر دەبووم. هەمو جارێکیش لێی دەپاڕامەوە کە لەگەڵم بخواتن بەڵام بێ سوود بوو، هەموو جارێك ڕەتی دەکردەوە و دەیوت (لەماڵی خۆشمان تەنها گوێز و کولیچە و ماست دەخۆم).

زۆرم بیر کردەوە بزانم ئەو قرچۆکە چۆن دەستی لەو پارە زۆرە بۆتەوە و هاتۆتە ئەرمینیا، لە دڵی خۆمدا دەموت (ئەگەر لە بەر سروشتە جوانەکەی بێت، ئەوا کوردستان سروشتەکەی زۆر لێرە جوانتر و دڵڕفێنترە).

ڕۆژێك جۆرج هاتە لامان و پێی وتین ئێوە وەکو من شارەزای ئێرە نین، ئەگەر بتانەوێ دەتانبەمە شوێنی خۆش.

منیش وتم: وەکو چی؟

وتی: لێرە یانەی دیسکۆ و یانەی شەوانەی خۆڕووتکردنەوەی ژنانی لێیە، ئەگەر حەزبکەن ئەمشەو دەتانبەم بۆ ئەو یانەیە، بەیانیش دەتانبەم بۆ سەر دەریاچەی سێڤان کە نزیکەی حەفتا کیلۆمەتر لە پایتەخت دوورەهەروەها دەتانبەم بۆ تەلەفریکی زاغ و دوڵی گوڵەکان کە ناسراوە بە گاجۆر و دلیجان و دەریاچەی بازلیج و شوێنە گەشتیارەکانی تر لە سەر سنووری جۆرجیا.

بەر لەوەی من وەڵامی بدەمەوە، عومەر قرچۆك وتی: ئەگەر بچینە یانەی شەوان چەندمان دەچێت؟

وتی: شتێکی کەمتان دەچێت، چوونە ژوورەوە بە دە درامە کە دەکاتە بیست و پێنج دۆلاری ئەمریکی، بێ لە خواردن و خواردنەوە.

ئەویش وتی: دەتوانم تەنها قاوەیەك بخۆمەوە؟

جۆرجیش وتی: ئێوە ئازادن چی بخۆنەوەن دەتوانن بیرە و وێسکی بخۆنەوە، دەشتوانن قاوە یان چا بخۆنەوە.

ئەوەبوو ئێمەی بردە یانەی شەوان و خۆشی لەگەڵمان مایەوە. لە پێش ستێج دانیشتین و تەماشای نمایشی کچە سۆزانیە ڕووسی و ئۆکرانیەکانمان دەکرد. دوو دوو دەهاتنە سەر ستێج و بە دەم سەماکردنەوە جلەکانیان دادەکەند و تەنها دەپێی ژێرەوە و ستیانەکەیان لە بەر دەما، دوایە ئەویشیان دادەکەند و فڕێیان دەدایە لایەکی ستێجەکە و بەردەوام دەبوون لە سەماکردن و نمایشکردنی جەستەی خۆیان.

عومەر قرچۆکیش بە دەم قاوە خواردنەوەوە سەیری جووتە مەمك و شوێنە هەستیارەکانی تری ژنە سەماکەرەکانی دەکرد، لە خۆشیان ئاگای لە ئێمە نەمابوو، تەنانەت دەنگی هەناسەشی نەدەهات.

### خواردن دەخاتە ناو جانتاکەی:

عومەر وێڕای ئەوەی کەسێکی ڕەزیل و قرچۆك و دەست توند بوو، بەڵام بۆ تێرکردنی حەز و ئارەزووە سێکسیەکانی دەستی کراوە بوو. دوای ئەو گەشتەی لەگەڵ من بۆ ئەرمینیا، چاوی کرایەوە و شەرمی شکا، چیتر وەك کەسێکی ئیماندار خۆی پیشان نەدەدا، لە بەر پیاسەی شەقامی سیروان و پارکی شار و بازاڕی قەیسەری، دەستبەرداری نوێژی مەغریبیان بوو، کە کچی سفوریشی دەبینی، تەماشای سمتی دەکردن و دەیوت (لە خڕو پڕیان دەڵێی گندۆرەی تێر ئاوە) نەك ئەوەندە بەڵکو ڕۆژانە چەندین وێنەی ژنی نیمچە ڕووت و سۆزانی بە واتسئاپ بۆ دەناردم.

جارێك بە نیازی گەشتکردن بووم بۆ وڵاتی میسر، کە پێم وت، بێ سڵەمینەوە وتی: ئەگەر لەوێش ژنی ڕووتی لێ بێت لەگەڵت دێم.

منیش وتم: سێ ڕۆژ لە شاری قاهیرە دەمێنینەوە و دواتر دەمانبەن بۆ شەرم ئەلشێخ لە سەر دەریای سوورە و شوێنێکی گەشتیاری زۆر خۆشە، چوار شەویش لەوێ دەمێنینەوە، پێشتر بۆی چوومە، لە ئەوروپا و ئەمریکا و ڕووسیا و ئۆکرانیا گەشتیارانی ژن و پیاو بۆ ڕابواردن و وەرگرتنی تیشکی خۆر ڕووی تێ دەکەن و لە

لێواری دەریاو مەلەوانگەکان خۆیان ڕووت دەکەنەوە، وەکو ئەرمینیا پارەی تێ ناچێت، بە خۆڕایی تەماشایان دەکەیت.

کە ئەوەم وت، لە خۆشیان خەنی بوو، یەکسەر وتی: منیش لەگەڵت دێم.

ئەوەبوو بە پێنج سەد دۆلار لەگەڵ گروپێکی گەشتیاری بە فڕۆکە بەرەو شاری قاهیرە بەڕێ کەوتین. کە گەیشتینە جێ، لە هوتێلی (رادیسۆن بلو) لە شەقامی فڕۆکەخانە ئێمەیان دانا. دوای ئەوەی بە سەر ژوورەکاندا دابەشیان کردین، من و عومەر قرچۆك کەوتینە لای یەك.

خواردنی ژەمی بەیانیان لە سەر هوتێلەکە بوو، بەیانیان لە کاتژمێر هەشتی بەیانی تا کاتژمێر یانزەی پێش نیوەڕۆ، بۆفیەکە بە کراوەیی دەمایەوە. من بە تەبیعەت بەیانیان زوو لە خەو بە ئاگا دێم و هەمیشە لە ماڵەوەش پێش کاتژمێر هەشت نانی بەیانی دەخۆم. بەڵام لێرە لەگەڵ عومەر سیتەمی خواردنم تێکچوو، ڕۆژانە کاتژمێر دەو نیو عومەر قرچۆك خۆی ئامادە دەکرد و بە یەکەوە دەچووینە ڕیستورانتی هوتێلەکە و لە بۆفیە کراوەکەیدا خواردنمان هەڵدەگرت و دەمانخوارد.

زۆر هەوڵم دا عومەر ڕازی بکەم زووتر بچینە ڕیستورانتەکە، بەڵام سوودی نەبوو، وتی: چەندی زووتر نانی بەیانی بخۆینن هێندە زووتر برسیمان دەبێتەوە. بۆیە باشترە ئاخیر کەس بچین تا زوو برسیمان نەبێتەوە و ژەمی نیوەڕۆمان لە کۆڵ بێتەوە.

ئەمەی وت و لە پڕێکدا وتی: ئەها بیرم کەوتەوە، بەیانیان پێش ئەوەی بچینە ڕیستورانتەکە لە دەبلیو سی خۆت بەتاڵ کە، دەنا دەبێ دواتر بەتاڵی کەیت و نا گەیتە نیوەڕۆ برسیت دەبێتەوە.

ئەمەو هەرجارێك دەچووینە ڕیستورانتەکە، جانتایەکی گەورەی لەگەڵ خۆی دەهێناو دەیخستە ژێر قاچەکانی و دوای ئەوەی بە قەدەر سێ نەفەر خواردنی دەخوارد، بەشی نیوەڕۆشی بە زیادەوە دەخستە ناو جاناکەی و بە شانی خۆی وەدەکرد و لووس و باریك دەڕۆیشتە دەرەوە.

بەم شێویە ئەو ڕۆژانەی کە لە شاری قاهیرە ماینەوە، بۆ ژەمی نیوەڕۆ و ئێوارە لەگەڵمان نەدەهاتە چێشتخانە و دەیوت: من خواردنی بەیانیانم پاشەکەوت کردووە، لە ژوورەکەی خۆم ژەمی نیوەڕۆ و ئێوارەی لێ دەخۆم.

کە چووینە (شەرم ئەلشێخ) لەوێ بە درێژایی مانەوەمان لەوێ، ڕۆژانە سێ ژەم خواردنیان لە بۆفیەی کراوەدا دەدایِنێ، بۆیە عومەر قرچۆك چیتر جانتا گەورەکەی لەگەڵ خۆی نەدەهێنا ژوورەوە و خەمی پاشەکەوتکردنی نانی بەیانیانی لە کۆڵ بۆوە.

ئەمەو لەجیاتی دوا کەس بێت بۆ نانخواردن، یەکەم کەس دەهات دەیوت: تا گەشتیاران خواردنە باشەکانیان نەکێشاوەتەوە با زووتر بچین.

دوای تەواوبوونی گەشتەکەمان گەڕاینەوە شاری قاهیرە و شەوێك لە هەمان هوتێلی پێشوو ماینەوەو بەیانیەکەی هێشتان خۆر هەڵنەهاتبوو بەڕێ کەوتین بۆ فڕۆکەخانە. لە جیاتی ژەمی بەیانی ڕیستورانتی هوتێلەکە لە ناو پاکەتێکدا سەندویچێك و بتلێك ئاو و بتلێك شەربەتیان دایِنێ.

پێش ئەوەی فڕۆکەکەمان ئامادە بێت، لە هۆڵی چاوەڕوانی خواردنەکەمان خوارد، بەڵام عومەر قرچۆك خواردنەکەی خۆی نەخوارد و لەگەڵ خۆی هێنایە ناو فڕۆکە.

لە ناو فڕۆکەش هاوشێوەی ڕیستورانتی هوتێلەکە ژەمێکی تری خواردنیان لە ناو پاکەتێك پێداینز عومەر قرچۆك ئەویشی وەرگرت و تەنها پسکیتەکەی خوارد و وتی: دوای دوو کاتژمێری تر دەگەینەوە هەولێر، جارێ زووە بۆ نانخواردنی بەیانی، ئەم خواردنە دەبەمەوە و لەگەڵ ژن و منداڵەکانم بە یەکەوە دەیخۆین، بەشی هەموومان دەکان. ژنەکەم گوناهە، زۆر ماندووە لەگەڵ چێشتلێنان، با ئەمڕۆ پشوو بدات و هیچ لێ نەنێت.

منیش وتم: ڕاستە دوای دوو کاتژمێری تر دەگەینەوە فڕۆکەخانەی هەولێر، بەلام تا پاسپۆرتەکانمان مۆر دەکەن و جانتاکانمان وەردەگرینەوە، بەلای کەم دوو کاتژمێرمان پێ دەچێت، چۆن دەتوانن ئەوەندە چاوەڕێ بکەن؟

وتی: ئێمە لێراهاتوین، درەنگ لە خەو هەڵدەستین، کاتژمێر یانزە نانی بەیانی دەخۆین.

منیش وتم: ئەگەر کاتژمێر یانزە نانی بەیانی بخۆنن ئەی کاتژمێر چەند چێشتی نیوەڕۆ دەخۆن؟

وتی: خۆ گا نین ئەو هەموو ژەمە لە سەر یەك بخۆین، تەنها دوو ژەم خواردن دەخۆینن ژەمی بەیانیان و ژەمی ئێواران.

**عومەر قرچۆك بالآخانە دروست دەكات:**

زۆرجار كە بیرم لە ڕەزیلیەكەی عومەر قرچۆك دەكردەوە، لە بیری خۆمدا دەموت (لەوانەیە مووچەكەی بەشی نەكات و پارەی پاشەكەوتی نەبێت بۆیە وا دەستی توندە و لە مەعامەلەكردن چیرەی هێندە درێژە)، بەلاّم دوایی بۆم دەركەوت كە ئەم پیسكەیە زۆری لە ژێر سەردایە، پارەیەكی باشی داكردووەز دراوسێكان پێیان وتم كە خەریكی دروستكردنی بالآخانەیەكی گەورەیە.

كە وایان پیێ وتم، تا لە خۆیم گویێ لیێ نەبوو باوەڕم نەكردز بەلامەوە سەیر بوو ئەو عومەرە وەكو من فەرمانبەری حكومەتە و مووچەكەشی زۆر نیە، چۆن دەتوانیێ بالآخانەیەكی چەند نهۆمی دروست بكات.

ڕۆژێك بۆ گچكە كردنەوەی تەمەنی خوشكەكەم چومە دادگای هەولێر و لەویێ چاوم بە هاوڕێیەكی دێرین كەوت. پێشتر لە شاری بەغداد بەڕێوەبەری گشتی پیشەسازی بوو لە وەزارەتی پیشەسازی و كانزاكان، دوای خانەنشن بوونی ئیشی پارێزەری دەكرد. كە منی بینی داوای لیێ كردم لە ژووری پارێزەران پشوێك بدەم و بەیەكەوە چایەكیش بخۆینەوە.

ئەوەبوو لەگەڵی چوومە ژووری پارێزەران و باسی بیرەوەریەكانی خۆی بۆ كردم و وتی: ماوەیەكی زۆرە لە یەكتری دابڕاوین، ئێستا لە كوێی؟

وتم: لە ئەمینداریێتی گشتی شارەوانی و هاوینەهەوارەكان كار دەكەم و لە گەڕەكی زراعەش نیشتەجێم.

که وام وت، وتی: شێخ عومەریشماڵی لە گەڕەکی زراعەیەن ناییناسیت؟

وتم: مەبەستت بەڕێوەبەری پێشووی بەرهەمهێنانی پەلەوەرەکانی پەلەوەرگای هەولێرە؟

وتی: بەڵێ مەبەستم ئەوە.

وتمك دراوسێی یەکین و زۆربەی ڕۆژان بەیەکەوە دەچینە بازاڕ.

وتی: چۆن دڵی دێت بە ئۆتۆمبێلەکەی لەگەڵ خۆی بتبات.

وتم: بە پیادە دەچینە بازاڕ.

وتی: ئێستاش بەیەکەوە دەچنە بازاڕ؟

وتمك ماوەیەکی زۆرە ئاگام لێی نیە، نازانم خەریکی چیە.

وتی: خەریکی دروستکردنی باڵاخانەیەکی گەورەیە.

وتمك بە ڕاستیتە؟

وتی: گاڵتە ناکەم.

وتم: ئەو قرچۆکە تەقە بە فلس وەدەنێت، ئەو پارە زۆرەی لە کوێ بوو باڵاخانەی پێ دروست کات؟

وتی: چیرۆکی دروستکردنی ئەم باڵاخانەیە درێژە،جارێکی تر ئەگەر یەکتریمان بینیەوە بۆت باس دەکەم.

زۆرم مەراق بوو بزانم ئەو پارەیەی لە کوێ هێناوە و چۆن دروستی دەکات، بەلاّم وتی: دوای کەمێکی تر کاتی دادبینی کردنە و دەبێ لەبەردەم دادوەری دادگای بەرایی ئامادەبمن بۆیە کاتم نیە بۆت باسکەم. بەلاّم بەڵێنت پێ دەدەم جارێکی تر یەکتری ببینین بۆت باسکەم.

تا گەڕامە ماڵەوە لە ڕێگا بیرم هەر لای باڵاخانەکەی عومەر قرچۆك بوون لە بیری خۆمدا دەموت (ئەم قرچۆکە بە پارەی پاشەکەوتی لەتە سەمون و دەرۆزەی جگارەو خواردنی جەرگ و هەناوی بە خۆڕایی خۆدزینەوە لە کرێی پارککردنی ئۆتۆمبێلەکەی چۆن توانیویەتی باڵاخانەیەکی چەند نهۆمی دروست بکات.

هەرچەند ئەو ڕۆژە عومەر قرچۆکم لە بەر دەرگای ماڵەوەیان بینی، بەڵام ئەم بابەتەم لەگەڵ نەکردەوە، زانیم لێشی بپرسم ڕاستیەکەم پێ ناڵێت و لێم دەشارێتەوە، بۆیە دانم بە خۆمدا گرت.

چیرۆکەکەی بۆ گێڕامەوە و وتی: ڕۆژێك عومەر هاتەلام و داوای لێ کردم لەگەڵی بچمە شاری بەغداد و لای سەرۆکی دەستەی گەشت و گوزاری عێراقی واسیدەی بۆ بکەم کە سولفەی عەقاری پێ بدەن بۆ دروستکردنی باڵاخانەیەکز

دیار بوو پێشتر زەوییێکی بە نرخێکی کەم بۆ ئەم مەبەستە لە حکومەت وەرگرتبوو، هەروەها نەخشەی دروستکردنی باڵاخانەکە و گشت پەڕاوەکانیشی لەگەڵ خۆی هێنابوون وتی (تۆ ماوەیەکی زۆر بەڕێوەبەری پیشەسازی بویت لە وەزارەتی پیشەسازی عێراقی و بیستوومە پەیوەندییێکی باشت لەگەڵ سەرۆکی دەستەی گەشت و گوزاری عێراقی هەیە).

منیش وتم (ڕاستە ئەو لە نزیکەوە دەناسم، پەیوەندی خێزانیشم لەگەڵیدا هەبووەن بەڵام خۆت دەزانی نەریتەکە وایە بۆ داواکردنی شتێکی وا دەبێ دیارییێك لەگەڵ خۆمان ببەین و بە دەستی بەتاڵ نەچین).

ئەوەبوو ڕۆژێك لەگەڵ عومەر بە ئۆتۆمبێلەکەی چووینە شاری بەغداد بۆ دیتنی سەرۆکی دەستە. لە ڕێگا لێم پرسی کە چی بۆ هێناوە، پێی نەوتم، وتی ئەوە سەپرایزەو لەکاتی چاوپێکەوتنەکە دەیزانی.

کە وای وت، لە دڵی خۆمدا وتم (لەوانەیە پژدێنێکی زێڕ و خڵخاڵ و تاقمێك ملوانکەو بازنی بۆ ژنەکەی هێنابێت).

پێش ئەوەی دەوامی فەرمی تەواو بێت گەیشتینە شاری بەغداد، بۆیە ڕاستەخۆ چوینە لای سەرۆکی دەستە لە شەقامی سەعدون لە نزیك فەلەکی فیردەوس. کە سەرۆکی دەستە چاوی پێم کەوت، باوەشی پێدا کردم و وتی (لەوەتی خانەنشین بوویت یەکتریمان نەبینیوەن خێرە هاتوویتە بەغداد؟) ئاماژەم بۆ عومەر کرد و وتم (ئەوە عومەری هاوڕێمە، لە شاری هەولێر دادەنیشێت و دراوسێمانە، بە نیازی دروستکردنی باڵاخانەیەکەن دەیەوێ سولفەی عەقاری وەربگرێتن وابزانم بۆ ئەمەش

پێویستی به ڕەزامەندی ئێوەیە، تاكو له سەدا شەستی تیچووی بالأخانەكەی پێ بدەن). كه وام وت، سەرۆكی دەسته وتی (خۆشحاڵم به ناسینەن مادام دراوسێی تۆیه له خزمەتدام و ئەوەی پێم بكرێ بۆی دەكەم). عومەر نەخشەی بالأخانەكەو پەڕاوەكانی له سەر مێز داناو وتی(ئەگەر ئەزیەت نەبێت به سكرتێرەكەت بڵێ بابێت سویچی ئۆتۆمبێلەكەمی پێ دەدەم، له ناو سندووقەكەی دیارییێكم بۆ جەنابتان داناوه بیهێنێت).

كەوای وت، سەرۆكی دەسته زۆر دڵخۆش بوو، له خۆشیان وەخت بوو بفڕێت زەنگی لێداو سكرتێرەكەی هاته ژوورەوه. پێی وت (به چایچییەكه بڵێ دوو قاوەی باشمان بۆ بێنێت، تۆش وەره سویچی ئۆتۆمبێلەكه له كاك عومەر وەربگره، بزانه چیت پێ دەڵێت؟) ئەوەبوو سویچەكەی لێ وەرگرت و عومەریش سەری خسته ژێر گوێ و شتێكی پێ وت. دوای كەمێك سكرتێری سەرۆكی دەسته هاته ژوورەوه و تەنەكەیەكی گەورەی پێ بوو، به سەرۆكی دەستەی وت (ئەم تەنەكەیه له كوێ دابنێم) كه تەنەكەكەم بینی له بیری خۆمدا وتم (ڕەنگه هەمووی هەنگوینی شاخ بێت) بەڵأم كه من و سەرۆكی دەسته لێی نزیك بووینەوه، بینیمان ڕاوەكێك ماستی ترشای تیایه، له بەر گەرمی و دووری ڕێگا هەڵبزركابوو. كه سەرۆكی دەسته ئەمەی بینی به سكرتێرەكەی وت (تەنەكەكه هەڵگره) كه تەنەكەكەی هەڵگرت، وتی (چی لێ بكەم؟) تەنەكەكەی لێ وەرگرت و هەموو ماستەكەی به سەری عومەر داكرد و دەری كرده دەرەوه. لووس و باریك منیش له شەرمان لەگەڵی چوومه دەرەوه، عومەریش به لالوتیەوه پێی وتم (تۆ چیت لێكردم، ئەگەر دەمزانی ئەم بەرپرسه كەسێكی وایه و بەرتیل وەرناگرێت بۆچی منت بۆ لای هێنا).وتم (ئەگەر به منت بوتایه ماستم بۆ هێناوه، چۆن لێ دەگەڕام ئەو ماسته ترشایەی بۆ بێنیت من وامزانی پارچەیەك زێڕت بۆ هاوسەرەكەی هێناوه، بۆیه دەنگم نەكرد).

ئەوەم وت و چوینه دەستشۆرەكەو پێم وت(چاكەتەكەت به ماست بووه دایكەنەو بیشۆ، هەروەها دموچاویشت ماستی پێدا هاتۆته خوارەوه، خۆت خاوێن بكەوه، بیرۆكەیەكی باشم به خەیاڵدا هاتووه ئەگەر به قسەم بكەیت زەرەر ناكەیت) وتی (ئەو

بیرۆکەیە چیە) وتم (جارێ خۆت خاوێن بکەوە، ئەوجا پێت دەڵێم). دوای ئەوەی خۆی خاوێن کردەوە چوینە دەرەوە و پێم وت (تۆ دەتەوێ بە تەنەکە ماستێك بالأخانەیەکی گەورە دروست بکەیت و گشت تیچوونەکەشی لە حکومەت وەربگریت؟) وتی (مەبەستت چیە؟) وتم (ئێستا دەچینە پیشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبێل و مارسیدسێکی مۆدێلی نوێی بۆ دەکڕین و بۆی دەبەینە ماڵەوە و کارتێکی هوتێلەکەشمان دەدەینە هاوسەرەکەی و پێی دەڵێین ئەم ئۆتۆمبێلە لەلایەن تۆوە کراوەتە دیاری).

هاوڕێ پارێزەرەکەم بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکە و وتی : کە ئەمەم وت، کەمێك دامان دوایی وتی (بیرۆکەیەکی باشە ئەگەر قبوڵی بکات و ئیشەکەم بۆ بکات) منیش ەتم (ئەمجارە بە قسەم بکە بزانە چۆن ڕێزت لێ دەگرێت و ئیشەکەشت بۆ دەکات) ئەوەبوو چوینە پیشانگای فرۆشتنی ئۆتۆمبیل و مارسیدسێکی مۆدێل نوێمان بۆی کڕی و چوینە ماڵیان. هێشتان سەرۆکی دەستە لە دەوام نەگەڕابۆوەن سویچی ئۆتۆمبێلەکەمان لەگەڵ کارتێکی ئەو هوتێلەی کە لێی دابەزیبوین دامانە هاوسەرەکەی و پێمان وت (ئەم ئۆتۆمبێلەمان بە دیاری بۆ جەنابی سەرۆکی دەستەی گەشت و گوزار هێناوە، ئەمەش کارتی ئەو هوتێلەیە کە لێی دابەزیوین). ئەوەمان وت و گەڕاینەوە هوتێل، چاوەڕێی زەنگی تەلەفۆنمان دەکرد، بەڵکو سەرۆکی دەستەی گەشت و گوزار شتێکمان پێ بڵێ. کاتەکە نزیك بۆوە لە کاتژمێر دووی دوای نیوەڕۆ هیچ پەیوەندییێکی تەلەفۆنیمان بۆ نەهات. عومەر قرچۆك دڵی لەناو دەستی بوو، زۆر دوودڵ بوو، لە ناو ژوورەکە بە خێرایی دەهات و دەچوو، لەبەرخۆی قسەی دەکرد و هەر ورتە ورتی بوو، نەم دەزانی چی دەڵێ، منیش لەوە دەترسام دیاریەکە ڕەت بکاتەوە و ئیهانەشمان بکات، بەڵام بە سەر خۆمم نەهێنا و هیچم بە عومەر نە وت، نەوەك زیاتر ورەی دابەزێت و شتێکی لێ بێت.

هەندەی پێ نەچوو، پەیوەندییێکی تەلەفۆنیمان بۆ هات، کە تەلەفۆنەکەم هەڵگرت، بەڕێوەبەری هوتێلەکە بوو وتی (کەسێك دەیەوێ قسەتان لەگەڵ بکات). سەرۆکی دەستەی گەشت وگوزار لە سەر خەت بوو، بە گفت و لفتێکی خۆش و

دەنگێکی بەرزەوە وتی (تا ماڵی من هەبێت، شورەییە لە هوتێل بن، هەر ئێستا وەرن چاوەڕێتانم، تا نەیەن منیش نان ناخۆم). کە عومەر گوێی لەوە بوو لە خۆشیان قاچەکانی زەویان نەدەگرات، بە ئیشارەت پێی وتم کە قسەکانم لە کورتی ببڕمەوە و تەلەفۆنەکە دابخەم و بڕۆینە ماڵیان.

دوای ئەوەی تەلەفۆنەکەم داخستن بە عومەرم وت (لە قسەکانی پێ دەچێت ئیشەکەت بۆ بکات).

کە هاوڕێ پارێزەرەکەم ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوەن وام دەزانی لە هۆڵی سینەما دانیشتووم و تەماشای دیمەنی کۆمێدی فلیمی هیندی دەکەم، بە ڕادەیەك ئینسجامم لەگەڵ قسەکانی کردبوو، ئاگام لە خۆم نەبوو. ئەویش بەردەوام بوو لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و دەیوت: دوای ئەوەی پێکەوە چوینە ماڵی سەرۆکی دەستەی گەشت و گوزار، خۆی و هاوسەرەکەی لە بەر دەرگا چاوەڕێیان دەکردین. ئێمەیان بۆ ژوورەوە هەڵکشاند و خزمەتێکی زۆریان کردین. دوای نانخواردن بەبێ ئەوەی ئێمە هیچ قسە بکەینن خۆی بابەتەکەی کردەوەو وتی (ئەگەر پەڕاوەکان و نەخشەی باڵاخانەکەتان لەلا بێت، هەر ئێستا ڕەزامەندیتان بۆ دەکەم و بیبەن بۆ دەستەو منیش پەیوەندی بە سەرۆکی ئەندازیارانەوە دەکەم کە ڕاتان نەگرێت و زوو کارەکانتان بۆ ڕایی بکات). بەم شێوەیە خەونە گەورەکەی عومەر هاتە دی.

منیش وتم: وەکو بیستومە لە سەدی شەستی تێچووی ئەم پرۆژەیەی پێ دەدەن.

ئەویش وتی: ئەگەر بۆ وەرگرتنی تێچووی گشت باڵاخانەکە نبوایە چۆن دڵی دەهات مارسیدسێکی مۆدێل نوێ بۆ سەرۆکی دەستەی گەشت و گوزار بکڕێت!

منیش وتم: چۆن؟

وتی: داوای لە سەرۆکی دەستە کرد کە بە سەرۆکی ئەندازیاران بڵێ تێچوی باڵاخانەکە بە تەواوی بۆ خەرج بکات.

**عومەر قرچۆك باری دەروونی تێك دەچێت:**

ڕاپەڕینی گەلی کوردستان دژی ڕژێمی بەعس دەستی پێکرد، حکومەتی ناوەندیش دامودەزگاکانی خۆی گواستەوە بۆ دەرەوەی سنووری هەرێمی کوردستان و بەمەش ژیانێکی نوێ و ڕۆژێکی نزیّ لە کوردستان سەر هەڵدا.

ماوەیەکی زۆر بوو عومەر قرچۆکم لە بەر دەرگا نەدەبینی، ڕۆژێك هەواڵی عومەرم لە هاوسەرەکەی پرسی، وتی: لەو ڕۆژەوەی ڕاپەڕین بووە، عومەر لە سەر زگ کەوتووە، وەکو شێت لە بەر خۆی قسە دەکات، نازانم چی دەڵێت و بۆچی وای لێهاتووە.

منیش وتم: بۆ نایبەنە لای پزیشکێکی دەروونناسی؟

وتی: ئاگای لە خۆی نیە و وەڵامی کەسیش ناداتەوە.

ئەوەبوو دوای نوێژی عیشا خۆم و هاوسەرەکەم بۆ هەواڵپرسین چوینەماڵیان، کە عومەرم بەو شێوەیە بینی سەرم سوڕما، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم عومەر قرچۆکە نە لە کەس دەمرێت، نە کەسیشی لێ دەمرێت، لەوەتی دەیناسم هەر بۆ خۆی ژیاوە، دەبێ خەفەتی لەچ شتێك خواردبێ، وا شڵەژاوە).

لێی نزیك کەوتمەوە و لە ئەحواڵیم پرسی، وەڵامی نەدامەوە، هەر پرتە و بۆڵەی بوو، هەندێك قسەی تێکەڵ و پێکەڵی دەکرد، نەمزانی چی دەڵێت.

ڕووم لە هاوسەرەکەی کرد و وتم: خوا قووەتتان بدات، قەت لەو باوەڕەدا نەبووم ئەم عومەرە وای لێ بێت، لەوەتی دەیناسم خەفەتی لە هیچ شتێك نەخواردووە و تەنها بۆ خۆی ژیاوە، نازانن بۆچی وا شڵەژاوە؟

وتی: لەوەتی وای لێهاتووە، بە حەزرەتین قسەیەك بکات، تا بزانین چیەتی، بەڵام هیچ ناڵێت.

بەهەرحاڵ، چایەمان خواردەوە و هاتینە ماڵەوە. شەو زۆر بیرم لێی کردەوە، لە مەراقان خەو نەچووە چاوەکانم، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر عومەر پیاوی ڕژێم بوایە دەموت لە ترسی خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان شڵەژاوە و دەترسێ لێپرسینەوەی

لەگەڵ بکەن. بەڵام ئەو کەسێکی بێ ئایدیۆلۆژیا و بێ پرەنسیپەن لە پوول پەرستی بەولاوە باوەڕی بە هیچ شتێك نیە، بۆیە ئەوەم بە دوور زانی).

ئێوارەیەك لە بازاڕ دەگەڕامەوە، هاوسەرەکەیم لە بەر دەگا بینی، پێم وت: عومەر چۆنە، باشتر نەبووە؟

وتی: لەوەتی بردوومانەت لای پزیشکی دەروونناسی، هەندێك باشتر بووە، کەم کەمەش نان دەخوات.

منیش وتم: پزیشکی دەروناسی پێی نەوتن بۆچی باری دەروونی تێکچووە؟

وتی: دوای چەند دانیشتنێك توانی قسەی لەگەڵ بکات و لە زمانی خۆیەوە هۆکاری تێکچوونی باری دەروونیی بزانێت.

وتم: هۆکارەکەی چی بوو؟

وتی: ئەگەر بۆتی باسکەم باوەڕ ناکەیت!

وتم: چی بوو؟

وتی: کە چاك بۆوە با خۆی بۆتان باس کات.

منیش هیچی تر لێم دووبارە نەکردەوە، بەڵام زۆریشم مەراق بوو بزانم بۆچی باری دەروونی تێکچووە.

بەهەرحاڵ، دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر عومەر قرچۆك چاکتر بوو و هاتەوە ناو خەڵك و دەستی بە ژیانی ئاسایی خۆی کردەوە.

پێم وت: زۆر نیگەران بووم کە تۆم بە نەخۆشی بینی، خۆزگە دەمزانی چ شتێك تۆی نیگەران کردووە تا یارمەتیم بدابایت.

وتی: کەس ناتوانێ یارمەتیم بدات، ئەو پارەو پوولەی کە ساڵەهاە ساڵە بە ئارەقی نیوچەوانم کۆم کردۆتەوە، لە بانق دەستی بەسەردا گیرا و هەمووی ڕۆیشت.

منیش وتم: تەنها پارەی تۆ نەڕۆیشتووە، پارەی زۆر کەسی تریش لە بانق بووە، کەچی کەس وەك تۆ باری دەروونی تێکنەچووە.

وتی: تۆ دەزانی بڕی پارەکەی من چەند بووە؟

وتم: ڕەنگە هەزار یان دوو هەزار دیناربێت، خۆ لەوە زیاتر نیە؟

وتی: دۆشاو بە گونت، بەوەش دەڵێن پارە، ئەمڕۆ سواڵکەرێك لەو بڕە پارەیەی زیاتر هەیە.

منیش وتم: ئەی چەند بوو؟

وتی: حەفتا هەزار دیناری سویسری بوو.

## کوڕە تاقانەکەی دەیەوێ ژن بێنێت:

عومەر قرچۆك کوڕێکی تاقانەی هەبوو، لە قۆناغی سێیەمی کۆلێژی ئاداب بەشی کۆمەڵناسی بوو، گەنجێکی بە قەڵافەت و چوار شانە بوو، سروشتێکی کۆمەڵایەتی هەبوو، حەزی لە ناو خەڵك بوو، دەستبڵاو و سەخی تەبیعەت بوو، وەکو باوکی قرچۆك نەبوو. لە منداڵیەوە لە سەر ئەم تێکەڵاویە و دەستبڵاویە ناکۆکی لەگەڵ باوکی هەبوو. دەیزانی باوکی پارەیەکی زۆری هەیە، بۆیە حەزی لێ بوو وەکو کوڕەگەنجەکانی گەڕەك جل و بەرگی نوێ بپۆشێت و گیرفانی بەتاڵ نەبێت. بەڵا عومەر قرچۆك هەر بە چاوی منداڵی سەیری دەکرد و جلی لەنگەی بۆ دەکڕی و ڕۆژانەیەکی کەمیشی دەدایە کە لە پسکیتێك یان شەربەتێك زیاتری پێ نەدەهات، کاتێك گلەییشی لە باوکی دەکرد، پێی دەوت: چاك نیە باوکێکتان هەیە بایەختان پێ دەدات، من زوو بێ باوك مامەوە و بە هەتیوی گەورە بووم.

تەنانەت زۆرجاران عومەر دەمە دەمی بوو لەگەڵ ئەو دراوسێیانەی کە منداڵەکانیان لەگەڵ کوڕەکەی ئەو دەیانخوێند، پێی دەوتن: ئێوە ڕەوشتی منداڵەکەی منتان تێکداوە بەوەی کە پارەیەکی زۆر دەدەنە منداڵەکانتان و کوڕەکەی منیش بێ ئەقڵە و دەیەوێ چاو لەوان بکات و ڕۆژانەکەی بۆ زیاد بکەم.

عومەر قرچۆك ئەو دراوسێیانەی سەرپشك کرد لەوەی ڕۆژانەی منداڵەکانیان کەم بکەنەوە یان منداڵەکانیان لە کوڕەکەی ئەو دوور بخەنەوە، بۆیە ئەو داماوە تا چووە کۆلێژ لە ترسی باوکی بە ترس و لەرز و نهێنیەوە پەیوەندی بە کوڕانی گەڕەك دەکرد.

(له کۆلێژ حەز له کچێکی پۆلەکەی خۆی دەکات و ئەم خۆشەویستییەیان پەرەدەسێنێت، تا دەگەنە قۆناغی سێی خوێندن، کاتێك ماڵی باوکی کچەکە بە خۆشەویستی کچەکەیان و کوڕەکەی عومەر دەزاننن بە کچەکەیان دەڵێن یان دەبێ وازی لێ بێنێت یانیش داوای لێ بکات بێتە خوازبێنی و داوای دەستی بکات. ئیتر ئەوەبوو کوڕەکەی عومەر داوا لە باوکی دەکات بچێتە داخوازی خۆشەویستەکەی) عومەر قرچۆك خۆی ئەو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە و وتی: بۆیە ئەمەت بۆ باس دەکەم دەمەوێ یارمەتیم بدەیت و ڕێگایەکم پیشان بدەیت، کە چی بکەم.

منیش وتم: تۆ بە تەمەن لە من گەورەتری، هەرچەندە من لە تۆ بچوکترم، بەڵام گوێم لێ بووە، هەروەها لە دراماکان و فلیمە سینەماییەکاندا بینیومە ئەوکەسەی ئاشق دەبێت چاوی کوێرە، لەو کچەی کە خۆشی دەوێت، چاوەکانی هیچی تر نابینێت، بۆیە بڕۆ پێشەوە و بۆی نیشان بکە.

قسەکانی منی بە دڵ نەبوو، سەری خۆی لەقاند و وتی: لەجیاتی ئەوەی ڕێگایەکم پیشاندەیت لە یەکترییان جیا بکەمەوە، دەتەوێ بۆی بهێنم و ئەو پارە و پوولەی کە پەشەکەوتم کردووە لەوی خەرج بکەم!

منیش وتم: ئەی تۆ باوك نیت، ئەرکی باوکێتی گرانە بە هەمو کەس ڕاناگیرێت، مادام تۆ ئەوت هێناوەتە دونیاوە، دەبێ خەمیشی لێ بخۆیت و شانتی بخەیتە بەر.

وتی: واز لە قسەی ناو دەفتەر و کتێبەکان بێنە، کێ ژنی بۆ من هێناوە تا بۆ ئەوی بێنم.

ئەمەی وت و پشتی تێکردم و ویستی بڕوات، بەڵام گەڕایەوە و وتی: بیرۆکەیەکم هەیە دەمەوێ بۆتی باسکەم بزانم ڕای تۆ چیە ئەگەر جێبەجێی بکەم.

وتم: گوێم لێتە بۆم باسکەز

وتی: بە نیازم تەلەفۆن بۆ باوکی کچەکە بکەم و لە شوێنێك بە یەکەوە دانیشین و پێی بڵێم کە کوڕەکەم دوو ساڵە لە کۆلێژ ساقیت دەبێت، دیار نیە ساڵی داهاتوو دەردەچێت یان نا. هەروەها دەمەوێ ئەوەشی پێ بڵێم کە هیچ داهاتێکی نیە و

داهاتوێکی چاکیشی لێ چاوەڕێ ناکەم بە هۆی ئەو تەمبەڵیە و لاسارییەی کە هەیەتی.

منیش وتم: تۆ دەتەوێ وێنەی کوڕەکەت لای باوکی کچەکە جوان بکەیت یان زیاتر ناشیرینی بکەیت و بە یەکجاری ئیشەکەیان لێ تێك بدەیت؟

وتی: من نامەوێ درۆیان لەگەڵ بکەمن کوڕەکەم هیچ داهاتوێکی نیە، ئەگەر بیەوێ بەتەمای من ژن بێنێت، خەیاڵی خاوە، یەك فلسی بۆ خەرج ناکەم، با بۆخۆی پیاوبێت خوێندنی خۆی تەواو بکات و کارێکیش بۆ خۆی بدۆزێتەوە و پارەی ژنهێنانیش پاشەکەوت کات، ئەوجا من بۆی دەچمە سەر بەڕ و داوای دەستی ئەو کچەی بۆ دەکەم کە خۆشی دەوێت.

منیش وتم: مادام ناتەوێ ژنی بۆ بێنیت، بۆچی دەتەوێ باوکی کچەکە ببینیت؟

وتی: دەمەوێ پێی بڵێم بە کچەکەیان بڵێت لە کوڕەکەم دوور بکەوێتەوە، چونکە من هیچی بۆ خەرج ناکەم و کەفالەتیشی ناکەم.

وتم: نەکەی شتێکی وا بکەیتن خوا نەکات ئەگەر کچەکە ئەوە بزانێت و باوکی لە سەر ئەوە دەمە دەمی لەگەڵ بکاتن لەوانەیە شتێك لە خۆی بکات، ئەوکاتە تۆش بەرپرسیار دەبیت بەرامبەر خودا و بەرامبەر بە یاساش.

کە وام پێ وت، بە توڕەییەوە وتی: پێویستم بە ڕاوێژی تۆ نیە، خۆم دەزانم چی دەکەم تا ئەو کچە لە کوڕەکەی خۆم دوور بخەمەوە، ئەوانە دەزانن من پارەو پولم هەیە، چاویان بڕیوەتە سامانەکەی من و دەیانەوێ بە فێڵی خۆشەویستی و هاوسەرگیریەوە دەستی بە سەردا بگرن.

ئەمەو تا چەند ڕۆژێك عومەر قرچۆکم نەدیتەوە، ئێوارەیەك سۆندەم بە دەستەوە بوو، بەر دەرگام دەڕشاند، عومەرم بینی بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەم، خۆی هاتە لام و پێی وتم: بە قسەی تۆم نەکرد، ئێوارەیەك خۆم و ژنەکەم چوینەماڵیان و بە ڕاشکاوی هەموو شتێکم بە دایك و باوکی کچەکە وت.

منیش وتم: کە وات پێ وتن پێیان ناخۆش نەبوو؟

وتی: با هەر پێیان ناخۆش بێت، بۆچی بە تەمای من بن، ژن بۆ کوڕەکەم بێنمن چما ژنهێنان گاڵتەیە. ئەمڕۆ دەڵێن هیچمان ناوێ، بەڵام دوایی چاو دەبڕنە پارەکەم و هەر ڕۆژەی داوای شتێکم لێ دەکەنز

منیش وتم: تۆ لەوە گەڕێ، وەڵامت نەدامەوە، کە وات پێ وتن، چ هەستێکیان هەبوو؟

وتی: ڕاستیەکەی ئەوان لەو بڕوایەدا نەبوون کە ئێمە بۆ تێکدانی چووبین، وایانزانی بۆ داوای دەستی کچەکەیان ڕۆیشتووین، بۆیە بەخێرهاتنێکی گەرم و گوڕیان لێ کردین و ئاوی سارد و شەربەتیان پێشکەش کردین، بەڵام کە زانیم ئەوان بە هەڵە تێگەیشتوونە، هەر زوو چوومە ناو بابەتەکە و پێم وتن کە بە تەمای من نەبن پارەیان بۆ خەرج بکەمن هەروەها پێم وتن کە کوڕەکەم تەمبڵە و لەوانەیە خوێندنی پێ تەواو نەکرێت، ئەوکاتە ژیانی کچەکەیان لەگەڵ ئەم کوڕە بێکەڵکەی من وێران دەبێت.

**عومەر قرچۆك ویستی دەعوەتم بکات:**

چەندجارێك عومەر قرچۆکم دەعوەت کردبوو، ڕۆژێك لە ڕێگا منی بینی، ئۆتۆمبێلەکەی بۆ ڕاگرتم وتی: چەندجارێك نمەکی تۆم کردووە و عەعوەتت کردوم، ئەمڕۆ تۆ دەعوەتی منیت، دەچینە ڕیستورانتێك، بەیەکەوە نانێك دەخۆین.

کە واە وت زۆر بەلامەوە سەیر بوو، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم قرچۆکە گیانی لەگەڵ فلسێك دەردەچێت، لە بەر ڕەزیلی و قرچۆکی ژنی بۆ کوڕەکەی نەهێنا و پەیوەندی نێوان دوو خۆشەویستی تێکدا، چۆن دڵی دێت پارە لە من خەرج کات).

نەم دەویست لەگەڵی بچم، بەڵام هەر بۆ تاقیکردنەوە داواکەیم قبوڵ کرد، لە دڵی خۆمدا وتم (لەوانەیە کارێکی پێم هەبێت، چونکە ئەو قرچۆکە بێ بەرامبەر فلسێك لە سەر ڕۆحی کەس دانانێت).

لە سەر شەقامی سەدمەتری لایدایە بەردەم ڕیستورانتی تودەی و وتی: پێدەچێت خواردنی ئەم ڕیستورانتە خۆشبێت، چ دەڵێی بچینە ئەوێ؟

وتم: بەگوێرەی قەرەباڵغیەکەی بێت، پێ دەچێت ڕیستورانتێکی ناوازە بێت.

که وام وت، کەمێك بێدەنگ بوو، دوایە پێی لە بەنزین نا و ڕۆیشت و وتی: ئەمجۆرە ڕیستورانتان چونکە میوانیان زۆرە ئیستغلالی خەڵك دەکەن، دەچینە شوێنێك زۆر قەرەباڵغ نەبێت تا بتوانین بە ئازادی دوو قسەش بکەین.

ئەوەبوو ئەوجارە لە بەردەم ڕیستورانتی ئاڤاشین ڕایگرت، تەنها دوو نەفەری لێ بوو، وتی: ئێرە شوێنێکی باشە، خزمەتگوزاریەکانیشی بە خێرایی پێشکەش دەکەن، چونکە قەرەباڵغ نیە.

وتم: گرنگ نیە هەر شوێنێك بێت، لە بەر دڵی تۆ نەبێت زۆر حەز لە نانخواردنی دەرەوە ناکەم.

هەندێك بێدەنگ بوو، چاوەڕێم دەکرد لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزێت، بەڵام پێی لە بەنزین ناو وتی: بیرم کەوتەوە هاوڕێیەکم هەیە هوتێل و ڕیستورانتێکی چوار ئەستێرەی لەم نزیکانە هەیە، لەوێ نان دەخۆین.

ئەوەبوو منی بردە هوتێل و ڕیستورانتی (تەنگرام) لە سەر شەقامی کەرکوك. هوتێلەکە لە باڵاخانەیەکی دە نهۆمی پێکهاتبوو، ڕیستورانتەکەی لە نهۆمی سەرەوە بوو. کە چووینە ژوورەوە لە جیاتی ئەوەی بچێتە ئەو نهۆمەی کە ڕیستورانتەکەی لێیە، منی بردە ساڵەی پێشوازیکردن لە نهۆمی خوارەوە.

دەمێك دانیشتین، کەس بەلامانەوە نەهات، کارمەندەکانی هوتێلەکە بە بەردەممان دەهاتن و دەچوونن بێ ئەوەی لێمان بپرسن چیمان دەوێ.

عومەر قرچۆك وتی: نیازم وایە لە هەڵبژاردنی داهاتوو خۆم بۆ پەرلەمانی کوردستان کانید کەم.

زۆری بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدا، گوایە لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارف لە سەر کوردایەتی حەفتەیەك گیراوەو زیندانی کراوە، هەروەها باسی لەوە دەکرد کە لە هەلێ هاتدا کە ڕۆیشتوونە بۆ ئێران و لە شاری مەهاباد ماونەتەوە تا بارودۆخەکە ئاسایی بۆتەوە و هاوپەیمانان کوردیان پار استووە، نانی داوە بە کەسێك، ئەو کەسە ئێستا بەرپرسێکی گەورەیە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

منیش وتم: ئەو بەرپرسە تۆی لە یاد ماوە؟

وتی: ڕۆژێك چوومە لای داوام لێی کرد ئەو پارەیەی کە لە مەهاباد لێم خەرج کردووە بۆم بگەڕێنێتەوە چونکە وەزعی لە من باشترە.

وتم: جا بۆی گەڕاندیتەوە؟

وتی: کە پێم وت، لەجیاتی ئەوەی دەست بخاتەوە گیرفانی و پارەکەم بداتەوە، پێی وتم (تۆ لە پێناو کورد و کوردستان ئەمەت کردووە، ئەو هەڵوێستەت بە پارە هەڵناسەنگێندرێت) بۆیە منیش لێم دووبارە نەکردەوە و هاتمە دەرەوە.

منیش وتم: مەبەستت لە گێڕانەوەی ئەم چیرۆکە چی بوو، بۆچی دوای ئەم هەموو ساڵە باسی دەکەیت؟

وتی: دەمەوێ خۆم بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێرم و زیاتر خزمەتی خەڵکی کوردستان بکەم، داواش لە تۆ دەکەم وەك برایەکی ئازیز ئیشم بۆ بکەیت و باسی زیندانی کردنەکەم بۆ هاوڕێکانت بکەیت، هەروەها ئەوەشیان بۆ باسکە کە لە هەڵێ هاتدا لە پێناو کورد و کوردستان نانم داوەتە خەڵکی ئاوارە تا دەنگم پێ بدەن.

کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆ بوو، لە برسان وەخت بوو دڵم ببورێتەوە، چاوم لێ بوو داوای خواردنم بۆ بکات، بەڵام ئەو لە بەر چەنەبازی و پیاهەڵدانی خۆی ئاگای لە خواردن نەبوو، بە قسەی پڕو پووچ و بێ مانا منی سەرقاڵ کردبوو.

لەوکاتەدا خاوەنی هوتێلەکە هاتە ژوورەوە و لە دوورەوە بە ساردی سڵوی لە عومەر قرچۆك کرد و بە سەری لموزی پێی وت: بەخێربێن.

عومەریش وتی: بەخێرهاتن چۆن وا دەبێت، چەن سەعاتە ئێمە لێرە دانیشووینە، کارمەندەکانت بە بەردەممان دێن و دەچن، پێمان ناڵێن چیتان دەوێ و تەنانەت چایەکیشیان بۆ نەهێناین.

ئەویش وتی: قسەیەك دەکەم عادز مەبە، تۆ یەکەمجارت نیە خۆت و میوانەکانت لەم ساڵەیە دادەنیشن، ئێرە شوێنی پێشوازی ئەو کەسانەیە کە دەیانەوێ ژور بگرن و لە هوتێل بمێننەوە، ڕیستورانتەکە لە نهۆمی سەرەوەیە، ئەوەی بیەوێ خواردن و خواردنەوەی بۆ بێت، دەبێ بچێتە ئەوێ نەك ئێرە.

که خاوەنە هوتێلەکە وای وتن هەستاو بە تورەییەوە  وتی: بابڕۆین، ئێرە شوێنی پیاو نیە لێی دانیشین.

منیش هیچ دەنگم نەکرد و لەگەڵی ڕۆیشتمز سواری ئۆتۆمبێلەکە بووینن ئەو جارەیان بە خێرایی لێی خوڕی و تا بەردەرگای ماڵی خۆیان ڕای نەگرت.

**عومەر قرچۆك وەزیری پێشمەرگە دەعوەت دەکات:**

ماوەیەك بوو عومەر قرچۆك خەونی بە ئەندام پەرلەمانیەوە دەبینیەن بۆ ئەم مەبەستە لێرە و لەویێ لای خزم و کەس و دراوسیێ و برادەرەکانی ئەوەی نەشاردبۆوە کە بە نیازە لە خولی داهاتووی پەرلەمانی کوردستان خۆی کاندید بکات، بەڵام وێڕای ئەوەش دەستی لە پارەو پوولەکانی نەدەبۆوە، کە دۆست و برادەرەکانی دەعوەت بکات و لە سەر خوانێکی نانخواردن کۆیان بکاتەوە، تا دەنگەکانیان بۆ خۆی مسۆگەر بکات.

عومەر دەیویست ببێتە ئەندام پەرلەمان بەبێ ئەوەی دەستی بخاتەوە باخەڵی و یەك فلس خەرج بکات. لەم ڕۆژانەی دواییدا چەندجارێك بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی منی گەیاندە بازاڕ و یەك دوو جاریش بە ناوی دەعوەت منی لە ماڵەوە هەڵگرت و بە بەردەم ڕیستورانتەکاندا منی گێڕا، بەڵام هەرچەندی کردی دەستی لە پارە نەبۆوە و غیرەتی نەکرد نانێکم بۆ بکڕیێ. دواجار بە ناوی دەعوەت منی بردەوە هوتێل و ڕیستورانتی (تەنگرام) و لە ساڵۆنی هوتێلەکە داینیشاندم و تا دوای نیوەڕۆ بە قسەی زل سەرقاڵی کردم و دواییش بە زگی برسی منی هێنایەوە ماڵەوە.

زۆرم مەراق بوو بە چاوەکانی خۆم ببینم ئەم قرچۆکە بگۆڕێت و ئەم ڕەزیلی و قرچۆکیەی نەمێنێت، بۆیە هەرجارێك دەعوەتی نانخواردنی دەکردم، لەگەڵی دەڕۆیشتم و ڕەتم نەدەکردەوە.

ئێوارەیەك لە سەر لا قەنەفەیەکی هۆڵەکە پاڵم دابۆوە، دەمویست سەرخەوێك بشکێنم، لە دەرگا درا، کە دەرگاکەم کردەوە، دیتم عومەر قرچۆکە، زۆر بە زەوق

دیار بوو، بێ پێشەکی پێی وتم: ئەمڕۆ ئێوارە دەعوەتی منی، دەچینە شوێنێك تا درەنگی شەو ناگەڕێینەوە.

منیش وتم: ئەگەر بۆ نانخواردن بێت، چ پێویست دەکات خۆمان دوابخەین و درەنگ بگەڕێینەوە؟

وتی: هەر نانخواردن نیە، خواردن و خواردنەوەشی لەگەڵدایە.

کە وای وت، سەیرم پێ هات، لە دڵی خۆمدا وتم (بۆ ژەمە نانێك سێ چوار ڕیستورانتی پێ کردم، دواییش بە زگی برسی منی هێنایەوە، چۆن ئێستا وێڕای ژەمەنانێك خواردنەوەشم بۆ دەکڕێت).

ئەقڵم دەعوەتەکەی نەگرت، بەڵام وێڕای ئەمەش قبوڵم کرد لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر وەکو جاری پێشوو نانیشم بۆ نەکڕێت گوێم لێی نیە، چونکە تێرم و ئێوارانیش چێشت ناخۆم).

دوای خۆرئاوابوون منی هەڵگرت و ڕۆیشتین. لە ڕێگا بیرم هەر لای ئەو بوو، لە بیری خۆمدا دەموت (تۆ بڵێی ئەمجارە بە ڕاستی بێت و تۆڵەی جاری پێشووم بۆ بکاتەوە و نانم پێ بدات. یان دیسان دەیەوێ فیتە بە دەورەیەکی بەردەم ڕیستورانتەکانم پێ بکات و دواییش بە سکی برسی بمهێنێتەوە).

کە گەیشتینە لای بارەگای ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات، بە ئاراستەی کۆلێژی ئەندازیاری بە شەقامی سەرەکی کەرکوك ڕۆیشت. ڕیستورانتەکانی ئاڤەشین و دوو بە دوو و تەنگرامی بەجێ هێشتن تا گەیشتینە هوتێل و ڕیستورانتی (ئاڤێستا) ئاوڕی لە هیچیان نەدایەوە.

لە بەردەم ڕیستورانتی (ئاڤێستا) ئۆتۆمبێلەکەی ڕاگرت و دەستی گرتم و بە پێشخۆی دام و وتی: فەرموو پێشکەوە، ئەمڕۆ تۆ و هاوڕێیەکی خۆشەویستم دەعوەت کردووە، پاش کەمێکی تر ئەویش دەگات و بە یەکەوە کاتێکی خۆش بە سەر دەبەین و دوو قسەی خۆشیش دەکەین.

وتم: ئەو برادەرە کێیە، من دەیناسم؟

وتی: پەلە مەکە کە هات دەیناسیت.

منیش وتم: دراوسێمانە؟

وتی: ئارام بگرە، ئەو کەسێکە پلەو پایەیەکی گەورەی لە حکومەت هەیە، هەمووان دەیناسن.

کە وای وت، لە بیری خۆمدا وتم (یان بەڕێوەبەری کشتوکاڵە یانیش بەڕێوەبەری فەرمانگەی شارەوانیە).

کە چووینە ژورەوە، بانگی کارمەندی ڕیستورانتەکەی کرد و پێی وت: ژوورەکەت بۆ ئامادە کردووین؟

وتی: هەموو شتێك تەواوە.

ئەمەی وت و ئێمەی بردە ژوورێکی (VIP) و وتی: ئەم ژورە تەنها پیاو ماقولان و گەورە بەرپرسان لێی دادەنیشن.

ئەویش وتی: میوانەکەی منیش یەکێکە لەو گەورە بەرپرسانە، دەبێ یەکێکتان بەردەوام لای دەرگا بێت، نەوەك پێویستمان بە شتێك بێت.

دوای ئەوە تەلەفۆنی بۆ کەسێك کرد، لە قسەکانی پێ دەچوو ئەو کەسە برازای بێت، داوای لێ کرد کە جلێکی کەشخە لەبەر بکات و بە خێرایی خۆی بگەیەنێتە ئێرە.

من و ئەویش لە چاوەڕوانی گەیشتنی میوانەکەی لە بەردەم تەلەفزیۆن دانیشتبوین و گوێمان لە هەواڵەکان دەگرت، هێندەی نەبرد، برازاکەی هات و دوای ئەویش لە ساڵە ڕیستورانتەکە بووە دەنگە دەنگ و مشەوەشییێك کەوتە ناو دانیشتووی ڕیستورانتەکە و گوێم لێ بوو یەکێك لە کارمەندەکان بە دەنگی بەرز بە وانی تری دەوت (ڕێگا بەردەن با جەنابی وەزیر بۆ ژووری (VIP) هەڵکشێت.

عومەر قرچۆك کە ئەمەی گوێ لێ بوو، بە خێرایی هەستایە سەر پێ و بە من و برازاکەی وت: جەنابی وەزیری پێشمەرگە هات، با بچینە پێشوازی.

ئەوەبوو چووینە دەرەوە، بینیم وەزیری پێشمەرگە و دەیان پاسەوان و پلەدار و فەرماندەش بەدوایەوە بوون. دوای بەخێرهێنان دایە پێش خۆی و هێنایە ژووری (VIP)، ئەو کەسانەش کە یاوەرێتی وەزیری پێشمەرگەیان دەکرد، لە هۆڵی ڕیستورانتەکە لە بەردەم ژوورەکەمان دابەش بوونە سەر مێزەکان، هەندێکیشیان

کورسی و مێزیان بەرنەکەوت، دەتوت لە ساحەی عەرەزات دانیشتوونە لە سەر زەوی چوار مەشقی لێی دانیشتن.

کە ئەم دیمەنەم بینی واقم وڕما، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەم قرچۆکە دڵی نایەت بە تێری نان بخوات، چۆن دڵی هاتووە ئەم هەموو کەسە دەعوەت بکات)، ئەمەو کە تەماشای ئەو ژمارە زۆرەی یاوەرانی وەویری پێشمەرگەم دەکرد، لە دڵی خۆمدا وتم (ئەگەر تەنها لەفەی فەلافلین بۆ بکڕێت، پەنجا هەزار دیناری دەچێت، بێ لە وەزیری پێشمەرگە لەوانەیە بەرخێکی سوورکراوی بۆ بەڕادان دابێت کە بەلای کەمەوە دوو هەزار دیناری تێ دەچێت).

عومەر سویچی ئۆتۆمبێلەکەی دایە برازاکەی و پێی وت: سندووقی ئۆتۆمبێلەکە بکەوە، هەندێك شتی تیایە هەمووی بێنە، بەڵام وریابە شووشەکان نەشکێن.

کەوای وتن وەزیری پێشمەرگە سەری سوڕما، تەماشایەکی منی کرد و هیچ دەنگی نەکرد، وەك ئەوەی پێم بڵێ تۆش بەلاتەوە سەیر نیە !

ئەمەو خاوەنی ڕیستورانتەکەش هاتە ژوورەوە و دوای بەخێرهێنان ڕووی لە عومەر کرد و پێی وت: کارمەندێکم بۆتان لەبەر دەرگا داناوە، هەر شتێکتان ویست تەنها زەنگ لێبدەن، خۆی دێتە لاتان و چیتان بوێ بۆتات دێنێ.

برازاکەی عومەر هاتەوە، دوو کارتۆنی داخراو و چەند کیسەیەك نایلۆن و سفرەی سەفەری و هەندێك چەقۆ و چەنگاڵ و قاپ و ملاکی سەفەری پێ بوون لە گۆشەیەکی ژوورەکەی دانان و ڕووی لە عومەر کرد و پێی وت: مامە شتەکانم هێنا، چیان لێ بکەم؟

وتی: جارێ سفرەکە بێنە و ئەم مێزەی پێ داپۆشە با پیس نەبێت، دواییش خیار و تەماتەکە بێنە بیکە زەڵاتە و بیانخە ناو قاپە سەفەریەکان و لە سەر مێزەکە دابەشیان بکە.

وتی: ئەی شتەکانی تر؟

وتی: پەلە مەکەن یەك یەك ئیشەکان بکە، جارێ زەڵاتەکە دروست بکە، ئەوجا چەرەزات و خواردنەوەکە دابنێ.

ئەوەبوو برازاکەی سەبەتەیەك خیار و تەماتەی لە بەردەم خۆی دانا و بە چەقۆ ورو وردی کردن و دواییش خستنیە ناو قاپی سەفەری و لە سەر مێزەکە دابەشی کردن.

ناوە ناوەش کارمەندی ڕیستورانتەکە دەهاتە ژوورەوە و بە عومەری دەوت: چیتان ناویٚ بۆتان بێنم؟

عومەریش دەیوت: ئەگەر شتێکمان بویێت زەگت بۆ لێدەدەین.

وەزیری پێشمەرگەش لە توڕەییان چاوەکانی ئاگریان لیٚ دەباری، فیشەکت لیٚ دابا دڵۆپێك خوێنی لیٚ نەدەهات.

دوای ئەوە برازاکەی عومەر وتی: مامە زەلاٚتەکەم تەواو کرد، ئەجا چیبکەم؟

وتیەك لە ناو سندووقی ئۆتۆمبێلەکە فلینێکی گەورەی تیایە، خواردنەوەی کهولی تیایە، جاریٚ هەندێکیان بێنە، کە تەواومانکرد، ئەجا ئەوانی تر بێنە، با گەرم نەبێت.

ئەوەبوو ڕۆیشت و بە دوو کیسەی نایلۆن بیرە و وێسکی و ڤۆدگا گەڕایەوە لامان.

عومەر ڕووی لە وەزیری پێشمەرگە کرد و پێی وت: لەبەر تۆ ڤۆدگام هێناوە، دەزانم تۆ بیرەو وێسکی ناخۆیتەوە.

ئەویش وتی: بۆچی خۆت ماندوو کرد، لە بەر خاتری تۆ هاتوومە، لەوەتی بوومەتە وەزیری پێشمەرگە لە بەر سەرقاڵیم کەی مەجالی خواردنەوەم هەیە.

عومەر قرچۆك ڕووی لە من کرد و وتی: ئەم بتڵە وێسکییەشم لە بەر تۆ هێناوە.

منیش وتم: تا بیرە هەبێت من وێسکی ناخۆمەوە.

کە وام وتن ڕووی لە برازاکەی کرد و پێی وت: ئەم بتڵە وێسکییە بخەرەوە ناو فلینەکە و دوایی بۆ مەشروب فرۆسشەکەی ببەوە.

ئەمەی وت و ڕووی لە وەزیری پێشمەرگە کرد و پێی وت: لەبیرم چوو ئەم هاوڕێیەی خۆمت پیٚ بناسێنم. ئەو کارمەندی وەزارەتی شارەوانیەو پێشتریش کارمەندی ئەمینداریێتی گشتی شارەوانی و هاوینەهەوارەکان بوو پێش ڕاپەڕین، دەستی نووسینیشی هەیە و چەندین بەرهەمی چاپکراویشی لە بواری چیرۆك و ڕۆماندا هەیە.

وەزیری پێشمەرگەش وتی: خۆشحاڵم بە ناسینی.

ئەمەی وت و بە تەوسەوە وتی: ئەم دانیشتنەی ئێمەش کەرەستەیەکی باشە ئەگەر بیکاتە ڕۆمان!

بە هەرحاڵ، برازاکەی عومەر قرچۆك دوای ئەوەی مەشروبەکانی لە سەر مێزەکە دانا، جارێکی تر ڕووی لە عومەر قرچۆك کردەوە و پێی وت: چیتر ماوە بۆتان بێنم؟

عومەریش وتیەك لە ناو کیسەکان هەندێك گوڵەبەڕۆژەو دەندەرۆشك هەیە، بیانهێنە و لە ناو قاپی سەفەریان دابنێ و بیانهێنە سەر مێزەکە.

کارمەندی ڕیستورانتەکەش سەری هێنا ژوورەوە و وتی: چتان ناوێ بۆتان بێنم؟

بەرلەوەی عومەر قرچۆك وەڵامی بداتەوە، سەرم خستە ژێر گوێی و پێم وت: ئەم ژوورە تایبەتیە و لە سەر ڕیستورانتەکە گران وەستاوە، ناکرێ هیچ بانگ نەکەین و تەنها بە خیار و تەماتە و گوڵە بەڕۆژە و دەندەرۆشك خۆمان بەڕێ بکەین.

وتی: هەموو شتێکم هێناوە، داوای چی لێ بکەین هەرچی بیهێنێت زیادە.

منیش وتم: هەر هیچ نەبێت پێی بڵێ با هەندێك بتڵە ئاو و هەندێك موقەبیلاتمان بۆ بێنێ، با نەڵێن ئەوانە داوای هیچ ناکەن.

هەرچەند قسەکانی منی پێ ناخۆش بوو، بەڵام بە لالوتیەوە پێی وت: هەندێك ئاو و موقەبیلاتمان بۆ بێنە.

وەزیری پێشمەرگەش لە توڕەییان ئاگر لە لووتەکانی دەهاتە دەرەوە، بەڵام دانی بە خۆیدا گرت و هیچ دەنگی نەکرد.

ئەمەو دوای ئەوەی پێکەکانمان تێ کرد، عومەر قرچۆك گڵاسەکەی بەرز کردەوە و وتی: لە خۆشی جەنابی وەزیری پێشمەرگە.

وەزیری پێشمەرگەش بە نادڵیەوە گڵاسەکەی بەرزکردەوە و فڕێکی لێدا.

ناوە ناوەش عومەر دەیوت (گوڵە بەڕۆەی دەشتی بیتوێنە، بە تایبەتی بۆیان هێناوم، دەندەرۆشکەکەش لە سیدەکان بۆیان هێناوم، تا نەیخۆن نازانن چەند بە تامە).

وەزیری پێشمەرگەش بە تەوسەوە وتی: پێشان کە منداڵ بووین، لە شەوانی زستاندا بەرامبەر سۆپای دار دادەنیشتین و بە دەم قسە کردنەوە لە ناچاری ئەم دڕك

و داڵەمان دەخوارد کە پێی دەڵێن دەندەرۆشك! بەڵام ئێستا خەڵکی شارستان بوونەو نایخۆن، تەنانەت ئاژەڵیش ئەگەر لەوەڕێکی باشی هەبێت نایخوات.

عومەریش وتی: مادام دەندەرۆشکەکە ناخۆیت، دەست بۆ گوڵەبەڕۆژەکە درێژ بکە.

وەزیری پێشمەرگەش وتی: بە زۆری ژنان حەزیان لە خواردنی گوڵەبەڕۆژەیە، کە لە بەر دەرگا دادەنیشن، وەکو کلۆ دەکەونە سەری و بە دەم قرتاندنیشیەوە دەست بە غەیبەت و نەمیمە دەکەن.

عومەر قرچۆك قسەکانی وەزیری پێشمەرگەی بە دڵ نەبوو، لە خەمان برۆکانی جووت ببوون، موی سەری وەکو قامیش بۆ سەرەوە بەرز بوونەوە و هیچ دەنگی نەکرد.

تا درەنگی شەو دانیشتین، من تەنها دوو بتڵ بیرەم خواردەوە، عومەریش نیو بتڵ ڤۆدگای خواردەوە، وەزیری پێشمەرگەش ناوە ناوە فرێکی بچووکی لە ڤۆدگاکە دەدا تا نەڵێن ناخواتەوە.

زۆرم مەراق بوو بزانم ئەم عومەر قرچۆکە بە چ مەبەستێك وەزیری پێشمەرگەی دەعوەت کردووە.

لە چاوەکانی وەزیری پێشمەرگەش ئەوەم دەخوێندەوە کە ئەویش وەکو من لە مەبەستی عومەر ناگات و چاوەڕێی دەکرد داوای شتێکی لێ بکات و لەو مەراقەدا نەیهێڵێتەوە.

عومەر قرچۆکیش زۆری بە شان و باڵی خۆیدا هەڵدا و وتی: لە سەردەمی حوکمڕانی عەبدولسەلام عارفدا لە سەر کوردایەتی گیراوم و لە هەڵێ هاتنیشدا کاتێك حکومەتی بەعس شارەکانی کوردستانی گرتەوە و قەتل و عامی کردین، لە ترسی ئەو ڕامانکرد و تا ئێران ڕانەوەستاین.

وەزیری پێشمەرگەش بە توانجەوە وتی: چەند ساڵ لە سەر کوردایەتی گیرایت؟

وتی: خوا ڕەحمی پێ کردم زۆر لە زینداندا نەماوە، کە عەبدولسەلام لە ناو فرۆکەدا سوتا، عەبدولڕەحمانی برای هاتە شوێنی، لێبوردنێکی گشتی دەرکرد و ئازاد کرام.

وەزیری پێشمەرگەش وتی: پێت نەوتین چەند ساڵ گیرایت؟

ئەویش وتی: هەیە یەك ڕۆژ لە سەر کوردایەتی نەگیراوە کەچی کراوەتە ئەندام پەرلەمان و بەرپرسی گەورە لە کوردستاندا، کەچی من هەفتەیەك گیراوم و لای کەسیش باسم نەکردووە.

وەزیری پێشمەرگە لە قسەکانی عومەر وەڕس ببوو، لە بێزاریان بە زۆری خۆی ڕاگرتبوو، چاوەڕێی دەکرد پێکەکانی بەر دەممان بەتاڵ بێت تا هەڵسێت و بڕوات.

کاژمێر گەیشتە دەی شەو، خواردنەوە تەواو بوو، وەزیری پێشمەرگە ڕووی لە عومەر کرد و پێی وت: وا خواردنەوەکەشمان تەواو کرد، کاتیش درەنگە، ئەوجا کاتی هاتووە بیکەینە شەو و هەستین.

عومەریش وتی: لە بەر خاتری تۆ بە تایبەتی سەروپێم لێ ناوە، کچی خوشکم بە دەستەکانی خۆی چاکی کردوونەو لێی ناون.

ئەمەی وت و بە برازاکەی وت: بڕۆ مەنجەڵی سەروپێیەکە بێنەو لە گۆشەیەکی ئەم ژوورە لە سەر پرێمێزی دابنێ و گەرمی بکەوە.

برازاکەشی چووە دەرەوە و دوای کەمێك بە خۆی و مەنجەڵی سەروپێ و پرێمزەوە هاتە ژوورەوە و لە دووری ئێمە خستیە سەر ئاگر و گەرمی کردەوە.

وەزیری پێشمەرگە پەلەی بوو، چەندجارێك خۆی هێناو برد دەیویست هەستێ و شتێك بڵێ، بەڵام دانیشتەوە و هیچی نەوت.

عومەر قرچۆك کە زانی گەرمکردنەوەی سەروپێیەکە دوادەکەوێت، بە دەنگی بەرز بە برازاکەی وت: ئەوە چی بوو ئەو سەروپێیە گەرم نەبۆوە؟

ئەویش وتی: لە دوێنێوە لە ناو بەفر گر داندراوە بۆتە پارچەیەك سەهۆڵ ئاگریش کاری لێ ناکاتن دەبێت هەندێك سەبر بگرن، تا بە باشی گەرم دەبێتەوە.

وەزیری پێشمەرگەش کە گوێی لەمە بوو، هێندەی تر توڕە بوو، لە توڕەییان چاوەکانی وەکو مزراح دەخولانەوە، بەڵام دانی بەخۆیدا گرت و هیچی نەوت.

بۆنی سەروپێ ئەو ناوەی تەنیبۆوە، هەندێك لە دانیشتوانی ڕیستورانتەکە لە بەر بۆنەکەی ئێڵنجیان دەهاتێ و هەندێکیش دەڕشانەوە. خاوەنی ڕیستورانتەکەش بە شڵەژاوی و شپەرزەییەوە لە هۆڵی ڕیستورانتەکە دەهات و دەچوو، ناوە ناوەش

سەرێکی بە ژوورەکەی ئێمەدا دەگرت و لە ترسی وزیری پێشمەرگە نەیدەوێرا هیچ بڵێ. لەو لاوەش فەرماندە و پلەدار و پاسەوانە تایبەتیەکانی وەزیری پێشمەرگە لە برسان زگیان فاتە ڕۆی بوو، لە سەر زگ لێی ڕاکشابوون، هەندێکیشیان وەکو پشیلەی چێشتخانەکان لە مەنجەڵی سەروپێیەکە نزیك ببونەوە و لە برسان هەڵمەکەیان هەڵدەمژی.

بە هەرحاڵ، دوای نیوکاتژمێر سەروپێیەکە ئامادە بوو، لە سەر سنییێگەورە ڕوویانکرد، عومەر قرچۆکیش ڕووی لە وەزیری پێشمەرگە کرد و وتی: فەرموو دەست درێژکە، ئەم سەروپێیەم بە تایبەتی بۆ تۆ ئامادەکردووە.

ئەمەو کەوتە مەتح و سەنای خوشکە زاکەی و وتی: ئەو خوشکە زایەم هاوسەری وەزیری دەوڵەت بوو لە حکومەتەکەی سەدام حوسێن و چەندجارێك سەدام حوسێن و حاجی خێروڵای خاڵی بە سەروپێ دەعوەت کردووە و بۆی ناردوونەتە کۆشکی کۆماری.

وەزیری پێشمەرگەش لە خەفەتان وەخت بوو شەق ببات، زەینی لای قسە پڕوپووچەکانی عومەر قرچۆك نەبوو، ناوە ناوە سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکرد و بۆ موجامەلەش ناوە ناوە پارچە گۆشتێکی هەڵدەگرت و دەیخستە ناو دەمی و بە منیشی دەوت (بۆچی دەست درێژ ناکەیت).

پاسەوانە تایبەتیەکانی وەزیریش سەرەدیقانێیان لەگەڵ دەکردین و ناوە ناوە سەریان دەهێنا ژورەوە، چاوەڕێی ئەوەبوون عومەر قرچۆك پێیان بڵێ فەرموو یان هەندێك سەروپێیان بۆ ببات، بەلأم عومەر قرچۆك خۆی لە گێلی دەداو پشتی تێ دەکردن.

هێشتان وەزیری پێشمەرگە دەستی لە خواردن هەڵنەگرتبوو، عومەر قرچۆك ڕووی تێ کرد و پێی وت: جەنابی وەزیر ئیشێکم پێتە.

ئویش بە تەوسەوە وتی: یا ئەڵڵا خێر!

عومەریش وتی: هەر خێر دەبێ، داواکارییێکی بەسیتە. وتی: گوێم لێتە بڵێ.

وتی: دەمەوێ چاوپێکەوتنێکی سەرۆکی حکومەتم بۆ وەربگریت.

ئەویش وتی: جارێك چاوپێکەوتنم بۆ وەرگرتیت و پارچە زەوییێکی پێ دایت، ئەمجارە دەتەوێ چیت بۆ بکات؟

وتی: هیچم ناوێت، تەنها لە هەڵبژاردنی داهاتوو پشتگیریم بکات و بۆ پەرلەمانی کوردستان کادیدم بکات.

وەزیری پێشمەرگەش ناوی کەسێکی هێنا، کە لە بەریتانیا دادەنیشێت، پێی وت: ئەگەر ئەوت لەگەڵ بێت، چاوپێکەوتنتان بۆ وەردەگرم.

عومەر قرچۆك سەری لە قسەی وەزیری پێشمەرگە دەرنەچوو، وتی: من چ پەیوەندییێکم بەو هەیە، دەمەوێ بە تەنیا چاوم بە سەرۆکی حکومەت بکەوێ.

ئەویش وتی: ئەوە نابێت.

عومەر قرچۆکیش وتی: تێناگەم بۆچی من لەو دەبەستیتەوە؟

وەزیری پێشمەرگەش بە توڕەییەوە لە سەر کورسیەکەی هەستاو بە پاسەوانەکانی وت: ئۆتۆمبێلەکە ئامادەبکەن دەچینەوە.

عومەر قرچۆکیش وەکو کوچ کوچە بە دواوەی بوو، پێش ئەوەی سواری ئۆتۆمبێلەکەی بێت و بڕوات، پێی وت: وەڵامت نەدامەوە؟

وەزیری پێشمەرگەش بە توڕەییەوە وتی: من قسەی خۆمم کردووە.

**عومەر قرچۆك تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا دەبێت:**

ماوەیەکی زۆر بوو ئاگام لە عومەر قرچۆك نەمابوو، پاش ئەوەی دەوڵەمەند بوو، خانوێکی لە شاری خەونەکان کڕی و ماڵی خۆی گواستەوە بۆ ئەوێ. ڕۆژێك بۆ کڕینی میوەو سەوزە چومە بازاڕی شێخەڵا، لە نزیك دۆلار فرۆشەکان چاوم بە مام ڕەمەزانی پاکەتفرۆش کەوت، لە ئەحواڵی عومەر قرچۆکم پرسی، وتی: عومەر چەند ڕۆژێکە مردووە، دیارە نەتزانیوە؟

وتم: ئەوە تۆ چی دەڵێی؟

وتی: تووشیر ڤایرۆسی کۆرۆنا بوو، ڕازی نەبوو بینێرنە دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەر، هاوسەرەکەی لە سەر داوای خۆی لە نەخۆشخانەیەکی حکومی خەواندی. زۆر لە نەخۆشخانە نەمایەوەو گیانی دەرچوو.

به خێرایی شتەکانم کڕی و گەڕامەوە ماڵەوە، لەگەڵ هاوسەرەکەم چووینە شاری خەونەکان  بۆ پرسەو سەرەخۆشی.

هاوسەرەکەی جلێکی ڕەشی پۆشی بوو، بە تاقی تەنها لە سالۆنەکە دانیشتبوو، کە وام دیت، زۆر سەیرم پێ هات، پیاوێکی وەکو عومەر خاوەنی بالاخانەیەکی گەورەی نیشتەجێ بوون و شێخ و براگەورەی خانەوادەکەی و بەرپرسی پێشووی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی پەلەوەر لە پەلەوەرگای هەولێر، بۆچی کەس لە پرسەکەی دانەنیشتووە.

پێم وت: چۆنە بە تەنها دانیشتووی، ئەی براکانی ڕەحمەتی و مناڵەکانتان لە کوێن بۆ دیارنین؟

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و وتی: گلەیی لە کچە گەورەکەم ناکەم کە نەهاتە سەر گۆڕی باوکی و بەشداری پرسەکەشی نەکرد. باوکی غەدرێکی زۆر گەورەی لێ کرد، بە زۆری و بە بێ ڕەزامەندی خۆی دایە پیاوێك کە زۆر لە خۆی گەورەتر بوو، هەر بەوەندەش لێی نەگەڕان کە هاوینان لە ئەڵمانیا بە سەردان دەهاتەوە، چاوی دەچووە پشتی سەری و ئەو نانەی کە دەیخوارد لێی دەکرد قوزەڵقورت و مێشکی کون دەکرد ئەوەندەی پێی بڵێ (خۆ دەرنەکراویت بۆچی هاتیتەوە)، کچەکەشم ناچار دەبوو بارگەی تێکبنێت و زووتر بگەڕێتەوە.

ئەوەی وت و چیرۆکی ڕاکێشانی هێڵی تەلەفۆنەکەی بۆ گێڕامەوە و وتی: لەبیرتە تەلەفۆنێکمان بە هەژدە هەزار دیناری سویسری کڕی، ئەوکاتە کەس لە گەڕەکەکەمان تەلەفۆنی نەبوو. ئەو تەلەفۆنەی بە پارەی کچەکەم کڕی. ئەو کچە بەستەزمانەم قونی خۆی دڕاندبوو بە ئیشکردن، کلینێسی پیسی  لە فارغۆنی شەمەندەفەرەکان هەڵدەگرتەوە، بەو ماندووبوونە هەندێك پارەی کۆ کردبۆوە کەچی ئەو قرچۆکە ناچاری کرد کە تەلەفۆنێکی بۆ ئێمە پێ کڕی تا قسەمان لەگەڵ بکات.

منیش وتم: ئەوە زانیمان ئەو لە باوکی عادز بووە، ئەی براکانی ڕەحمەتی بۆ دیارنین.

وتی: دیارە تۆ نازانی کە ئەوان قسەیان لەگەڵی نەبوو؟

وتم: بەچی بزانم، لە نێوان برایاندا شتی وا چۆن دەبێ.

وتی: ئەو پیاوەی من دین و ئیمانی تەنها پارە بوو، بۆ پارە کەسی بەخۆیەوە نەهێشت، براکانی لە سەر میرات لێی عادز بوون.

وتم: چۆن؟

وتی: هەندێك میراتیان لە دایك و باوکیانەوە بۆ مابۆوە، دەستی بە سەردا گرتبوو، نە ئەوەبوو بۆ خۆی هەڵیبگرێتەوە، وە نە ئەوە بوو دابەشی بکات. تەسەورکە دوای ئەوەی چەندین ساڵ لە پشکی خۆیان بێبەشی کردن، دوایی لە ژێر فشاری خزم و کەسان بۆی کردنە قیست و مانگانە برێك پارەی پێ دەدان، وابزانم تاکو ئێستاش قیستەکان تەواو نەبوونە. جا چۆن دێنە پرسەکەی؟!

منیش وتم: باری دارایی عومەر زۆر باش بوو، بۆچی نەتان نارده دەرەوەی وڵات بۆ چارەسەرکردن؟

وتی: زۆرمان هەوڵدا، بە گوێی نەکردین، هێندە پارەی خۆشدەویست، دەستی لێ نەدەبۆوە، تەنانەت دکتۆرەکانی ئاگاداریان کردینەوە کە ڤایرۆسەکە کاری لە سیەکانی کردووە و خوێنی بەرەو مەیین دەچێت، پێویستە بە زووترین کات ڕەوانەی تورکیا بکرێت. بەڵام ئەو فشەی پێ دەهات وتی: ئەو دکتۆرانە لەگەڵ نەخۆشخانەکانی تورکیا شەریکن و دەیانەوێ بازاڕیان بۆ بدۆزنەوە، بۆیە دایە لاملی و نەچوو.

منیش وتم: کاتێك زانی کار لە کار ترازاوەو دەمرێت هیچی نەوت؟

وتی: داوای کرد بیبینم تا شتێکم پێ بڵێ، زۆرم کەیف هات لە دڵی خۆمدا وتم (دیارە بە خۆیدا چۆتەوە و دەیەوێ برێك لەو پارەو پوولەی کە هەیەتی بیبەشێتەوە و لە پرۆژەی خێرخوازیدا خەرجی بکات). بەڵام بیرکردنەوەکەم هەڵە بوو پێی وتم: دەست بە پارەکانەوە بگرە، فلسێك لە سەر ڕۆحی خۆشەویسترین کەست دامەنێ، نرخی تۆ بەو پارانەوەیە. ئەمەی وت و چاوەکانی بۆ هەتا هەتایە لە سەر یەك ناو گیانی دەرچوو.

# ژیاننامەی پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا



**ساڵ و شوێنی لە دایك بوون:** ١٩٥٦/٧/١ هەولێر

**شوێنی وەزیفە:** زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر/ کۆلێژی یاسا

بڕوانامەی بەکالۆریۆس و ماستەر و دکتۆرای لە یاسا هەیە

**ناونیشانی تێزی دکتۆرا:** (چوارچێوەی یاسایی ئازادی ڕۆژنامەگەری لە کوردستانی عێراقدا)،

**وڵات و زانکۆ کە بڕوانامەی پێ بەخشیوە:** زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر/ کوردستان/ عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣/٧/٧.

**ناونیشانی ماستەرنامەکەی:** (حقوق الملكية الادبية والفنية في القانون العراقي والمقارن/ عێراق لە ١٩٩٦/٥/٢١ ).

**وڵات و زانکۆ کە بڕوانامەی پێ بەخشیوە:** زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر/ کوردستان/ عێراق لە ١٩٩٦/٥/٢١

**پسپۆری گشتی**: یاسای گشتی

پسپۆری ورد: یاسای نێودەوڵەتیو دەستووری

**مێژووی دامەزراندن**: بۆ یەکەمجار لە ١٩٧٦/٦/١٣ دامەزراوەو لە ١٩٩٠ خانەنشین بووە و لە ١٩٩٦/٤/٢٤ لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سەلاحەددین بە ناونیشانی مامۆستای یاریدەدەر دامەزراوەوە.

**ئەو پۆستانەی وەریگرتوون**:

- سەرۆکی بەشی یاسا (بەیانیانو ئێواران) لە ٢٠٠٥/٥/٤ تاکو ٢٠٠٧/٥/٢٥.
- ڕاگری کۆلێژی یاسا لە ٢٠٠٦٩/٢/١٢ تاکو ٢٠٠٦/٧/٢٨.
- ڕاگری کۆلێژی یاساو ڕامیاری لە ٢٠٠٦/٧/٢٨ تاکو ٢٠٠٨/٥/١٥.
- ڕاگری کۆلێژی پەروەردە بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان لە ٢٠٠٨/٢/١٥ تا ٢٠١٠/٨/١٠.

**ئەو کۆنگرەو خولە زانستییانەی کە بەشداری تیا کردووە**:

- یەکەمین کۆنگرەی خوێندنی بالاّ ی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٠ بۆ گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن.
- دووەمین کۆنگرەی خوێندنی بالاّ ی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان ساڵی ٢٠٠٦ بۆ گۆڕینی پرۆگرام و سیستەمی خوێندن.
- کۆنگرەی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، هوتێل خانزاد تەموزی ساڵی ٢٠٠٧.
- کۆنگرەی ئاو (هەولێر ١٤–١٥ مایس ٢٠٠١) سەنتەری برایەتی بە هەماهەنگی ڕێکخراوی فاوی جیهانی.
- یەکەمین کۆنگرەی ڕاگری کۆلێژەکانی یاسا لە زانکۆکانی عێراقی لە بارەی خوێندنی وانەی یاسای مرۆیی نێودەوڵەتی (اردن_عمان) ساڵی ٢٠٠٧.

- کۆنگرەی میدیای ئازاد لە پێناوی عێراقی نوێ، لە هوتێل تاواری هەولێر لە ٤/٢٩ تاکو ٢٠٠٥/٥/٢٧.
- کۆنگرەی چوارەمی یەکێتیی مافپەروەرانی کوردستان_ هەولێر لە ٢٧ تا ٢٠٠٤/١١/٢٨.
- کۆنگرەی مافپەروەرانی عێراقی (سەنتەری ڕۆشنبیری زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ٢٠٠٤).
- کۆنگرەی دەستوور و ڕاپرسی (هەولێر ٢٠٠٥/٩/٢٧).
- کۆنگرەی زانستی لە پێناوی گەشەپێدان و چەسپاندنی زمانی کوردی هەولێر ٢٠٠٥/٧/١٥.
- کۆنگرەی یەکەم بۆ دانانی پلانی ستراتیژی بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ لە هەرێمی کوردستان ( هەولێر ٦/٣٠ تا ٢٠٠٧/٧/١).
- کۆنگرەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ هەڵسەنگاندنی خوێندنی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان (هولێر، هوتێل هەولێر پلازا لە ١٨/١٧ تشرینی یەکەم ٢٠١٢).
- دیداری نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان لە ٢٠٢٢/٤/٢٢ هوتێلی شیراتۆن هەولێر).
- Human Rights Protection Training Agenda (May-2001) Erbil
- Firsr Higher Education Conference In Kurdistan Region – Ireq Erbil 21-23 APRIL 2001
- Conflict Resolution Curriculum Development Workshop University of Duhok 10-14 august 2003

**ئەو ڕێکخراو و کۆمەڵەو دەزگایانەی تیایدا ئەندامە:**

**یەکەم: ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان**

١- ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ئەورووپای عەرەبی بۆ مەشق و ناوبژیوانی نێودەوڵەتی لە کۆماری میسری عەرەبی لە شاری قاهیرە.

٢- ڕێکخراوی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەنوسانی نێودەوڵەتی (IFJ).

**دووەم: ڕێکخراوە ناوخۆییەکان:**

١- ڕێکخراوی عێراقی مافی مرۆڤ لە شاری بەغداد.

٢- یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان، سەرنووسەری گۆڤاری تەرازووی ئەکادیمی.

٣- کۆمەڵەی عێراقی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە شاری بەغداد.

٤- کۆمەڵە مافخوازانی مافی مرۆڤ لە شاری هەولێر.

٥- سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٦- یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

٣- ڕاوێژکاری میدیا لە گۆڤاری (السیاحە العربیە) لە کۆماری میسری عەرەبی لە شاری قاهیرە.

**ئەو کتابانەی کە دایناون لە بواری ئەدەب و ڕۆشنبیریدا:**

**- شەش کورتەچیرۆکی کوردی – هاوبەش، هەولێر چاپخانەی شارەوانی، ساڵی ١٩٧٦.**

**- ون بوون – کۆمەڵە صیرۆك، هەولێر چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٨٤.**

**- دەرگا – کۆمەڵە چیرۆك، بەغداد چاپخانەی الزمان، ساڵی ١٩٩٠.**

**- سەعید زەبۆکی لای خۆمان – ڕۆمان، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ١٩٩٧.**

- ترحێو – کۆمەڵە چیرۆك، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ٢٠٠٠.

- فەنتازیا– کۆمەڵە چیرۆك ، هەولێر بزاڤی ڕۆشنبیرانی نوێخواز، ساڵی ٢٠١٠ .

- چەند وێسگەیەك ژیان و بیرەوەری، هەولێر چاپخانەی منارە ساڵی ٢٠١٤.

- بنەماکانی توێژینەوەی زانستی، هەولێر چاپخانەی منارە ساڵی ٢٠٠٩.

- فەلسەفەو یاسا لە چەند وتارێکدا، بڵاوکراوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (O.P.L.C) ساڵی ٢٠٠٥.

- مەملەکەتی ڕۆبۆتەکان_ ڕۆمان، منشورات دار النشر الظمأ في جمهورية السورية مدينة ديمشق ساڵی ٢٠٢٠.

- بیرەوەریی جەنگاوەرێك_ ڕۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٨.

- خانمباز – رۆمان، چاپخانەی منارە لە شاری هەولێر ساڵی ٢٠١٩.

- حەج و عومرە – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٩.

- رۆژگارە تاریك و دژوارەکان – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠١٩.

- زەبۆکەکەی لای خۆمان– رۆمان – چاپی دووەم، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠٢٠.

- شەوانی باکۆ – رۆمان، چاپخانەی تاران ساڵی ٢٠٢٠.

- قرچۆك، ڕۆمان، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٣.

- هونەری منداڵان، چاپخانەی کریستال هەولێر ساڵی ١٩٩٨.

- دەسەڵاتی چوارەم، چاپخانەی وەزراەتی ڕۆشنبیری، هەولێر ساڵی ١٩٩٨.

**ئەو کتێبانەی کە لە بواری یاسادا دایناون:**

- چەمکی یاسا، هەولێر چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٨.

- هاوسەرگیری و جیابوونەوە، هەولێر چاپخانەی منارە ساڵی ٢٠١٥.

- لێکدانەوەی یاسای بەکرێدانی ژمارە ٨٧ ساڵی ١٩٧٩ ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین هەولێر ساڵی ١٩٩١.

- یاسای دەستوری، چاپخانەی تاران، ٢٠٢٢.
- حقوق الانسان بە زمانی عەرەبی، هەولێر چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ساڵی ٢٠٠٤.
- الملكيه الفكريه بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الدجلة، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان ساڵی ٢٠٠٩.
- حقوق الانسان بين المواثيق الدولية والمذاهب الفكرية بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربية في القاهرة ساڵی ٢٠١٠.
- حقوق المؤلف وسلطة الصحافة بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربية في القاهرة ساڵی ٢٠١٢.
- حقوق الانسان في المذاهب الفكرية بە زمانی عەرەبی، بلاوكراوی دەزگای چاپ و بلاوكردنەوەی (O.P.L.C) ساڵی ٢٠٠٦.
- حقوق الانسان ومعاييرها الدولية بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الدجلة، المملكة الاردنية الهاشمية، عمان ساڵی ٢٠١٠.
- التنظيم الدستوري والدولي لحقوق الانسان بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربية في القاهرة ساڵی ٢٠١٧.
- الاطار القانوني لحرية الصحافة بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الكتب القانونية في جمهورية مصر العربية في القاهرة ساڵی ٢٠١٧.
- دراسات في القانون العام بە زمانی عەرەبی، منشورات دار الزين الحقوقية والادبية (ش.م.م ) في لبنان مدينة بيروت ساڵی ٢٠١٧.
- فكرة الحق، هەولێر چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین ساڵی ١٩٩٨.